هاوسەرگیریو جیابوونەوە

لە یاسای عێراقیو شەریعەتی ئیسلامیدا

پرۆفیسۆر
دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا

هەرێمی کوردستان – هەولێر
٢٠١٥ زایینی

هاوسەرگیریو جیابوونەوە

لە یاسای عێراقیو شەریعەتی ئیسلامیدا

پرۆفیسۆر
دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا

هەرێمی کوردستان – هەولێر
٢٠١٥ زاینی

ناوی کتێب: هاوسەرگیریو جیابوونەوە

دانەر: کەمال سەعدی مستەفا

بەرگ: عوسمان پیرداود

پیتچنین: دانەر

چاپخانە: منارە (هەولێر) تەلەفۆن (٠٧٥٠٣٨٥١٦١١)

چاپی یەکەم هەولێر ٢٠١٥

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٥٨) ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە.

پێشکەشە بە :

هـــەردوو زاناودانـــای گـــەورەی گەلەکـــەمان

خوالێخۆشبووان :

- **پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی بەرزنجی**
- **پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد گەزنەیی**

کە بە زانستەکەیان خزمەتێکی زۆری ئێمەو قوتابیانی کۆلێژی یاساو کۆمەڵگەی کوردەواریو کتێبخانەی یاساییان لە کوردستان کردو ئەوان زیندوونو هەموو چرکەساتێك لە دڵو دەروونماندان.

پێشەکی:

لە ساڵی ١٩٩٠ کاتێك خوێندنی یاسام تەواو کردو بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە یاسا وەرگرت، لەسەر داوای خۆم لە وەزیفە خانەنشین بوومو پەیوەندیمکرد بە سەندیکای پارێزەرانی عیراقو ناسنامەی پارێزەریم وەرگرتو لە ژووری پارێزەرانی شاری هەولێر ناوی خۆم تۆمارکردو دەستمکرد بە کاری پارێزەری. جا ئەوەبوو بۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ ئەم کارەم کردوو لەو ماوەیەدا هەستم بە کەموکورتییێکی زۆر کرد لە یاسای باری کەسیی عیراقیدا کە بە هۆیەوە زۆر خانەوادە ڕووبەڕووی لێکترازان بوونەوە بە هۆی لێکجیابوونەوەی هاوسەرەکان کە لەو زیانانەشدا پشکی شێر بەر منداڵەکانی ئەو خانەوادانە دەکەوت، لە کاتێکدا ئەگەر یاساکە بەو شێوەیەی ئێستای نەبوایە ڕەنگ بێ بەشێك لەو پەیوەندییە هاوسەرگیرییانە دوای پچڕانیان بە ئاسانی وەکو خۆی لێ بهاتایەتەوە، بۆیە کاتێك خوێندنی باڵام تەواوکرد، بیرۆکەی دانانی کتابێکم لەو بوارەدا بە خەیاڵدا هات، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٩٨ پەیوەندیم کرد بە خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد گەزنەیی کە پسپۆر بوو لە بواری شەریعەتو یاسای بەراوردداو داوام لێی کرد کە بەیەکەوە ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدەینو بیکەینە کتابێکی مەنهەجی بۆ ئەوەی لە کۆلێژی یاسا بخوێندرێت. خوالێخۆشبوو بیرۆکەکەی زۆر پێ باش بوو، بۆیە دەمودەست پەسندی کردوو بەیەکەوە یاداشتنامەیەکمان ئاراستەی ڕاگری کۆلێژ، خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی بەرزنجەیی کرد.

شـایەنی ئاماژەبۆکردنـە، بیرۆکەکـەی پـێ بـاش بـوو بـەڵام پێشـنیاری کـرد لەگەڵ ئەو ئەنجامی بدەم، بۆیە داوای لێکردم واز لـە دکتـۆر محەمـەد گەزنـەیی بێـنمو یاداشتنامەیەکی تر پێشکەش بکەم. جا ئەوەبوو، ووتم باشە بـەڵام دەبـێ پرسـێك بـە دکتۆر گەزنەیی بکەم، ئەوەبوو چوومە لای نـاوبراوو پێشـنیارەکەی ڕاگـرم پێـی ووت، هەرچەندە دکتۆر محەمەد گەزنەیی پێی نـاخۆش بـوو، بـەڵام لاری نـەبوو، ووتـی تـۆ خاوەنی بیرۆکەکەی بۆیە هیچ لێت عادزنابم.

بەهــەرحاڵ، هــەرخۆم پلانــێکم بــۆ دانــانی کتابەکــە دانــاو لەگــەڵ نووســراوێك هاوپێچم کردو بۆ ڕاگر بەرزم کردەوە ئەویش ڕەوانەی لیژنەی زانستی کۆلێژی کـرد بـۆ ڕەزامەندییان، جا ئەوەبوو دوای چەند ڕۆژێکی کەم، لیژنـە، کـە خوالێخۆشـبوو دکتـۆر محەمەد گەزنەیی سەرۆکایەتی دەکرد ڕەزامەندی لەسەر پلانی تۆژینەوەکە نوانـدو بـۆ ئەنجوومەنی کۆلێژو دواتر بۆ سەرۆکایەتی زانکـۆ بەرزکرایـەوە. بـەم شـێوەیە لـەوێش لیژنــەی دانــانی کتێــب ڕەزامەنــدی نوانــدو فــەرمانی زانکۆییمــان بــۆ دەرچــوو، بــەڵام بەداخەوە لەبەر سەرقاڵی خوالێخۆشبوو دکتۆر سـەعدی بەرزنجـەیی بـە ئـیشو کـاری ڕاگریو دواتر بوونی بە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدد ین، ناوبراو نـەیتوانی کـارم لەگـەڵ بکات بۆیە منیش لە پرۆژەکە سارد بوومەوە تـا ئـەم سـاڵانەی دوایـی جـارێکی تـر بـە ناونیشانێکی ترەوە درێـژەم بـە نووسـینەکەم دایـەوەو بـەم شـێوەیەی ئێسـتا کـە لـە بەردەستتان دایە ئەنجامم دا، هیوادارم خزمەتێکی بچووکم پێشکەش بـە یاساناسـانو مافپەروەرانو قوتابیانی زانکۆو کتێبخانەی کوردی کردبێت. هەر بەم بۆنەیەشـەوە لـە

خوای گەورە داواکارم گیـانی پـاکی ئـەو دوو کەڵـە زانایـە بـە بەهەشـتی پـان و بـەرین بسپێرێت کە بە زانستەکەیان مێشکی ئێمەو سەدان قوتابی زانکۆیان ڕوناك کردەوە.

دانەر

پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا

(بەشی یەکەم)

خوازبێنی و هاوسەرێتی

خوازبێنی و هاوسـەرێتی :

لەبەر گرنگێتی و پیرۆزی گرێبەندی هاوسەرێتی یاسادانەر هەندێك حـوکمی تایبــەتی بـۆ دانــاوە بەمەبەســتی زامنکردنــی بەختــەوەری و ســەقامگیری بــۆ هاوسەرەکان، یەکێك لەو حوکمانە تایبەتە بە خوازبێنی .

خـوازبێنی داوای پیاوێکـە بـۆ هێنـانی ئـافرەتێکی دیـاری کـراو، لـەڕێگای چوونەوە پێشەوە لەخۆی یان لەکەس وکاری داوا دەکات بیهێنێت.

خــوازبێنی بــەزۆری لکــاوە بــە خوێندنــەوەی ســوورەتی فاتیحــە لــەنێوان خوازبێن (الخاطب) و وەلیی دەزگیرانەکە (المخطوبة).

مەبەسـتیش لەمــە دەربــڕینی ڕەزامەنـدی یــە بـۆ خۆلەیــەك بەسـتنەوە و چەسپاندنی بەڵێنی هاوسەرێتی یە لەنێوانیاندا [1] .

هەروەها لەشەریعەتی ئیسلامیشدا خوازبێنی بە گرێبەند داناندرێ بەڵکو بەڵێندانی هاوسەرێتی یە هەرچەندە بەڕەزامەندی هەردوو لا پێك دێت[2] .

کەواتە خوازبێنی دوای ئەنجامدانی نە بەگرێبەنـدوە نـە بـە هاوسـەرێتی ی داناندرێ بـەڵکو بـەڵێنی هاوسـەرێتی یـە، چـونکە هاوسـەرێتی ی هەنـدێك ڕایـەڵ ومەریجی هەیە بریتی یە لەپێشەکیەك بۆ هاوسەرێتی ی هەروەکو لـە بڕگـەی سـێ ی مادەی سێی یاسای بـاری کەسـیی عێراقیـدا هـاتووە : ((بـەڵێنی هاوسـەرێتیی وفاتیحە خوێندن و خوازبێنی بەگرێبەندی هاوسەرێتی داناندرێن)) .

---

[1] - د . احمد علی و الآخرون : شرح قانون الاحوال الشخصية ، وزارة التعليم العالی و البحث العلمی ، ط/١، سنة ١٩٨٠ ، ل ٢٤.

[2] - د . عبد الرحمن الصابونی : شرح قانون الاحوال الشخصية الوری ، مديرية الكتب الجامعية ، بلا سنة الطبع ، ل ٣٤.

لە دوو خاڵدا باسیان لێوەدەکەین، خاڵی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی خوازبێنی‌و ئاکامەکانی‌و خاڵی دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی هاوسەرێتی‌و ئاکامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: خوازبێنی و ئاکامەکانی

خوازبێنی و بەڵێندانی هاوسەرێتی و فاتیحە خوێندن سێ دەستە واژەن یەك واتا دەبەخشن بەمانای ئەوە دێ کەهێشتا گرێبەندی هاوسەرێتی نەبەستراوە، بەڵکو تاکو ئێستا کارەکە لەقۆناغی پرس پێککردن وڕاوێژکردن دایەو بەڵێنێکی ناسەپاوەیە لەڕووی دادگەری یەوە .

بەلآم سەرەڕای ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانەکایەوەی هەندێك ڕووداو کە ئەمانیش بەدەوری خۆیان هەندێك ئاکامیان دەبێت کە بریتین لە هەندێك ماف و ئەرك. هەر ئەمەش وای کردووە کە یاسازانان بایەخێکی زۆری پێبدەن.

ئێمەش لێرەدا بەپێویستی دەزانین بیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە چەند خاڵێکدا، لە خاڵی یەکەم باس لە سروشتی خوازبێنی دەکەین‌و لە خاڵی دووەمیشدا باس لە ڕەوایی خوازبێنی دەکەین‌و خاڵی سێیەمیش تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی مەرجە بابەتیەکانی خوازبێنی‌و لە خاڵی چوارەمیشدا ئاکامەکانی خوازبێنی دەخەینە ڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- سروشتی خوازبێنی

هیچ گومانی تیانیە کە خوازبێنی بە گرێبەند داناندرێ هەروەها بە هاوسەرێتیش داناندرێ هەروەها لایەنەکانیشی بۆبەستنی گرێبەندی هاوسەرێتی هیچ زۆرییان لێ ناکرێ ، بەڵکو بەڵێنێکە بۆ هاوسەرێتی چونکە هاوسەرێتی هەندێك

ڕایەڵ و مەرجی پێویستە کە بەبێ ئەوان نایەتەدی بۆیە لەبەر هەبوونی ئەو ڕایەڵ ومەرجانە ئەوەی هەیە بەگرێبەندی هاوسەرێتیی دانانـدرێ بەڵکو پێشەکیەکە بۆ هاوسەرێتیی [1].

شایەنی وتنە، هەروەکو لەپێشەوە گوتمان بەڵێنی هاوسەرێتی و فاتیحە خوێندن ئەو ڕایەلأنەی تیا نیە کە دەیێ لەگرێ بەندەکەدا هەبێ **کەئەمانەن** : ڕەزامەندی (الرضا) و بابەت (المحل) و هۆکار (السبب)، هەروەها سەرەڕای مەرجە بابەتیەکانی بەستنی گرێبەست، پێویستە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا ڕایەڵی شکلی جێ بەجێ بکرێت، مەبەستمان ئەو شێوەیەیە کەیاسا دەستیشانی کردووە[2].

ئەگەر بێت و سەیری یاسای باری کەسیی عێراقی بکەین دەبینین بەڕاشکاوەیی لەبڕگەی /٣ی مادەی /٣ خوازبێنیو فاتیحە خوێندنی بە گرێبەند دانەناوە و دەڵێ : ((بەڵێنی هاوسەرێتی و فاتیحە خوێندن و خواز بێنی بە گرێبەندی هاوسەرێتی داناندرێ)).

٢- ڕەوایی خوازبێنی

یاسای باری کەسیی عێڕاقی سەبارەت بەخوازبێنی و فاتیحە خوێندن لەوە زیاتر کە لەبڕگەی سێی ماددەی سێدا ئاماژەی پێکردووە هیچی تری لەم بارەیەوە باس نەکردووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یاسا دانەر ئەو حوکمەی بۆ بنچینە گشتییەکان (القواعد العامة) لەیاسای شارستانی هەروەها شەریعەتی ئیسلامی بەجێهێشتووە. بەڵام لەشەریعەتی ئیسلامدا ڕەواییتی خوازبێنی و بەڵگەی حوکمەکەی بەقوڕئانو سوننەوە بەستۆتەوە.

---

[1] - د . عبد الرض الصابونی : شرح قانون الاحوال الشخصية السوری ، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

[2] - فريد فتيان : شرح قانون الاحوال الشخصية ، ط / ٢، دارواسط ، ، لندن ١٩٨٦ ، ل ٣٩ .

خوا ئەفەرموێ : ((وَلا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُمْ بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ..))[1] واتە گونا حێکتان لەسەر نیە کە ژنان تێ بگەیەنن و خوازبێنیان بکەن .. هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی : ((لايخطب احدكم على خطبة اخيه))[2] واتە کەسێك داخوازی دەزگیرانی برادەرەکەی نەکات.

٣- مەرجە بابەتیەکانی خوازبێنی

أ- لایەنەکانی خواز بێنی

لایەنەکانی خوازبێنی بریتین لە هەردوو دەستگیران ، خوازیار یان بخوازو خوازراو دەشێت لەجیاتی ئەوان ئەوکەسانەی کە سەرپەرشتیان دەکەن (ولی امر) ڕەزامەندی بنوێنێت .

هەروەکو لەوەو پێش وتمان یاسادانەری عیراقی لە یاسای باری کەسی دا ئەمەی ڕێك نەخستووە بۆیە دەبێ لەم بارە یەوە بگەڕێینەوە بۆبنچینەکانی شەریعەتی ئیسلامی، هەروەکو لە بڕگەی دووی مادده یەکدا داهاتووە:((ئەگەر دەقێکی دانراو بۆ پیادەکردن نەبوو، پێویستە پشت بە گونجاوترین بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام کەزیاتر لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایەدا دەگونجێت ببەسترێت)).

بۆیە بەپێی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەگەر هاتوو مرۆڤێك ئارەزووی هێنانی ئافرەتێکی هەبوو کە لەوەو پێش نەیبینیبێ بۆی هەیە بەرلەهێنانی بیبینێت .

---

[1] - سورەتی بەقەرە (٢٣٥).

[2] - صحيح مسلم ج/١ ص٥٩١.

لـەم بارەیـەوە دەگێڕنـەوە المغـیر بـن شـعبە خـوازبێنی ئـافرەتێکی کـرد پێغەمبەر (د.خ) پێی ووت : ((انظر الیها فأنـە احـری ان یـؤدم بینکمـا))[1] واتـە: ((بۆئەوەی سۆزوخۆشەویستی لە نێوانیاندا بەردەوام بێت)).

هـەروەها چـۆن خوازیـار و خـوازراو بۆیـان هەیـە سـەیری یـەکتر بکـەن . زۆربەی یاسازانە موسڵمانەکان بۆئەوە چوونە کەدەبێ سەیری دەموچاوو پەلـەکان بکرێ ، هەندێکیش لە حەنەفیەکان بۆئەوە چوونە کەدەکرێ سەیری لاقەکان بکرێ . بەڵام حەنەفیەکان زیاتر لەوە ڕێگایان داوە سەیری باسکەکان و قاچـەکان بکـەن چونکە ئـەم شـوێنانەی ئـافرەت لـەکاتی کارکردنیـدا بـەدیار دەکـەوێ بەڵگەشـیان بۆئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەر (د.خ) ڕێگای داوە ئەو ئافرەتـە ببینـێ کـە دەیـەوێ بیهێنێ بێئەوەی ئاگای لێبێت، بەشێوەیەکی ئاسـایی کاتێـك ئـافرەت کاردەکـات، ئەگەر دڵنیابێت کەسێك نایبینێ، ئەو شوێنانەی خۆی بەدیار دەخات[2] .

ب- تەمەنی خوازبێنی (سن الخطوبة)

یاسازانانی موسڵمان تەمەنێکی دیاریکراویان دانەناوە بۆ هاوسەرێتی بۆیە ئاساییە کە تەمەنێکی دیاریکراویشیان بۆ خوازبێنی دانەنابێت . بەڵام یاسای بـاری کەسیی عیراقی لەبڕگەی یەك ماددەی حـەوت دا لێهـاتنی هاوسـەرێتیی بـە هـەژدە ساڵ داناوە[3] .

---

[1] - نبیل الاوطار: ١٧/٦ نقلا عن نظام الدین عبدالمجید، احكام الاسرة في فقه الاسلامي، احكام النكاح، ط/١، مطبعة جامعة يغداد، ١٩٨٦، ل١٥، هامش/٢.

[2] - نظام الدین عبدالمجید: هەمان سەرچاوە، ل١٦.

[3] - مادده/٧ی یاسای باری کەسیی عێراقی دەڵێ : ((١- مەرجی تەواوی لێهاتوویی هاوسەرێتی ، هۆش و تەمەنی هەژدە ساڵی یە)) .

هەروەها بەپێی مادده هەشت دادوەر بۆی هەیە ڕێگا بەو کەسە بدات کە تەمەنی پانزە ساڵی تەواو کردوە دوای سەلماندنی لێهاتنەکەی و توانای جەستەیی و دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیارە شەرعیەکەی گرێبەستی هاوسەرێتی ببەستێ[1] ، بەم پێیەو لەبەر ئەوەی خوازبێنی پێش هاوسەرێتییە ، کەوابوو خوازبێنی دەبێت پێش (١٥) ساڵی بێت .

ج- شێوازی داخوازی

هەروەکو لەوەو پێش ئاماژەمان پێ کرد داخوازی بەمانای داواکردنی پیاوێك بۆ هێنانی ئافرەتێك دێت کە بەپێی شەرع بۆی حەڵاڵ بێت .

ئەگەر هاتوو ئارەزووی پیاوەکە لە ڕێگای ڕەزامەندی ئافرەتەکە یان کەسی ئەو ئافرەتە هاتە دی و ڕەزامەندی خۆیان لەسەر ئەم داخوازیە نواند ئەوا دەبێتە بەڵێنێك لەنێوان هەردوو دەسگیرانەکە بۆ هاوسەرێتیی لە ئایندەدا .

ئەم داخوازیەش لەوانەیە لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی ڕاشکاوەوە بێت بۆ نموونە پیاوێك بەئافرەتێك دەڵێ داوای دەستت دەکەم تاکو ببیتە هاوسەرم .

هەروەها دەشکرێ داخوازی بە ناڕاشکاوەیی بێت کاتێك پیاوەکە قسەیەك دەکات زیاتر لە مانایەك ببەخشێت . بۆ نموونە بە ئافرەتەکە دەڵێ نیازم وایە

[1] - لەمادده /٨ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە : ((ئەگەر کەسێك تەمەنی پانزە ساڵی تەواو کردو داوای بەستنی گرێبەندی هاوسەرێتی کرد ، دادگا بۆی هەیە ڕێگەی پێبدات ، ئەگەر بۆی سەلمێندرا کە لێهاتوویی هاوسەریو توانای جەستەیی هەیەو دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیارە شەرعیەکەی . ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕازی نەبوو ، دادوەر لەماوەیەکی دیاری کراو داوای ڕەزامەندی لێ دەکات ، ئەگەر لاری نەبوو یان لارییەکەی شایەنی ڕەچاو کردن نەبوو دادوەر ڕێ بە هاوسەرێتی یەکەی دەدات)).

داخوازی ئافرەتێك بكەم جوان و نەشمیل و ژیـرو دەرچـووی زانكۆیـە ، ئافرەتەكـە ش ئەم هەموو سیفەتانەی تیایە .

لەكۆتاییدا دەتوانین بڵێین مەرج نیە داخوازی بە شێوازێكی دیاریكراو بێـت ، بـەڵكو دەكریٚ بە هەر شێوازێك بێت كە ئەو واتایە ببەخشـێت هـەروەكو لـە سـەرەوە ڕونمـان كردۆتەوە.

د- بابەت یان ناوەڕۆكی خوازبێنی (محل الخطوبة)

دروسـتكردنی پەیوەنـدی دەسـگیرانی بابـەتی خوازبێنییـە و دەبـیٚ ئـەم مەرجانـەی خـوارەوە لـەو كەسـانە بێـت تـاكو بـە بخـوازو خـوازراو بشـێت چـونكە خوازبێنی پێشەكییە بۆ هاوسەرێتی بۆیە ئـەو كەسـەی بـۆ هاوسـەرێتی نەشـیٚ بـۆ خوازبێنیش ناشێت .

كەواتـە هـەموو ئافرەتێـك بـۆ خـوازبێنی ناشـێت بۆیـە لـەم ڕووەوە دەتـوانین ئافرەتان بكەینە سیٚ بەش :

١- ئەو ئافرەتانەی دەكریٚ خوازبێنی بكرێن لەبەر نەبوونی هۆیەك لـە هۆیـەكانی پێـك نەشیانی هەمیشەیی یان كاتی وە ئەوانەش زۆرینەی ئافرەتانی كۆمەڵ پێك دێنن .

٢- ئەو ئافرەتانەی كە ناكریٚ خوازبێنی بكـرێن لەبـەر پێكنەشـیانی هەمیشـەیی بەهۆی خزمایەتی وەك خوشك و پلك (خوشكی باوك و خوشكی دایك)، یان بـەهۆی زاوایەتی وەك دایكی ژنەو خوشك و كچی خوشك شیر پێدراو (ألرضاعيات)[1] .

[1] - لەدەقی مادده /١٣ی یاسای باری كەسیی عێراقیدا هاتووە:(هۆیـەكانی پێكنـە شیان دوو جۆرن، پێكنـە شیانی هەمیشەیی و كاتی .پێكنە شیانی هەمیشەیی بریتییە لە خزمایەتیو زاوایەتیو شیر پێدان..).

٣- ئەو ئافرەتانەی ناکرێ خوازبێنی بکرێن لەبەر کۆسپ[1] ، ئەگەر کۆسپەکە نەما دەکرێ داخوازی بکرێن، وە ئەوانیش ئەم پۆلانەی خوارەوەن :

١- ئەو ئافرەتەی بە هاوسەرێتییەکی دروست بەسترابێتەوە .

ب- ئەو ئافرەتەی لەعیددەی تەلاَقی بەرگەڕانەوە (رجعي) دایە .

ج- ئەو ئافرەتەی لە عیددەی تەلاَقی جوداکەر (بائن) دایە .

د- ئەو ئافرەتەی لە عیددەی مردن دایە[2] .

هـ- دەسگیرانی یەکێکی تر .

٤- ئاکامەکانی خوازبێنی

ئەنجامی خوازبێنی لە یەکێك لەم دوو ئەگەرەی خوارەوە بە دەر نیە :

١- کۆتایی هاتنی خوازبێنییەکە بە هاوسەرێتی .

٢- پاشگەز بوونەوە لە خوازبێنییەکە و هەڵوەشاندنی .

کۆتایی هاتنی خوازبێنییەکە بە هاوسەرێتی پێویست بە تۆژینەوە ناکات چوونکە لەمەو دوا بە درێژیو چڕوپڕی باس لە ئەحکامەکانی هاوسەرێتی دەکەین بۆیە لێرەدا تەنیا باس لە خاڵی دووەم دەکەین کە ئەویش پاشگەز بوونەوەیە لە خوازبێنی :

---

[1] -لەمادده /١٣ی یاسای ناوبراودا هاتووە : ((... پێکنە شیانی کاتی بریتییە لە حاڵەتی کۆکردنەوەی زیاتر لەچوار ژن و بێئاینی ئاسمانیو سێ بەسێ تەلاقدان و بونی مافی کەسی بێگانە لە هاوسەرێتی ژنەکە یان بەعیددەکەی و ژنهێنانی نەشیاوێك لەگەڵ لەئارا دابوونی هاوسەرێتی بە ئەوەکەی دیکە)).

[2] - لەبڕگەی /٣١ی مادده/٤٨ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە : ((عیددەی ئەوژنەی کە مێردەکەی مردووە ، چوار مانگ و دەڕۆژە بۆژنی یەك گیان ، بەڵام بۆژنی سکپڕ (دووگیان) یەك لە دوور ترینی ئەم دوو ماوەیەیە یا هەتامنداڵ بوونەکە یان ماوە دیاریکراوەکەیە)).

أ- پاشگەزبوونەوە لە خوازبێنی

پیاوێك داوای دەستی ئافرەتێك بکات ئافرەتەکەش ڕازی بێت لەسەر ئەو داوایە پێی دەوترێ بەڵێنی هاوسەرێتی و مانای بەستنی گرێبەند ناگەیەنێ ، واتە هەردوو لایەنەکە بۆیان هەیە هۆیەك هەبێ یان نەبێ ڕای خۆیان سەبارەت بە خوازبێنییەکە بگۆڕن ، لەم بارەیەوە لەبڕگەی (٣) مادده (٣) یاسای باری کەسیی عیراقیدا هاتووە:(بەڵێنی هاوسەرێتیو فاتیحە خوێندن و خوازبێنی، بەگرێبەندی هاوسەرێتی دانانرێن) بەڵام پاشگەزبوونەوەکە لە خوازبێنی وا دەخوازێ کە ئاکامەکانی ئەوپاشگەزبوونەوە دیاربکەین.

لەدوو خاڵدا باس لەو ئاکامانە دەکەین کە بریتین لەحوکمی مارەییو خەڵاتەکان. ئەگەر خواز بێنییەکە جێبەجێ بێت یەکێك لە دەستگیرانەکان چ خوازراو بێ یان خوازیار دیاری پێشکەشی ئەوی تردەکات ، هەروەها خوازیار هەڵدەستێ بە پێشکەش کردنی هەموو یان هەندێ لەمارەییەکە بۆ دەستگیرانەکەی.

بەڵام کاتێك یەکێکیان پەشیمان دەبێتەوە دەبێ حوکمی چی بێت. لەخوارەوە لەدوو خاڵدا باسیان لێ دەکەین :

ب- حوکمی مارەیی

ئەگەر هاتوو خوازیار پێش بەستنی گرێبەندی هاوسەرێتی ئەو مارەییەی کەلەسەری ڕێك کەوتوونە دایە دستگیرانەکەی، دوایی لەهاوسەرێتییەکەیان پاش گەز بووەوە خوازبێنییەکە نەما خوازیار بۆی هەیە وەری بگرێتەوە، ئەگەر مارەییەکە هاوچەشن (مثلي) بوو هاو چەشنەکەی وەر دەگرێتەوە، وەئەگەر هاو

چەشن نەبوو هەمان مارەیی وەردەگرێتەوە ئەگەر مابێ. بەڵام ئەگەر مارەیییەكە نەمابێ واتە لەناو چووبێ لەوحاڵەتەدا بەهاكەی وەر دەگرێتەوە.

دەتوانین بڵێین ئەوحوكمە لەگەڵ دادپەروەریدا دەگونجێ چونكە ئەو مارەییە لەسەر بنچینەی ئەنجامدانی گرێبەندی هاوسەرێتی دراوەتە دەستگیرانەكە، وەلەبەر ئەوەی هاوسەرێتی یەكە ئەنجام نەدرا جا لەبەر هەرهۆیەك بێت بۆیە خوازیار بۆی هەیە وەریبگرێتەوە چونكە ئەو مارەییە لەلایەن خوازیارەوە بەدەستگیرانەكەی نەبەخشراوە بەڵكو لەسەر بنچینەی بەرامبەركێ (معاوضة) پێی دراوە واتە مارەییەكە بەمەبەستێكی دیاریكراو پێی دراوەو ئەو مەبەستەش نەهاتۆتە دی كەهاوسەرێتی یە بۆیە وادەخوازێ بدرێتەوە[1] .

شایەنی باسە ، داد پەروەری وادەخوازێ كە ئێمە جیاوازی بكەین لەنێوان پەشیمان بونەوەی خوازیار یان خوازراو دەستگیران چونكە ئەگەر هاتوو خوازیار پەشیمان بۆوە ستەمە خوازراو ناچار كەین مارەییەكە یان بەهاكەی بۆ خوازیار بگەڕێنێتەوە چونكە بەزۆری دستگیران دوای بەدەستگیرانی بوونی دەست لەمارەییە كەی ئەداتو هەندێك كەلو پەلو جلوبەرگی پێدەكڕێ، بۆیە ئەگەر لەكاتی پەشیمان بوونەوەی ناچاری بكەین بەگەڕاندنەوەی مارەییەكە یان بەهاكەی ئەمە وادەگەیەنێ كەئێمە ناچارمان كردووە ئەو زیانەی لەئاكامی كڕینی ئەو كەلو پەلو جلوبەرگانە لێی دەكەوێ بیخاتە ئەستۆی خۆی.

ئێمەش ئەم ڕایە پەسند دەكەین، چونكە خوازراو بە پاشگەزبوونەوەی خوازیار، لە لایەنی كۆمەڵایەتیەوە دەشكێو لەوانەیە ناوبانگی بزڕێ، كەوابوو بە

---

[1] - د . عبد الرض الصابونی : شرح قانون الاحوال الشخصية ،سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ .

هەڵوەشاندنەوەی خوازبێنیەکە زەرەرمەند دەبێت، بۆیە واباشە ئەو زیانە ببژێردرێ، ئەگەر خوازیار پاساوێکی ڕەوای نەبێت بۆ پاشگەزبوونەوەکەی.

سەبارەت بەمە، دادگای مسری لەسەر ئەمانەی خوارەوە سەقامگیر بووە:

١-خوازبێنی گرێبەندێکی سەپاوە نیە .

٢- بەتەنها پەشیمان بوونەوە لە خواز بێنی نابێتە هۆیەك لە هۆیەکانی قەرە بوو.

٣- ئەگەر لەئاکامی پەشیمان بونەوە لەخوازبێنی زیانێك بە یەکێك لە دستگیرانەکان کەوت دەبێ حوکمی قەرە بوو لەسەر بنچینەی بەرپرسیارێتی کەم تەرخەمی (المسؤولية التقصيرية) دەربکرێ[1] .

هەروەها لەیاسای باری کەسیی عیراقیدا لەبڕگەی دووی مادده نۆزدەدا هاتووە : ((ئەگەر خزاز بێن برێك پارە یان (شت و مەك) پێش بەستنی گرێبەندەکە بەناوی مارەییەوە بەدەستگیرانەکەی دا ، دوایی لایەنێکی گرێبەندەکە پەشیمان بووەوە یان مرد ، دەکرێ ئەم شت و مەکە بگەڕێنێتەوەو ئەگەر شت و مەکە کەش لەناو چوبێت لەجیاتیەکەی وەردەگیرێت))

ج- حوکمی دیارییەکان

ئەگەر هاتوو خوازیار هەندێك دیاری پێشکەش بە دەستگیرانەکەی کرد یا بەپێچەوانەوە؟ دوایی خوازبێنیەکە هەڵوەشایەوە ئەبێ چارە نووسی ئەو دیاریە چی بێت؟

[1] -د . عبد الرزاق النسنهوری : الوسيط، ج/١ ، ل٨٣٠

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەتوانین بگەڕێینەوە بۆ برگەی سێ لەماددەی نۆزدەدا کە دەڵێ:(حوکمەکانی بەخشین (هبة) لەسەر دیاریەکان پەیڕەو دەکرێ)[1] .

دووەم: هاوسەرێتی و ئاکامەکانی

هاوسەرێتی گرێبەندێکە لەنێوان ژنێك و پیاوێك، کەبەپێی شەرع ئافرەتەکە بۆی دەشێو حەلاڵە بیخوازی[2]، بە مەبەستی دامەزراندنی پەیوەندییێك بۆ بەیەکەوە ژیان و بوونی وەچە[3] .

کەواتە بەو ڕێککەوتنە دەوترێ گرێبەندی هاوسەرێتی کەلەنێوان خوازیارو خوازراودا یان بەهۆی جێگرەکانیانەوە وەك بریکارو لێپرسراو (الوكيل و الولي) دەبەسترێ بەمەرجێك ڕەزامەندی لایەنەکانی لەگەڵدابێ. ئەگەر گرێبەندەکە بەم شێوەیەی سەرەوە بەسترا ئەوا هەردوو هاوسەر بۆیان هەیە بەشێوەیەکی ڕەوا چێژ لەیەکتر ببینن.

گرێبەندی هاوسەرێتی دەبێ هەندێك ڕایەڵ و مەرجی تێدابێ تاوەکو گرێبەندەکە ڕەوابێ، بۆیە لەخوارەوە لەچوار خاڵدا باسیان دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە :

---

[1] - ئەو حوکامانەی لەمادده /٦٢٠ تاکو ٦٢٥ی یاسای شارستانی عیراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ ڕوونکراوەتەوە . بەپێی ئەو حوکمانەش بەخشەر (واهب) بۆی هەیە لەچەند حالەتێکدا پاش گەز بێتەوە کە لە دوتۆی ئەو ماددانەدا ئاماژەی پێ کراوە.

[2] - ئەم دەستەواژەیە لە کتێبەکانی یاسازانی ئیسلامیەوە وەرگیراوە، کە خۆی مانا پێچەوانەکەشی تیایە، واتە پیاوەکەش دەبێ بۆ ژنەکە شیاو بێت بەپێی شەرع، چونکە شیاوی یەکێکیان بۆ ئەوەی تریان بە جۆرێکی ئۆتۆماتیکی شیاوی هەردووکیان بۆیەکتر دەگەیەنێ.

[3] -برِگەی یەك لەمادده سێی یاسای باری کەسیی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراو .

ڕایەڵەکانی گرێبەندی هاوسەرێتی

لەشەرعدا بەوشتە دەوترێ ڕایەڵ کەشتەکەی لەسەر دەوەستێ و بەشێکە لێی وەك خوێندنەوەو ڕاوەستان و چەمانەوەو سوجدەبردن و دانیشتن لەنوێژدا[1].

بەم پێیە گرێبەندی هاوسەرێتی تەنها دوو ڕایەڵی هەیە، یەکێکیان ئیجابەو ئەوی تریشیان قبوڵە.

لەم بارەیەوە لەدەقی مادده چواری یاسای باری کەسی‌ی عێراقیدا هاتووە : ((گرێبەندی هاوسەرێتی بەدەرخستنی ئیجاب بە قسە یا بە عورف لە لایەنێکی گرێبەندەکەو قبوڵکردنییێتی لەلایەنەکەی ترەوە یا لەلایەن بریکارەکەیەوە دەبەسترێت)) .

ئیجاب بەحاڵەتە دەوترێ کەلە لایەنی یەکەمەوە دەردەچێ جاچ پیاوەکە بێت یان ژنەکە وەك نیشانەیەك بۆئاراستە بوونی ویستی (ارادتە) بۆ بەستنی گرێبەندەکە .

قبوڵیش بەرەزامەندی لایەنی دووەم دەوترێ کە گوزارشت لە ئاراستە بوونی ویستی بۆ قبوولکردنی ئەوەی لایەنی یەکەم بەدەری خستبوو، دەکات.

چۆن دەبێ ئیجابەکە هەروەها قبوڵەکە لەلایەن ڕێککەوتووە کانەوە دەربچێ وەهاش دەکرێ لەلایەن بریکار یان جێگرە کانیانەوە دەربچێ .

لەگرێبەنددا گریمانەی بوونی دوولایەن دەکرێ کەڕازی بوونە بەبەستنی گرێبەندەکە.

[1] - نظام الدين عبدالحميد : احكام الاسرة فی الفقه الاسلامی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧ .

بۆڕەزامەندیش گریمانەی هەبوونی ویست (الارادة) دەکەین ، بۆیە ئەو کەسەی کەویستی نیە (معدوم الارادة) وەك شێت یان منالّی نەفام و یان بێ هۆش بەهۆی سەرخۆشی یان نەخۆشی شیاوەنین بۆ ئەوەی ڕەزامەندییان دەرببڕن[1] . لەبەر نەبونی لێهاتوویی شایستەیی (اهلية) بەپێی یاسا .

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ڕێککەوتووەکان دەتوانن بەڕاشکاوەیی یان ناڕاشکاوەیی گوزارشت (تعبیر) لەویستیان بکەن. دەکرێ گوزارشتەکە ڕاشکاوەبێت بە قسە یان بەنووسین بێت هەروەها دەشکرێ بە ئاماژە بۆکردن بێت.

بۆ نموونە، ئەگەر هاتوو پیاوێك بەئافرەتێکی شیاوی ووت تۆم کردە هاوسەری خۆم بەمارەیی پێشینەی هێندە دینارەو پاشینەی هێندە مسقالّ زێڕ، ئافرەتەکەش ووتی قبوولّمە . یان ئافرەتێك ووتی خۆم کردە هاوسەرت بە مارەییەك بڕەکەی هێندەیە و پیاوەکەش ووتی قبوولّمە . گرێبەندەکە لەنێوانیان دەبەسترێ و ئاکامەکانیشی لەسەر درووست دەبێ . گوزارشتی ناڕاشکاویش بریتیە لە هەلّوێستێك یان کردەوەیەکی ماددی یان یاسایی کە واتای ئیجاب یا قبولّ ببەخشێ .

دوایی ئەوەی باسی هەردوو جۆری گوزارشتی ڕاشکاوەییو نا ڕاشکاوییمان کرد، پرسیارێك سەر هەلّدەدات ئەویش ئەوەیە حوکمی بێ دەنگی چییە ؟

بۆ وەلاّمی ئەم پرسیارە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ دوو بنچینە[2] :

---

[1] - فرید فتيان : شرح قانون الاحوال الشخصية ، ط/٢، داروسط، لندن، ٩٨٦ ، ل٤٥ .

[2] - لەبڕگەی (١)ی مادده /٨١ی یاسای شارستانی عێراقی ژمارە ٤٠ی سالّی ١٩٥١ هاتووە : ((١- هیچ وتەیەك ناخسترێتە پالّ بێدەنگەوە بەلاّم بێدەنگی لەکاتی پێویستیدا نیشانەیە بەقبوول دادەندرێ)).

بنچینەی یەکەم : ناتوانین بڵێین کەسی بێدەنگ گوزارشتی لە شتێك کردووە.

بنچینەی دووەم : بێدەنگی لەکاتی پێویستیدا گوزارشتی دەرخستەیە (ان السکوت فی معرض الحاجة بیان) .

کەواتە ئەگەر پیاوێك گوزارشتی لە بەدەرخستنی خۆی کرد بۆ بەستنی گرێبەندی هاوسەرێتی لەگەڵ ئافرەتێك، ئەگەر ئافرەتەکە بێدەنگ بوو ئەم بێدەنگییە بەقبووڵ دادەندرێ : هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچاو کردنی شەرم‌و ئابڕوی ئافرەتەکە ئەگەر کچ بێت، هەروەها ئەو نێوەندە کۆمەلایەتییەی تییایدا دەژێت هەروەها لەبەر ئەوەی بێدەنگییەکەی لەکاتی پێویستی دایە بەپێی دابونەریتی کۆمەڵ تائەم قۆناغەش کەئێمەی تیا دەژین ، بەلایەنی کەمەوە لەهەندێ ناوچەی گووندنشینی و عەشایەری ئەم دیاردەیە ماوە، بەڵام ئەوەی ڕەچاو دەکرێت سەرهەڵدانی گۆڕانکارییێکی بەرچاو لە ئاستی هوشیاری‌و هەستیاری ئافرەتانی کوردستان، کە زۆر درەنگە ئەو ڕۆژەی بێدەنگ بوونی ئافرەت بە قبوڵ دانەندرێت. ئەمە دەکرێ گرێبەندی هاوسەریەتی لەنێوان ئامادەنەبواندا ببەسترێ . بۆ نمونە ، پیاوێك لەشارێك یا لەشارۆچکە یەکەوە نامەیەك بۆ ئافرەتێکی تر لە شارێك یا لە شارۆچکەیەکی ترەوە بنێرێ و لە نامەکەیدا بڵێ تۆم کردووە بە هاوسەری خۆم بە بڕی مارەیی پێشەکی هێندە دینارەو پاشەکی هێندە مسقال زێڕ ، ئەگەر ئافرەتەکە لەبەردەم دوو شایەت نامەیەکی خوێندەوەو ووتی قبووڵمە ئەوا گرێبەندەکە دەبەسترێ .

یاسای باری کەسیی عیراقی لەبڕگەی دووی ماددەی شەشدا چارەسەری ئەم مەسەلەیەی کردووەو ڕێگای داوە ئامادە نەبووێك بە نامە گوزارشت لە خواستی بکات و ئاگاداری لایەنەکەی تر بکاتەوە ئەمەش دەقەکەیەتی:(گرێبەندی

هاوسەرێتی بە نووسراوێك لەلایەن نائامادەوە (غائب) دەبەسترێت بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ بیخوازێت بەمەرجێك نووسراوەکە لەبەردەم دوو شایەت بخوێندرێتەوە ، ئەوانیش ناوەڕۆکەکەی ببیستن و شایەتی لەسەر ڕەزامەندی کچەکە لەسەر گرێبەندەکە بدەن).

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەگەرچی ماددەی ناوبراو ئاماژەی تەنها بۆ (ئیجاب)ی پیاو قبوڵی ئافرەت کردووە بەڵام ئەوە ئەو مانایە ناگەیەنێ کەنابێت ئیجاب لە ئافرەتەکەوە بێت، ڕاستەبەپێی زۆربەی حاڵەتەکان و لەبەر شەرمو ئابڕوی ئافرەت خەڵك واڕاهاتووە کە ئیجاب لە پیاوەوە بێت. بەڵام هیچ کۆسپێکی یاسایی ڕێ لە پێچەوانەی ئەمە ناگرێت.

گرێبەندی هاوسەرێتی وەکو هەموو گرێبەندێك پێویستە مەرجەکانی بەستن(انعقاد)، و مەرجەکانی دروستی (صحة)، و مەرجەکانی بەرکاربوون (نفاذ)، و مەرجەکانی سەپاوێتی (لزوم)ی تیابێت لەبەر گرنگێتی ئەم جۆرە گرێبەندەو پەیوەندیی بە خێزان و کۆمەڵەوە بۆیە هەندێك لە حوکمەکانی جیاوازیان هەیە لە حوکمەکانی جۆرەکانی تری گرێبەند .

لەخوارەوە لە چەند خاڵێکدا باس لەو مەرجانە دەکەین:

أ- مەرجەکانی بەستن

مەرجەکانی بەستن ئەو مەرجانەن کەدەبێ لەڕایەڵەکانی گرێبەندەکە هەبێ بەچەشنێك نەبوونی مەرجێك لەو مەرجانە دەبێتە هۆی پووچەڵ کردنەوەی گرێبەندەکەو وەکو نەبووی لێ دەکات و هیچ ئاکامێکیشی نابێت و پێی دەووترێ گرێبەندی پووچەڵ .

ئـــەو مەرجانـــە دابـــەش دەکـــرێن بـــۆ ســـێ کۆمەڵـــە ، کۆمەڵـــەی یەکـــەم پەیوەنـــدیان بـــە ڕێککەوتووەکانـــەوە هەیـــە،و کۆمەڵـــەی دووەمـــیش پەیوەنـــدیان بەناوەڕۆکی گرێبەندەکەوە هەیە،و کۆمەڵەی سـێیەمیش پەیوەنـدیان بـە شـێوازی گرێبەندەکەوە هەیە[1].

یەکەم : ئەو مەرجانەی پەیوەندییان بە ڕێککەوتووەکانەوە هەیە

أ — پێویستە هەریەکێك لە ڕێککەوتووەکان لێهاتووبێ بۆ بەڵێنکاری(تعاقد).

وە ئەم لێهاتنەش دوو جۆرە، لێهاتنی هاوسەرێتی تەواو، و لێهـاتنی هاوسـەرێتیی ناتەواو .

---

[1] - لەمادده پێنج ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا دوو جۆرە مەرج هاتووە ، یەکەمیان مەرجە شەرعییە کان ، دووەمیان مەرجە یاسایی یەکان . تیایدا هاتووە : ((لێهاتن لە گرێبەندی هاوسەرێتی دێتەدی ، بە لەئارادابوونی مەرجە یاسایی و شەرعیەکانی هەردوو لایەنی گرێبەندەکە یان ئەوانەی لەجیاتی ئەوان بەم کارە هەڵدەستن)) .

هەروەها مادده شەش مەرجە شەرعیەکانی دیاری کردووەو تیایدا هاتووە : ((١- گرێبەندی هاوسەرێتی نابەسترێت ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی بەستن یان دروستی لە دەست بدات ، مەرجە کانیش لە خوارەوە دەستنیشان کراون :

أ-یەکدیگرتنەوەی دانیشتنی ئیجاب و قبووڵ .

ب- هەردوو لایەنی گرێبەندەکە گوێیان لەقسەی یەکتربێت و لەیەك تێ بگەن کە مەبەستەکە بەستنی گرێبەندی هاوسەرێتیە .

ج- کۆك بۆنی ئیجاب و قبووڵ .

د- شایەتیدانی دوو شایەتی لێهاتوو لەسەر گرێدانی هاوسەرێتیەکە .

هـ- پێویستە گرێبەندەکە پابەندی مەرجێك یا ڕوداوێکی بەئاکام نەگەیشتوو نەبێت .

٢- گرێبەندی هاوسەرێتی بەنووسراوێك لەلایەن نا ئامادەوە دەبەشرێ بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ بیخوازێت بەمەرجێك نووسراوەکە لەبەر دەم دوو شایەت بخوێدرێتەوە ، ئەوانیش ناوەڕۆکەکەی ببیستن و شایەتی لەسەر ڕەزامەندی کچەکە گرێبەندەکە بدەن)) .

لێهاتنی هاوسەرێتیی تەواو بەهۆش و تەواو کردنی تەمەنی هەژدەساڵی دێتەدی، هەروەکو لەدەقی مادده حەوتی یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ هەموار کراودا هاتووە :

(١- مەرجی تەواوی لێهاتوویی هاوسەرێتی ، هۆش و تەمەنی هەژدە ساڵیە ..).

لێهاتنی هاوسەرێتیی ناتەواو ، ئەم لێهاتنە بۆ ئەو کەسانە دێتە دی کەنەخۆشی ئەقڵییان هەیە ، لەم ڕووەوە لەبڕگەی دووی مادده حەوتی یاسای باری کەسیی عیراقیدا هاتووە: ((دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بە مارەبڕینی هەریەك لەهاوسەرەکان بدات ئەگەر نەخۆشی ئەقڵی هەبێت و بەڕاپۆرتێکی پزیشکی سەلمێندرا کە هاوسەرێتییەکەی زیان بەکۆمەڵ ناگەیەنێت و لەبەرژەوەندی کەسێتی لایەنە نەخۆشەکەیە ، بەمەرجێك لایەنەکەی دیکە بەڕوون و ئاشکرایی ڕەزامەندی پێشان بدات)).

هەروەها ئەم لێهاتنە بۆ ئەو کەسانە دێتەدی کەتەمەنی پانزە ساڵیان تەواو کردووە بەپێی مادده هەشتی یاسای باری کەسیی عێراقی کەدەڵێ:

((١- ئەگەر کەسێك تەمەنی پانزە ساڵی تەواو کرد و داوای بەستنی گرێبەندی هاوسەرێتی کرد، دادگا بۆی هەیە ڕێگای پێبدات، ئەگەر بۆی سەلمێندرا لێهاتوویی هاوسەرێتی و توانای جەستەیی هەیە و دوای ڕەزامەندی **سەرپەرشتیارە** شەرعیەکەی. ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕازی نەبوو، دادوەر لەماوەیەکی دیاریکراو داوای ڕەزامەندی لێدەکات، ئەگەر لاری نەبوو یان هۆی لارییوونەکەی شایانی ڕەچاو کردن نەبوو دادوەر ڕێ بەهاوسەرێتی یەکە دەدات.

٢- ئەگـەر ئـەو پـەڕی پێویسـتی لـەئارادابێت ، دادوەر بـۆی هەیـە ڕێپێـدانی هاوسەرێتی ئەو كەسـەی كـەپێی ناوەتـە پـانزە سـاڵیەوە ، مەرجیشـە بۆئـەم ڕێپێدانە بالق بوونی شەرعی و توانای جەستەیی هەبێت)) .

ب – ئەبێ هەردوو لایەنەكە پێك بشێن .

دوو جۆرە پێكنەشیان هەیە، پێكنـە شیانی هەمیشـەییو پێكنەشـیانی كـاتی. پێكنەشـیانی هەمیشـەیی بـەهۆی خزمایـەتیو شـیردانەوەیە بـەڵام پێكنـە شـیانی كاتی بەهۆی ڕاگرتنی زیاتر لەچوار ژن بەجارێك و بێ دینیو تەڵاقدانی سێ بەسـێ و بوونی مافی كەسانی تر بەگرێبەندی هاوسەرێتی و عیددەو هەستانی یـەكێك لـە پێكنەشـاوەكان لـەكاتی هاوسـەرێتیدا بەڕێكـەوتنی هاوسـەری لەگـەڵ پێكنەشیاوەكەی تردا دەگرێتەوە هەر وەكو دوواتر بەدرێژی دێینە سەریان.

ج – گوێ بیستبوونی هەریەكێك لە ڕككەوتووەكان لەقسە كـانی ڕێككـەوتووە كـەی تردا لەگەڵ تێگەیشتن كەمەبەست لە گرێبەندەكە بەستنی گرێبەندی هاوسەرێتییە.

دووەم : ئەو مەرجانـەی پەیوەنـدیان بـە نـاوەڕۆك (محـل) ی گرێبەندەكـە هەیـە

بەپێی بیرو ڕای زۆربەی یاسازانان ئافرەت ناوەڕۆكی گرێبەنـدی هاوسـەرێتییە[1] و دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیابێ :

ا – دەبێ ئافرەتەكەو پیاوەكە هەردووكیان بەیەك بشێن . واتە ئەگـەر لـە پێكنـە شـیاوەكان بـوون جاچـی پێكنەشـیاوی هەمیشـەیی بـن وەیـا كـاتیو گرێبەنـدی هاوسـەرێتی یـان بەسـت لـەو حاڵەتـەدا گرێبەندەكـە پووچـەڵ دەبـێ وەك مێـرد كردنی موسڵمانێك بە نا موسڵمانێك .

[1] - د . عبد الرحمن الصابوني : شرح قانون الاحوال الشخصية ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

ب — دەبێ مێینی (انوثة) ی مسۆگەر بێت بەپێچەوانەی ئەوە ناکرێ ببێتە ناوەڕۆکی گرێبەندی هاوسەرێتی بۆ نموونە وەك نێرەمووك کەناکرێ بە پیاو یان بە ژن دابندرێ لەکاتێکدا ئەگەر سیفاتەکانی پیاوێتی و ژنێتی وەکویەك تیابێت و نەکێ نە بەپیاو وەنە بەژن دایبنێیت لەو حاڵەتەدا مارە کردنی بەپووچەڵ دادەندرێ[1].

سێیەم: ئەو مەرجانەی پەیوەندیان بە شێوازی گرێبەندەکەوە هەیە

أ— دەبێ ئیجاب و قبووڵەکە لە یەك دانیشتندا بێتەدی. واتە دوای ئیجابی خاوەن ئیجابەکە، شتێکی تر لە خاوەن قبووڵەکەوە دەرنەچێت، تانووت لێدان بێت لە گرێبەستەکە. بۆ نموونە، یەکێکیان لەو دانیشتنەدا بچێتە دەرەوە یان قسەیەکی وەها بکات پەیوەندی بە گرێبەندەکەوە نەبێت، جا لەو حاڵەتەدا، ئەگەر قبووڵەکەش دەربچێ، گرێبەندەکە نابەسترێ.

ب— دەبێ قبووڵەکە کۆك بێت لەگەڵ ئیجابەکە، واتە ویست و ئارەزووی هەردوولا بۆ مۆرکردنی گرێبەندەکە بچێ و هیچ جیاوازییەك لە نێوان قسەکانیاندا نەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر پیاوێك بە ئافرەتێك بڵێ تۆم کردە هاوسەری خۆم، بە مارەیی هەشت هەزار دیناری پێشینە و نۆزدە مسقاڵ زێڕی پاشینە و ئافرەتەکەش بڵێ قەبووڵم کرد، ئەمە نیشانەی بەیەك گەیشتنی ویست و ئارەزووی هەردووکیانە بە شێوەیەکی تەواو دەبێتە هۆی بەستنی گرێبەندی هاوسەرێتییەکە.

[1] - نظام الدين عبد الحميد : احكام الاسرة فى الفقه الاسلامى ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١

ج- نابێ نیشانەی بەستنەوەی گرێبەندی هاوسەرێتییەکە بە بەدیهاتنی ڕووداوێك لە داهاتوودا لە دەربڕین (صیغة) ی گرێبەندەکە هەبێت یان ئەوە بگەیەنێت کە لە داهاتوودا ببەسترێ. بۆ نموونە، پیاوێك بە ئافرەتێك بڵێ ئەگەر لە پێشبڕکێیەکە بردتەوە، دەتهێنمو ئافرەتەکەش قەبووڵی بکات، جا لێرەدا گرنگ نیەهاتنەدی مەرجەکە مسۆگەر بێت یان نا، وەك پیاوێك بە ئافرەتێك بڵێ هاوینی داهاتوو دەتهێنم. لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا گرێبەندەکە نابەسترێ.

د- پەشیمانبوونەوەی خاوەن ئیجاب لە ئیجابەکەی بەر لە قەبووڵکردن ئەگەرهاتوو خاوەن ئیجابەکە بەر لە قەبووڵکردن لە ئیجابەکەی پەشیمان بۆوە، پەشیمانبوونەوەکەی بە ڕاست دادەندرێتو ئیجابەکەش پووچەڵ دەبێتو ئەگەر لایەنەکەی تر دوای ئەوەی قەبووڵی کرد ئەوکاتە قەبووڵەکەی بە ئیجابێکی نوێ دادەندرێتو پێویستی بە قەبووڵکردنی خاوەن ئیجاب دەبێ پێش هەموو شتێ. هەروەها هەمان حوکمی دەبێ ئەگەر خاوەن ئیجابەکە بەر لە دەرچوونی قەبووڵەکە لێهاتنەکەی لەدەست دا، بۆ نموونە، ئەگەر لە کتوپڕدا شێت بێت.

ب- مەرجەکانی دروستی (شروط الصحة)

مەرجەکانی دروستی ئەو مەرجانەن کە دەبێ لە گرێبەندەکەدا هەبن تاکو ئاکامە شەرعیەکانی لێ بکەوێتەوە، وە بە نەبوونی مەرجێك لەو مەرجانە گرێبەندەکە نادروست دەبێ.

کەواتە مەرجەکانی دروستی ئەو مەرجانەن کە لە دەرەوەی ڕایەڵەکاندانە، بەڵام دەبێ لە گرێبەندەکەدا هەبن تاکو ئاکامە شەرعیەکانی لێ بکەوێتەوە، وە ئەگەر مەرجێك لەو مەرجانە نەبێ گرێبەندەکە نادروست دەبێ، ئەم مەرجانەش ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: نابێ ئافرەتەکە نەشیاو بێ بۆ ئەوکەسەی داوای دەستی کردووە

لە مـاددە دوانـزەی یاسـای بـاری کەسـیی عێراقیـدا هـاتووە: ((پێویسـتە بـۆ دروستی هاوسەرێتی، ژنەکـە، بـۆ ئەوکەسـەی کـە دەیهێنێـت، نەشـیاوی شـەرعی نەبێت)).

بـۆ نموونـە، نابـێ ئافرەتێـك مێـرد بـە پیاوێـك بکـات کـە خوشـکی بـاوکی یـان خوشکی دایکی ئەوی لەلایە، یان مێردکردنی خوشکی بـاوك بەسـەر کچـی براکـەی هـەروەها خوشـکی دایـك بەسـەر کچـی کچـی خوشـکی. هـەروەها نابـێ ژنێکـی تەڵاقدراو بهێنـدرێ ئەگـەر تەڵاقەکـەی گـەورە بـێ تـاکو مـاوەی عیـددەی بەسـەر نەچێ. جا لەبەرئەوەی یاسازانان لەبارەی نەشیانی ئەم ئافرەتانـە بیروڕایـان یـەك نیە بۆیە بەستنی گرێبەند بۆ هاوسەرێتی کردنی یەکێك لەو ئافرەتانە دەبێتە هۆی لەدەستدانی مەرجێك لە مەرجەکانی دروستی.

دووەم: بوونی شایەت لەسەر بەستنی گرێبەندەکە

یاسـای بـاری کەسـیی عێراقـی لـە مـاددەی شەشـدا هەنـدێ مـەرجی بەسـتنو دروستی بۆ بەستنی گرێبەنـدی هاوسـەرێتی دانـاوە، یـەکێك لـەو مەرجانـە کـە لـە بڕگـەی (د)دا هـاتووە، مـەرجی بـوونی شـایەتە بـۆ بەسـتنی گرێبەندەکـەو لـەم بارەیەوە دەڵێ: ((گرێبەندی هاوسەرێتی نابەسترێ ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی بەستن یا دروستی لەدەست بدات، مەرجەکانیش لە خـوارەوە دەسنیشـان کـراون: .... د– شـــایەتیدانی دوو شـــایەتی لێهـــاتوو بـــۆ بەســـتنی گرێبەنـــدی هاوسەرێتیەکە)).

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) لەم بارەیەوە دەفەرموێ: ((لانكاح الا بولي وشاهدي عدل)) واتە بەبێ ئامادەبوونی دوو شایەتو سەرپەرشتیار هاوسەرێتی نابێ.

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێ كە گرێبەندی هاوسەرێتی وەك زۆربەی گرێبەندەكان بۆ بەستنو ڕاگەیاندنی لەنێو خەڵكدا پێویستی بە شایەتی هەیە. ڕەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ پیرۆزیی پەیوەندی هاوسەرێتیو ڕێگاگرتن لەبەردەم گومانی خراپ پەیداكردنو جیاوازیكردن لە نێوان پەیوەندیی جووتبوونی حەڵاڵو حەرام دا، ئەمەو گەلێك هۆی تریش.

بیروڕای یاسازانان لەبارەی حوكمی شایەتیدا لێك جیاوازە. ئەتوانین ئەو بیروڕایانە بكەین بە چوار كۆمەڵە، كۆمەڵەی یەكەم، كە زۆربەی یاسازانەكان دەگرێتەوە، وای بۆدەچن كە دەبێ لەكاتی بەستنی گرێبەستەكەدا شایەت هەبێ، وە بە نەبوونی دەبێتە هۆی نادروستی گرێبەستەكە[1] .

ئەم كۆمەڵەیە فەرموودەیەكی پێغەمبەر (د.خ) دەكەنە بەڵگەی قسەكانیان كە لە سەرەوە ئاماژەمان پێی كردووە. كۆمەڵەی دووەم وای بۆدەچن كە بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرێتی هیچ پێویست بە ئامادەبوونی شایەت ناكات، ئەوانە ئایەتی/٣ لە سوورەتی النساء لە قورئانی پیرۆز دەكەنە بەڵگە بۆ قسەكانیان، كە خوای گەورە دەفەرمووێ: ((فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ)) واتە: ((جا ئافرەتانی تر كە خۆشتان لێیان دێو پێتان خۆشیكو پاكن، دووان یان سیان یا چوار ژن بۆ خۆتان مارە ببڕن)). وە ئەوانە وای بۆدەچن كە ئەوەی لە سوونەدا هاتووە ناتوانێ ئەو حوكمەی كە لەم ئایەتەدا هاتووە سنووردار بكات چونكە بە

[1] - بڕوانە نظام الدين عبد الحميد: احكام الاسرة في الفقه الاسلامي، سەرچاوەی پێشوو ل٤٦.

شـێوەیەکی ڕەهـا هـاتووە، وە هـەروەکو دەشـزانین هـەموو حـوکمێکی ڕەهـا بـە ڕەهایی کاری پێ دەکرێت تا ئەو کاتەی حـوکمێکی تـر کـە هـەمان هێـزی هـەبێت یانیش لەو بەهێزتربێت سنووورداری بکات(1).

هەروەها ئیمام مالك وای بۆدەچێ کە جاڕدانی گرێبەستی هاوسەرگیری بـەر لـە جووتبـوون بەسـە بـۆ دروسـتێتیی گرێبەسـتەکە، واتـا پێویسـت بـە ئامـادەبوونی شـایەت ناکـات لـەکاتی بەسـتنیدا(2). هـەروەها بـیروڕای کۆمەڵـەی چـوارەم هـی مالکییە، ئەم یاسازانانە دەڵێن پێویسـت ناکـات گرێبەسـتی هاوسـەرگیری لـەکاتی بەسـتنیدا شـایەتی لەگەڵـدابێ، بـەڵام دەبـێ بـەر لـە جووتبـوون هـەبێ، وە بـە پێچەوانەوە گرێبەستەکە پووچەڵ دەبێ(3).

بەڵام یاسای باری کەسیی عێراقی هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێی کرد ئەم ناکۆکییـەی نەهێشـت، یاسـای نـاوبراو وای دادەنـێ گرێبەسـتی هاوسـەرگیری نابەسترێ ئەگەر مەرجی بوونی دوو شایەتی لێهاتووی تیادا نەبێت.

بـە ڕای زۆربـەی یاسـازانانی موسـڵمان دەبـێ شـایەتەکان ئـەم مەرجانـەی خوارەوەیان تیا بێت:

١- دەبێ شایەتەکان لێهاتوویی یاساییان هەبێو خاوەن هۆش بن. واتە دەبێ تەمـەنی هـەژدە سـاڵیان تـەواو کردبێـتو لێهاتنەکەشـیان دووچـاری کۆسـپێك لـە کۆسپەکانی لێهاتن نەبووبێ، کە چوار کۆسپن بریتین لە شێتیو گێلیو موغەفـەلو

---

[1] - لەویاسازانانە ابن ابي ليلي ، ابو نور ، ابن المنذر، عبد الرحمن بن مهدي بروانة نظام الدين عبد الحميد: سەرچاوەی پێشوو ل٤٦.

[2] - د.احمد علي واخرون: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤.

[3] - د.احمد علي واخرون: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل٣٤.

دەستبلاْو (الجنون والعته والغفلة والسفه) ئەم کۆسپانە وەکو تەمەن وایە لەڕووی پەیوەندیانەوە بە تەمیزی کەسێکەوەو کاریگەرێتی دەبێ لەسەر لێهاتنیەوە[1].

٢- دەبێ شایەتەکان هەردووك پیاو بن یان پیاوێكو ئافرەتێك بێت، هەروەکو خوای گەورە لە ئایەتی/٢٨٢ ی سورەتی بەقەرەدا دەفەرموێ:

((وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى)).

واتە: ((دوو شایەت لەپیاوانی خۆتان (لە موسڵمانان بۆ ئەم کارە) جا ئەگەر دوو پیاو دەست نەکەوت، پیاوێكو دوو ژن کە ئێوە پێیان ڕازیبن، جا ئەگەر یەکێکیان لەبیری چوو، ئەوی تریان بیخاتەوە بیری)). دەبێ شایەتەکان لەیەك کاتدا قسەکانی هەردوو لایەنی گرێبەستەکەیان گوێ لێ بوو بێتو هەروەها لە واتای قسەکانیان تێگەیشتبن.

٣- ئەگەرهاتوو هاوسەرەکان موسڵمان بوون دەبێ شایەتەکانیش موسڵمان بن.

٤- دەبێ شایەتەکان دادپەروەر بن. مەبەست لێرەدا دادپەروەرییێکی بەرچاوە تا ئەو کاتەی پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێندرێ. واتە نیشانەیەك لە ئارادا نەبێ کە ئەو شایەتانە نادادپەروەرن.

سێیەم: دەبێ سەرپەرشتیار (ولي امر) گرێبەستەکەی بەستبێ

یاسازانانی موسڵمان لەبارەی مەرجی ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە هاوڕانین. کۆمەڵەی یاسازانان (جمهور الفقهاء) لەوانە مالیکیو شافعیو

١- [1] – بڕوانە د.عبدالمجید الحکیم واخرون: الوجیزفي نظریة الالتزام في القانون المدني العراقي، ج/١، منشورات جامعة بغداد، ١٩٨٦، ص٧١ ومابعدها.

حەنبەلیەکان وای بۆ دەچن، کە دەبێ سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە ڕەزامەند بێت لەسەر بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە هەرچەندە ئافرەتەکە ئاقڵو بالغیش بێت، وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئافرەتەکە خۆی یان بریکارەکەی پێی هەستا ئەوا گرێبەستەکە نادروست دەبێت.

بەلاّم هەندێك لە یاسازانانی موسڵمان لەوانە حەنەفیو جەعفەرییەکان وای بۆدەچن ئەگەر ئافرەتەکە ئاقڵو بالغ بێت پێویست بە ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی ناکات.

یاسای باری کەسیی عێراقی لە مادده/٤ دا بەپێی بیرورای کۆمەڵەی دووەمی کردووەو مەرجی ئامادەبوونو ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکەی دانەناوە. بەلاّم ئەو هاوسەرەی هەژدەسالاّنی تەواو نەکردبێ بەپێی حوکمی مادده/٨ی یاسای باری کەسیی عێراقی دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیابێ[١]:

١- دەبێ کەسەکە چ کوڕەکە بێت یان کچەکە تەمەنی لە پانزە ساڵ کەمتر نەبێ.

٢- دەبێ داوای هاوسەرگیری بۆ دادگا بەرز کردێتەوە.

٣- دەبێ سەرپەرشتیارەکەی ڕەزامەند بێت.

---

[١] -دەقی مادده/٨ ی‌یاسای باری کەسیی عێراقی: ((١- ئەگەر کەسێك تەمەنی پازدەساڵی تەواو کردو داوای بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریی کرد، دادگا بۆی هەیە ڕێگەی پێ بدات، ئەگەر بۆی سەلمێندرا کە لێهاتوویی هاوسەریو توانای جەستەیی هەیەو دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیارە شەرعییەکەی. ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕازی نەبوو، دادوەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا داوای ڕەزامەندی لێ دەکات، ئەگەر لاری نەبوو یان لاری بوونەکەی شایانی ڕەچاوکردن نەبوو دادوەر ڕێ بە هاوسەرگیریەکەدەدات.

٢- ئەگەر ئەوپەڕی پێویستی لە ئارادابێت، دادوەر بۆی هەیەڕێپێدانی هاوسەرگیری بداتە ئەو کەسەی کە پێی ناوەتە پازدە ساڵییەوە، مەرجیشە بۆ ئەو ڕێپێدانەی بالق بوونی شەرعیو توانای جەستەیی هەبێت)).

٤- دەبێ دادوەر ڕێگای پێ بدات، وە ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕەزامەند نەبوو، دادوەر بۆی هەیە دوای دڵنیابوون لە لێهاتوویی و توانا جەستەییەکەی ڕێگای پێ بدات.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ڕێگاپێدانی دادوەر بۆ هاوسەرگیریی ئەو کەسەی تەمەنی پانزە ساڵی تەواو کردووەو هەژدە ساڵی تەواو نەکردووە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری، چونکە نەبوونی ئەم ڕێگاپێدانە، ڕێگا بە جیابوونەوە دەدات بەپێی بڕگەی/٣ لە ماددەی/٤٠ ی یاسای باری کەسیی عێراقی[١].

چوارەم: نابێ گرێبەستەکە کاتی بێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو

چونکە مەبەست لە پێکهێنانی خێزان بەشداری کردنە لە دامەزراندنی کۆمەڵ کە ئەویش لە ڕێگای منداڵ بوونو پەروەردەکردنیەوە دەبێ بۆ بەردەوام بوونی ژیان. بۆیە هاوسەرگیریی کاتیو هاوسەرگیریی موتعە لەگەڵ ئەم مەبەستە ناکۆکن، هەر بۆیە بەپێی بیروڕای یاسازانانی موسڵمان بێ لە هەندێك لە یاسازانانی جەعفەری هاوسەرگیری موتعە نادروستە.

هەروەها دادگاش لە عێراقدا ئەمجۆرە پەیوەندیانەی بە نادروست داناوەو هیچ ئاکامێکیشی لە ئاکامەکانی هاوسەرگیری دروست لێ ناکەوێتەوە.

[١] -دەقی ماددە/٤٠ ی یاسای باری کەسیی عێراقی: ((ژنو مێر بۆیان هەیە داوای لێك جیابوونەوە بکەن ئەگەر ئەگەر یەکێك لەم هۆکارانەی خوارەوە لە ئارادا بێت: ١- .... ٢-......... ٣- ئەگەرهاتوو بەر لەوەی یەکێك لە هاوسەرەکان هەژدەساڵی تەواو کردبێت، گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە بەبێ ڕەزامەندی دادوەر ئەنجام درابێت)).

ج- مەرجەکانی بەرکاربوون

مەرجەکانی بەرکاربوون ئەو مەرجانەن کە دوای بوونی مەرجەکانی تری بەستنو دروستی، ئاکامەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری لەسەر دروست دەبێ، وە نەبوونی مەرجێك لەو مەرجانە پێویست بە ڕەزامەندی ئەو کەسە دەکات کە مافی ڕەزامەندیدانی بە دەستەوەیە.واتە گرێبەستەکە لەسەر لکانی بە ڕەزامەندییەکەوە دەوەستێ.

کەواتە دەتوانین بڵێین مەرجەکانی بەرکاربوون بە لێهاتوویی هەردوو هاوسەرەکان دێتەدی، وە ئەم لێهاتنەش بە بالقبوونو تەواوی ئەقڵ دێتەدی بەلأم ئەگەر یەکێك یان هەردوو هاوسەرەکان بچوکێکی ممیز بوون (لە سەرووی تەمەنی پانزە ساڵانو خوار هەژدە ساڵانەوە) یان لە حوکمی ئەودا بوون، گرێبەستەکە لە ڕووی شەرعیەوە لەسەر ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی دەوەستێ.

بەلأم لەڕووی یاساییەوە گرێبەستەکە بەرکار نابێ تاکو ئەو مەرجە یاساییانەی تیانەبێ کە لە مادده/٨ دا هاتووه.

د- مەرجەکانی سەپاوێتی (شروط اللزوم)

مەرجەکانی سەپاوێتی ئەو مەرجانەن ئەگەر لە گرێبەستەکەدا هەبێ هیچ یەکێك لە هاوسەرەکان یان کەسانی تر بۆیان نیە داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکە بکەن هەروەها گشت ئاکامە شەرعییەکانی لەسەر دروست دەبێت. ئەو مەرجانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أ- وەك یەك بوون–هاوكوف (الكفاءة)

دەبێ ئەو پیاوەی دەیەوێ ببێتە هاوسەری ئافرەتێك وەكو ئەو بێت لە هەندێك ڕووی دیاریكراوەوە بەچەشنێك كە نەبێتە مایەی زیانگەیاندن بە ئافرەتەكە یان كەسوكاری ئافرەتەكە.

لە یاسای باری كەسیی عێراقیدا شتێكی وای تیانیە كە هەڵوێستی یاسادانەرمان لەبارەی مەرجی كەفائەوە بۆ دیار بكات[1].

دەبێ دادوەر سەبارەت بە كێشەكانی هاوكوفبوون بەپێی بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام حوكم بدات، چونكە هیچ دەقێكی یاساییمان لەم بارەیەوە نیە بكرێ پیادەبكرێت.

هەروەها بۆ دیاریكردنی خاوەن ماف لە كەفائەتدا دەبێ جیاوازی بكەین لەنێوان دوو حاڵەتدا:

یەكەم، ئەگەر هاتوو هاوسەرگیریەكە لەسەر ڕەزامەندی دادوەر ڕانەوەستابێ. بۆ نموونە وەك حاڵەتی ئەوكەسەی تەمەنی پانزەساڵی تەواو كردبێتو بیەوێ ببێتە هاوسەر، مافی كەفائەت بەتەنها مافی ئافرەتەكەیەو ئەو دەتوانێ بەكاری بهێنێ ئەگەر پێویست بوو. بەلاّم لە حاڵەتەكەی تردا سەرپەرشتیارەكەش بۆی هەیە لەكاتی نەبوونی كەفائەتدا تانە لە گرێبەستی هاوسەرگیرییەكە بدات[2].

---

[1] - لە دەقی بڕگە دووی ماددە/١ ی یاسای باری كەسیی عێراقیدا هاتووە: ((ئەگەر دەقێكی دانراو بۆ پیادەكردن نەبوو، پێویستە پشت بە گونجاوترین بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام كە زیاتر لەگەڵ دەقەكانی ئەم یاسایە دەگونجێت ببەسترێت)).

[2] -بڕوانە دەقیماددە/٨ ی یاسای باری كەسیی عێراقی لەم بارەیەوە.

ب–نابێ مارەییەکەی لە مارەیی هاوچەشن(مهر المثل) کەمتر بێت

ئەگەرهاتوو ئافرەتێك لێهاتوویی هاوسەرگیری هەبێت، بە مارەیێکی کەمتر لە مارەیی هاوچەشنی خۆی، شووی کرد، ئەوکەسانەی سەرپەرشتیارن لەسەری بۆیان هەیە تانەی لێ بدەنو داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکەن، مەگەر مارەییەکەی بۆ مارەیی هاوچەشن بەرز بکرێتەوە.

ج– دەبێ سەرپەرشتیار (باوك یان باپیر) ناسراوبن بە ئەنجامدانی کار بەباشی

ئەگەرهاتوو گرێبەستەکە بۆ هاوسەرگیریی کەملێهاتووێك (ناقص الاهلية) بێت، لەو حاڵەتە ئەگەر کەملێهاتووەکە گەورەبوو بۆی نیە داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکە بکات.

بە پێچەوانەشەوە، ئەگەرهاتوو سەرپەرشتیارەکە بە ئەنجامدانی کار بەشێوەیەکی خراپ ناسرابێت، ئەوا ئەو کەملێهاتووە دوای تەواوبوونی لێهاتنە یاساییەکەی بۆی هەیە داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکە بکات ئەگەر بەرژەوەندی ئەوی تیابوو[1].

د– دەبێ گرێبەستەکە فرۆفێڵی تیانەبێ

واتە نابێ پیاوەکە فرۆفێڵ لە ئافرەتەکە یان کەسوکاری بکات، بۆنموونە بڵێ من لە فلانە ڕەچەڵەکم کەچی وانەبێ یان بە درۆ بڵێ فلانە بڕوانامەم هەیەیان فلانە فەرمانەم هەیە یان بڵێ من ژنی ترم نیەو پێشتر ژنم نەهێناوە کەچی وانەبێ، وە لەبەر ڕۆشنایی ئەو فرو فێلانەی ئافرەتەکە مێردی پێ بکات، لەو حاڵەتەدا ئافرەتەکە خۆیو کەسوکاری بۆیان هەیە داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکە بکەن.

---

[1] -د.احمد علي والاخرون: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل٣٧.

بـەڵام ئەگـەرهاتوو بـەكارهێنانی فرۆفیڵەكـە لەلایـەن ئافرەتەكـەوە بـوو ئەوكاتـە گرێبەستەكە سەپاوە دەبێ‌و پێویست بە هەڵوەشاندنەوە ناكـات چـونكە پیاوەكـە مافی تەلاقدانی بەدەستەوەیەو هەركاتێك بیەوێ دەتوانێ ئەم مافەی بەكاربهێنێ[1].
بەكاربهێنێ[1].

هـ- تۆماركردنی گرێبەستی هاوسەرگیری

تۆماركردنی گرێبەستی هاوسەرگیری لە زۆربەی شەریعەت‌و یاسای گەلاندا مەرجێك نیە لە ڕاستی‌و دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری، بـەڵكو لـە بنەڕەتـدا هـەر لـەو چـركە سـاتەی كـە گرێبەسـتی هاوسـەرگیری تیـا بەشـێوەیەكی ڕاسـت‌و دروسـت دەبەسترێ، گشت ئاكامـەكانی لێ دەكەوێتـەوە بـەبێ ئـەوەی تۆمـار بكـرێ، بـەڵام لەگـەڵ پێشـكەوتنی كۆمـەڵگاو لاوازبـوونی ڕۆڵـی ئـایین‌و زۆربـوونی كەیسـەكانی دەستلێكبەردان‌و تانەگرتن لە ڕاستی‌و دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری، بۆیـە بـە پێویست زانرا كە هاوسەرگیری لە بەردەم كەسێكی ڕێگا پێدراو ئەنجام بـدرێ، كـە لە بنەڕەتدا دەبێ دادوەر یان قازی شەرعی بێت.

جا لێرەدا بیرۆكەی ڕێگاپێدانی كەسێكی تر لەلایـەن دادوەر یـان قـازی شـەرعیەوە سەری هەڵدا بۆ بەستن‌و تۆماركردنی گرێبەستی هاوسەرگیری.

بەم پێیە، دادگای باری كەسی پەڕاوێك دەداتـە ئـەو زانـا ئایینیـەی كـە لەلایـەن ئـەوە ڕێگـای پێـدراوە بـۆ بەسـتن‌و تۆمـاركردنی گرێبەسـتی هاوسـەرگیری، ئـەو پـەڕاوە ژمارەیـەك فـۆرمی گرێبەسـتی هاوسـەرگیری لـە دووتـۆی خۆیـدا دەگرێـت كـە هـەر هەموویان مۆری دادگایان بەسـەرەوەیەو دوای پڕكردنـەوەیان لەلایـەن زانـای ئـایینی‌و

[1] - بڕوانە نظام الدين عبد الحميد: سەرچاوەی پێشوو ل٦٢.

هەردوو هاوسەرەکەو شایەتەکان، وێنەیەکی دەگەڕێتەوە بۆ نووسینگەی سەرەکی تۆمارکردنی بەڵگەنامەکان کە بەپێی یاسا بۆ ئەم مەبەستە دادەمەزرێت.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، یاسادانەری میسری هەر لە زووەوە کاری بەم سیستەمە کردووە بە مەبەستی کارئاسانی بۆ لایەنەکانی هاوسەرگیری‌و کەمکردنەوەی ئەرکی دادگای باری کەسی، بۆیە ئێمەش پێمان باشە یاسادانەری عیراقی‌و پەرلەمانی کوردستانیش هەمان ڕێچکەی یاسادانەری میسری لەمبارەیەوە بگرێتەبەرو ڕێگا بە چەند زانایەکی ئایینی‌و پارێزەران بدات بۆ ئەنجامدان‌و تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری، بەمەش کارئاسانییێك بۆ لایەنەکانی هاوسەرگیری دەکرێت‌و لە هەمان کاتیشدا ئەرکی سەرشانی دادگاکانی باری کەسی کەم دەکرێتەوە[١].

١- پێکنەشیاوەکان (المحارم)و خواستنی خاوەن کتابە ئاسمانیەکان

لەناو کۆمەڵگای سەرەتایی واباو بووە کە بە چاوێکی سووك بڕواننە ئافرەت‌و زیاتر بایەخ بە پیاو بدەن ئەویش لەبەر ئەوە بووە ئەوکاتە نێرینەکان زیاتر لە مێیینەکان توانای‌ویانە بەرگری لە خۆیان بکەن‌و بەرپەرچی ئەو هێرش‌و مەترسیانەش بدەنەوە کە لەلایەن دڕندە وەیان لەلایەن کۆمەڵانی ترەوە بەرەنگاری دەبوونەوە، هەروەها بۆ پەیداکردنی خۆراکیش پیاو لە ئافرەت بەتواناتر بووە هەربۆیە گەلانی کۆمەڵگای سەرەتایی بەمەبەستی ڕزگاربوون لە ڕەگەزی مێیینە هەڵدەستان بە کوشتنی ئەو ئافرەتانە تاکو نەبنە ئەرك بەسەریانەوە چی لەڕووی بەرگری لێ کردنیان وەیان لەڕووی دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان، هەرئەمەش

---

[١] - بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە المستشار حاتم صبحي الأرناؤوطي: موسوعة الأذونين الشرعيين والموثقين المنتدبين، منشورات دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠١٠، لاپەڕە ٧ بەدواوە.

وای كردبوو كە چەند كەسێك پێكەوە پەیوەندی سێكسی لەگەڵ ئافرەتێك بكەن‌و بۆ ئەم مەبەستە جاری وا هەبوو بە كۆمەڵێك پیاو یەك ژنیان دەبوو جا گرینگ نەبوو ئەوكەسانەكێن‌و چی یەكترن باوك‌و كوڕ یان برای یەكترن یان بێگانەن كەواتە سێكس لەنێوان ئەم كۆمەڵگایەدا ڕێگاپێدراو (مباح) بووە.

بەڵام لە قۆناغی دووەمدا لەلایەن گەلانی كۆندا ئەم داب‌و نەریتە نەماو بۆ دابینكردنی هاوسەرگیری پەنایان دەبردەبەر هەڵگرتن‌و ڕفاندنی ئافرەت بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵێك هێرشیان دەبردەسەر كۆمەڵەكەی ترو ئافرەتانی ئەوانیان دەڕفاندو پەیوەندی هاوسەرگیریان لەگەڵ دەبەستن.

لەم قۆناغەدا بیرۆكەی پێكنەشیان (المحارم) پەیدا بوو، بەم پێیە نەدەبوو كەسێك خوشك‌و پلك‌و ژنی باوك‌و باپیران‌و ژنی كوڕی خۆی كچی خۆی بهێنێ. ئەم سیستەمە لە یاسای ڕۆمانی جێگیر ببوو، ڕۆمەكان لەسەری دەڕۆیشتن. بەڵام میسرییە كۆنەكان بەپێچەوانەی ڕۆمەكان زیاتر هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەو كەسانە پێ خۆش بوو كە بۆیەك نەدەشیان.

بەڵام ئێستاكە لەلایەن كۆمەڵگای هاوچەرخ‌و بەپێی گشت ئایینە ئاسمانیەكان و یاسای بەركار بیرۆكەی (نەهێشتنی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو كەسانەی كە بۆیەك ناشێن) جێگیر بووەو زۆربەی حوكمە یاساییو شەرعیەكان لەم بارەیەوە لەیەك دەچن. بەم پێیە ئێستا ئازادی ڕێككەوتنی هاوسەرگیری ڕەها نیە بەڵكو پابەندی كۆمەڵێك كۆت‌و مەرجەو مرۆڤ دەبێ لەكاتی ڕێككەوتنی هاوسەرگیریدا پابەندیان بێت.

یاسای باری كەسیی عێراقی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ ی هەمواركراو ماددەكانی (١٣،١٤،١٥،١٦،١٧)ی بۆ حوكمەكانی پێكنەشیان (محارم) تەرخان كردووە.

هەروەها خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەو کەسانەی دەستنیشان کردووە کە بۆ هاوسەرگیری پێك ناشێن. کەواتە بەپێی یاساو شەرع دوو جۆرە پێکنەشیانی هاوسەرگیریمان هەیە. جۆرێکیان هەمیشەییە ئەوەی تریان کاتییە.

جۆری یەکەم خزمایەتیو تێکەڵبوون بە ژنهێنان (مصاهرة)و شیرپێدان دەگرێتەوە.

جۆری دووەم ڕاگرتنی زیاتر لە چوار ژن بەیەکەوە هەروەها بێ دینیو دەستلێکبەردانی سێ بەسێو بوونی مافی کەسانی تر بە ڕێککەوتنی هاوسەرێتیو عیددەو هەستانی یەکێك لە پێکنەشیاوەکان لەکاتی هاوسەرێتیدا بە ڕێککەوتنی هاوسەری لەگەڵ پێکنەشیاوەکەی تردا.

لەڕاستیدا، پێکنەشیانی نێرینەو مێیینە بۆیەکتری لەسەر بنچینەی ئەوە بۆتە هی هەمیشەییو ناهەمیشەیی ئایا هۆی پێکنەشیانەکە هەمیشەییە یان کاتییە.

جا لەبەرئەوەی هۆی جۆری یەکەم لە پێکنەشیانەکە هەمیشەییە بۆیە پێکنەشیانەکەش هەر هەمیشەیی دەبێت، بەڵام هۆی پێکنەشیانی جۆری دووەم دەکرێ نەمێنێ، بۆیە پێکنەشیانەکەش پابەندی ئەو هۆکار کاتییەیەو لەگەڵ نەمانی هۆکارەکەی نامێنێو هەربۆیە ناوی نراوە پێکنەشیانی کاتی. لەم بارەیەوە یاسادانەری عێراقی لە ماددە/١٣ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا بەم شێوەیە پێکنەشیان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات.

هۆیەکانی پێکنەشیان دوو بەشە هەتا هەتاییو کاتی، هەتاهەتاییەکە خزمایەتیو مصاهرەو شیرپێدان دەگرێتەوە، بەڵام کاتییەکە کۆکردنەوەی زیاتر لە چوار ژنو بێ دینیو تەڵاق کەوتووی سێ بەسێو بوونی مافی کەسانی تر بە ڕێککەوتنی هاوسەرگیریو عیددەو هەستانی یەکێك لە پێکنەشیاوەکان بە ڕێککەوتنی هاوسەری

لەگەڵ پێکنەشیاوەکەی تردا لە کاتێکدا کە ئەو ڕێککەوتنە هاوسەرگیرییەی کە بۆتە هۆی پێکنەشیاویەکە هەر لە ئارادا بێت. لە خوارەوە لە دوو خاڵدا بە درێژی باسی هەردوو جۆری پێکنەشیانە (هەمیشەییو کاتی)ەکە دەکەین.

یەکەم: پێکنەشیانی هەمیشەیی

ئافرەت بەشێوەیەکی هەمیشەیی نەشیاو (محرمة) دەبێ ئەگەرهاتوو هۆی نەشیاوێتیەکە هەمیشەیی بێتو لانەچێت. هۆیەکانی نەشیاوێتیش لە مادده/١٣ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتوونە هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێی کرد کە سێ هۆنە، پێکنەشیان بەهۆی خزمایەتیەوە، وپێکنەشیان بەهۆی زاوایەتی (مصاهرة) یەوە ، وپێکنەشیان بەهۆی شیرپێدانەوە. لەخوارەوە لە سێ خاڵدا باسیان دەکەین:

١- پێکنەشیان بەهۆی خزمایەتیەوە

بەپێی مادده/١٤ ی یاسای باری کەسیی عێراقی[1] ئەوکەسانەی خوارەوە بەهۆی پەیوەندی خزمایەتیەوە هەمیشە پێکناشێن،پیاو ناتوانێ دایکی خۆی وەیان داپیری خۆی بهێنێو هەروەها بۆسەرەوە تریش وەك دایکی داپیری.

هەروەها کچیو کچی کوڕەکەی یان کچی کچەکەی هەروەها بۆ خوارەوە تریش وەك کچی کچی کچەکەی، هەروەها خوشکی خۆی یان کچی خوشکی خۆی یان

---

[1] - لە مادده/١٤ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((١- پیاو لێی حەرامە، ژن لە ڕەچەڵەکی دایکو باپیریوبەرەو سەرەوە تریش بهێنێت، هەروەها کچیو کچی کوڕی بەرەو خوارەوەش. هەروەها خوشکی خۆیو کچی خوشکیو کچی برایو بەرەو خوارەوەش. هەروەها خوشکی باوكو خوشکی باپیری بۆسەرەوە تریشو خوشکی دایكو خوشکی داپیریو بۆسەرەوە تریش.

٢- ژن لێی حەرامە مێرد بە هاوچەشنی ئەو پیاوانە بکات)).

کچی برای هەروەها خوشکی باوکی یان خوشکی باپیری بۆسەرەوە تریش هەروەها خوشکی دایکی یان خوشکی داپیری بۆسەرەوەتریش.هەروەها ژنیش بۆی نیە ڕێککەوتنی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو گروپانە لە پیاو ببەستێ.

لەمبارەیەوە خوای گەورە لە سوورەتی نساء ئایەتی (٢٣)فەرموویەتی: ((حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ))

واتە: ((لێتان حەرام کراوە مارەکردنی دایکانتا، کچانتان، خوشکانتان، خوشکی باوکتان، خوشکی دایکتان، کچانی براکانتان، کچانی خوشکانتان)) .

٢- پێکنەشیان بەهۆی زاوایەتی (مصاهرة)وە

لەمادده/١٥ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((پیاو لێی حەرامە کچی هاوسەری خۆی کە لەگەڵیدا جووت بووە، هەروەها دایکی هاوسەرەکەی کە مارەیی بڕیوەبهێنێت، هەروەها لێی حەرامە هاوسەری هاوسەری ڕەچەڵەکی خۆی‌و بەرەو سەرەوەش‌و هاوسەری وەچەی خۆی‌و بەرەو خوارەوەش بهێنێت)).

بەپێی ئەم ماددەیە ئەگەر یەکێك ئافرەتێکی کردە هاوسەری خۆی بۆ هەتاهەتایە دایکی ئەوی لێ حەرام دەبێت واتە پێی ناشێت هەروەها داپیری هاوسەرەکەی هەروەها هەرچەندی بۆسەرەوەتریش بچێت. هەروەها بۆی نیە کچی هاوسەرەکەی بهێنێ هەروەها هەرچەندی بۆ خوارەوە تریش بچیت وەك کچی کچی هاوسەرەکەی. بەڵام ئەگەرهاتوو پەیوەندی هاوسەرێتیان پچڕا بە هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنەکە وەیان دەست لێکبەردانیان ئەوکاتە بۆی هەیە بیانهێنێ.

بەکورتی ئەوکەسانەی خوارەوە بەهۆی مصاهەرەوە ناشێن هاوسەرگیرییان لەگەڵ بکرێ:

ژنی باوکو باپیریو بەرەو سەرەوە، ژنی کوڕو کوڕی کوڕو بەرەو خوارەوە، دایکی ژنیو دایکی داپیریو بەرەو سەرەوە، کچی ژنی ڕەبیبەو کچەکانیو کچی منداڵەکانی.

ئەوەی شایەنی باسە، خوای گەورە لەمبارەیەوە لە سوورەتی نساء لە ئایەتی (٢٢) دەفەرموێ: ((وَلا تَنْكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاءِ إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً ومَقْتًا وسَاءَ سَبِيلاً)) واتە ژنانێ کە باوکانتان مارەیان بڕیون مارەیان مەبڕن، مەگەر ئەوە کە بەر لەم حوکمە کرابێ، چونکە ئەمە خراپەو نەشیاوە، وە ڕقهێنەرەو ڕەوشتێکی بەدفەڕە .

هەروەها لە ئایەتی (٢٣) لە هەمان سوورەتدا دەفەرموێ: ((وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَائِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلابِكُمْ)).

واتە دایکانی خێزانتانو کچانی ژنانتان کە لەماڵی ئێوە گەورەبوون، لە ژنانێ کە دەستتان لەگەڵیان تێکەڵاو بووە، بەڵام ئەگەر تێکەڵتان نەبووبێ، مارەکردنی کچانی ئەوانە گوناح نیە بۆتان، هەروەها ژنانی کوڕانی پشتی خۆتان لێتان حەرامە.

٣- پێکنەشیان بەهۆی شیرپێدانەوە

لە مادده/١٦ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((هەرکەسێك بە خزمایەتیو زاوایەتی حەرام کرابێت، بە شیرپێدان حەرام دەبێت، جگە لەوانەی شەرع ڕیزپەڕی کردوون)).

بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە ئەوانەی بەهۆی خزمایەتی وەیان زاوایەتی پێکناشێن بەهۆی شیرپێدانیش پێکناشێن، لەم بارەیەوە خوای گەورە لە سوورەتی نساء لە ئایەتی (٢٣)فەرموویەتی: ((وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ)) واتە لێتان حەرام کراوە مارەکردنی دایکانێ کە شیریان بە ئێوە داوەو هەروەها خوشکانی شیریش.

هەروەها لەمبارەیەوە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: ((یحرم من الرضاع مایحرم من النصب)).

دووەم: پێکنەشیانی کاتی

ئەو ئافرەتانەی بەشێوەیەکی کاتی نەشیاو دەبن، ئەو ئافرەتانەن کە لەبەر چەند هۆیەکی نائاسایی نەشیاو دەبن، جا ئەگەر ئەو هۆیانە نەمان نەشیاوێتیەکەشیان نامێنێو شیاو دەبن بەپێی پرنسیپی ئەگەر ئەوشتەی بەرهەڵستە لابچێ قەدەغەکراو دەگەڕێتەوە (اذا زال المانع عاد الممنوع).

١- هێنانی ژنی پێنجەم

بەپێی حوکمەکانی ماددە/١٣ ی یاسای عێراقی پیاو بۆی نیە ژنی پێنجەم بهێنێ ئەگەرهاتوو چوار ژنی تریشی هەبێتو گرێبەستی هاوسەرگیریی لە نێوانیاندا هەبێتو هەر هەمووشیانی لە ئەستۆ مابێت. لە ماددەی ناوبراودا هاتووە: ((...نەشیاوی کاتی بریتییە لە حاڵەتی کۆکردنەوەی پتر لە چوار ژنو...)).

هەروەها لەم بارەیەوە خوای گەورە لە سورەتی النساء لە ئایەتی (٣) فەرموویەتی ((فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ)) واتە دوان یان سیان یا چوار ژن بۆخۆتان مارەی ببڕن.

بەلاَم هەركاتێك یەكێك لە هاوسەرەكانی گیانی لەدەستدا وەیان پەیوەندی نێوانیان بە هۆیەك لە هۆیە یاسایی‌و شەرعییەكان پچڕا وەك تەلاَق وەیان دەستلێكبەردانی دادگەیی، ئەوكاتە هیچ بەربەستێك بۆ هێنانی ژنی پێنجەم نامێنێ.

٢- بێ ئایین‌و بێ ئایینی ئاسمانی

بەپێی مادده/١٣ ی یاسای باری كەسیی عێراقی هیچ موسڵمانێك بۆی نیە ژنێكی بێ ئایین یان موشریك وەیان بتپەرست یان ژنێك هیچ باوەڕی بە ئایینە ئاسمانیەكان نەبێت بهێنێ.

لەمبارەیەوە خوای گەورە لە سوورەتی (الممتحنة) لە ئایەتی (١٠) فەرموویەتی: ((وَلا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الكَوَافِرِ)) واتە ژنانی كافر بە ژنانی خۆتان ڕامەگرن. بەلاَم ئەو ژنانەی باوەڕیان بە ئایینێكی ئاسمانی بێ لە ئایینی ئیسلام هەبێت وەك جوولەكەو دیان بە موسڵمان دەشێن، هەروەها ئەو ژنەی بێ ئایینە ئەگەر باوەڕ بهێنێ. لەم بارەیەوە خوای گەورە لە سوورەتی (بقرة) لە ئایەتی (٢٢١) فەرموویەتی: ((وَلا تَنْكِحُوا المُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ)) واتە ژنانی موشریك مارە مەكەن مەگەر بڕوا بێنن.

٣- سێ بەسێ تەلاَق كەوتوو

بەپێی هەمان مادده[١] ئەگەر پیاوێك ژنەكەی خۆی سێ بەسێ تەلاَق بدات بەشێوەیەكی كاتی پێك ناشێن. وە ئەم نەشیاوێتیەش بە مێردكردنەوەی بە یەكێكی ترو دەست لێكبەردانیان یان بە مردنی مێردی ژنە تەلاَق دراوە سێ بە سێ كەو تێپەڕبوونی ماوەی عیددە كۆتایی دێت.

---

[١] - مادده/١٣ ی یاسای باری كەسیی عێراقی.

مەبەست لە سێ بەسێ تەلاَقكەوتوو ئەو جۆرە تەلاَقەیە كە لە سێ دانیشتنی جیاواز لە كاتو شوێندا كەوتبێ، هەروەكو لە دەقی مادده/ ٣٧ ی یاسای باری كەسیی عێراقیدا هاتووە[١].

بەڵگەی شەرعی بۆ ئەم نەشیاوێتیەش فەرموودەی خوای گەورەیە كە لە سوورەتی (بقرة) لە ئایەتی (٢٣٠) دەفەرموێ: ((فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ)) واتە ئەگەر دوای دوو تەلاَقەكەو گەڕانەوەی بۆ جاری سێیەم ژنەكەی تەلاَق دا، لەوە دوا، دوای تەلاَقی سێیەم ئەو ژنەی بۆ حەلاَڵ نیە، مەگەر مێردێكی تر بكاتو لەگەڵیشی جووت بێ، جا ئەگەر مێردە دووەمەكە ئەوی تەلاَق دا گوناحیان لەسەر نابێ ئەگەر بگەڕێنەوە لای یەكترو ببنەوە حەلاَڵی یەكتر.

بەڕای من گرێبەستی هاوسەرگیری وەك هەر گرێبەستێكی تر، بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتیو پێویستی بەردەوام بوونی ژیانی كۆمەلاَیەتی هاتۆتە ئاراوە. جا وێڕای هەندێك جیاوازی لە نێوان گرێبەستێكو گرێبەستێكی تر بەپێی ئەو ناوەڕۆكەی كە لەخۆی گرتووە یان ئەو بوارەی كە ڕێكی خستووە، دەكرێ لایەنەكانی گرێبەستەكە چ بەپێی ڕێككەوتنی خۆیان یان بڕیاری دادگا خۆیانی لێ ئازاد بكەن، یانیش بە پێچەوانەوە دوای هەڵوەشاندنەوەی جارێكی تر بە گرێبەستێكی نوێوە بگەڕێنەوە لای یەكتری.

---

[١] -دەقی مادده/٣٧ ی یاسای باری كەسیی عێراقی: ((١- مێرد سێ تەلاَقی دەرهەق بە ژنەكەی بە دەستەوەیە.

٢- تەلاَقدانی گوتراو بە ژمارە چ بە قسە یان بە ئاماژەبۆكردن تەنیا یەك تەلاَق دەخات.

٣- ئەو ژنەی سێ جاری جیا جیا تەلاَق بدرێت، دەبێتە تەلاَقی جوداكەری گەورە (بینونة كبری).

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە چ پێویست دەکات ڕێگری لەهاوسەرەکان بکرێت جارێکی تر ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری پێکەوە بنێنەوە هەتا ئەگەرهاتوو زیاتر لە سێ جارانیش ژیانی هاوسەرگیری پێشوویان کۆتایی پێ هێنابێت.
بە مانایەکی تر، ئەم پۆلینکردنەی تەڵاق‌و دەستلێکبەردانە، چ پێویست دەکات، مەبەستم دابەشکردنی تەڵاق بۆ تەڵاقی بەرگەڕانەوەو تەڵاقی جوداکەری بچووك‌و تەڵاقی جوداکەری گەورە، لەکاتێکدا هەروەکو دەزانین ئەم گرێبەستەش وەکو گشت گرێبەستەکانی تر ئارەزوومەندانەیەو بۆ بەرژەوەندی مرۆڤەکان بڕیاری لەسەر دراوە جا چ پێویست بەوە دەکات ئەرکی سەرشانی هاوسەرەکان لەکاتی تەڵاقی جوداکەردا قورس بکرێت، لەکاتێکدا ئەگەر خۆیان ئەوەیان نەوێت. بۆیە داوا لە یاسادانەری عێراق‌و پەرلەمانی کوردستان دەکەم یاسای باری کەسی هەمواربکەنەوەو ئەم کۆسپ‌و تەگەرانەش لە بەردەم هاوسەرەکان هەڵبگرن‌و ڕێگایان پێبدەن کە لەدوای پچڕانی پەیوەندیی هاوسەرگیری بە هەر هۆیەك بێت لەوانەش فڕێدانی سێ تەڵاقی جیا لە سێ کات‌و شوێنی جیا لەلایەن مێردەکەوە یان ئەو دەستلێکبەردانەی لە حوکمی ئەودایە، جارێکی تر ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری درێژە پێ بدەنەوە، چونکە ئەوە زۆر باشترە لەوەی ڕێگایان لێ بگرین‌و چەندین کێشەی تری کۆمەڵایەتیان لە ئاکامی ئەمەدا بۆ دروست بکەین‌و ئەم پەیوەندییە بۆ هەتاهەتایە بپچڕێنین‌و ئەو خانەوادەیە لە یەکگرتنەوە بێ ئومێد بکەین.

٤- ژنێك مافی كەسێكی تری بەسەرەوە بێ وەیان عیددەی بەسەر نەچوبێ

ئافرەتی بە مێرد مافی كەسانی تری بەسەرەوەیە، بۆیە تا گرێبەستی هاوسەرگیری لەنێوان ئەو ژنەو مێردەكەی كۆتایی پێ نەیەت، چ لەڕێگای مردنی هاوسەرەكەی وەیان بەهۆی دەست لێكبەردانیانو تێپەڕبوونی ماوەی عیددە، كەسێكی تر بۆی نیە مارەی بكات.

ماوەی عیددەش بەپێی جۆری عیددەكە دەگۆڕێ، بۆیە گرینگ نیە عیددەكە عیددەی دەست لێكبەردان بێت، یان عیددەی مردن، یان عیددەی سكپڕی بێت.

لەبارەی عیددەی دەستلێكبەردانەوە خوای گەورە لە سوورەتی بەقەرە لە ئایەتی (٢٢٨) دەفەرموێ: ((وَالمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ)) واتە ژنانی تەلاق دراو دەبێ بۆماوەی سێ جار تێكەوتنو پاك بوونەوە لە خوێنی بێنوێژی چاوەڕوان بن واتە لەسەر مێردەكەیان ڕاوەستن .

هەروەها لەبارەی عیددەی مردنەوە لە سوورەتی بەقەرە لە ئایەتی (٢٣٤) دەفەرموێ: ((وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَّتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا)) واتە كەسانێ كە لە ئێوە دەمرنو ژنانێك بەجێ دێڵن دەبێ چوارمانگو دە ڕۆژ چاوەڕوان بن.

هەروەها بۆ عیددەی ئەو ژنەی كە سكی پڕەو تەلاق دراوە یان سكی پڕەو پیاوەكەی مردووە لە سوورەتی تەلاق لە ئایەتی (٤) دەفەرموێ: ((وَأُولاَتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ)) واتە عیددەی ژنانی دووگیان ئەوەیە كە لە منداڵ ببنەوە. كەواتە پیاوێكو ژنێكی بە مێرد یان ژنێكی تەلاق دراو بەلاَم ماوەی عیددەی بەسەرنەچووبێ، وەیان ژنی مردوێك بەلاَم عیددەی بەسەرنەچوبێ بەیەكتری ناشێن، بەلاَم هەركاتێك ئەو هۆیانە نەمان ئەوكاتە بەیەكتری دەشێن.

٥- هێنانی خوشکێك بەسەر خوشکەکەی تردا

ناشێ پیاو ببێتە هاوسەری خوشکی ژنەکەی تا لەگەڵ ژنەکەی دەست لێك بەرنەدەن، وەیان نەمرێتو ماوەی عیددەشی لە هەردوو حاڵەتدا بەسەرنەچێت.
لەمبارەیەوە خوای گەورە لە سوورەتی النساء لە ئایەتی (٢٣) فەرموویەتی: ((وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ)) واتە لێتان حەرام کراوە مارەکردنی دوو خوشك پێکەوە مەگەر ئەوەی بەر لەم حوکمە کرابێ.

سێیەم: خواستنی خاوەن کتابە ئاسمانیەکان

دەکرێ پیاوی موسڵمان ژنێکی خاوەن کتابێکی ئاسمانی وەك جولەکە یان دیان بهێنێ چونکە هەردووکیان لەسەر ئایینی ئاسمانین، بەلاّم نابێ ژنێك بهێنێ کە باوەڕی بەهیچ ئایینێکی ئاسمانی نەبێ وەك بتپەرستێك یان گاپەرستێك هەروەها مێردکردنی ژنێکی موسڵمان بە ناموسڵمانێك هەرچەندە خاوەن کتابی ئاسمانی بێت دروست نیەو حەرامە.
یاسای باری کەسیی عێراقی ناوبراو لەمبارەیەوە لە ماددە/١٧ دەقنووسی کردووە: ((دروستە پیاوی موسڵمان ژنێکی کتابی بهێنێت، بەلاّم دروست نیە ژنێکی موسڵمان، مێرد بە پیاوێکی ناموسڵمان بکات.
هەروەها خوای گەورە لەمبارەیەوە لە سوورەتی مائیدە لە ئایەتی (٥) دەفەرمێ: ((اليَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ وَالمُحْصَنَاتُ مِنَ المُؤْمِنَاتِ وَالمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ)).

واتە ئەمڕۆ خواردەمەنی پاك بۆ ئێوە حەڵاڵ کراوە هـەروەها خواردەمـەنی ئـەهلی کتاب بۆ ئێوە حەڵاڵەو خواردەمەنی ئێوەش بۆ ئەوان حەڵاڵـە، وە هـەروەها ژنـانی داوێن پاك لە بڕواداران‌و ژنانی داوێن پاك لە کەسانێ کە بەر لە ئێـوە کتێبیـان پـێ دراوە بەو مەرجەی مارەیی‌و ئەجریان بدەنێ.

٤- ئاکامەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری

گرێبەستی هاوسەرگیری هەندێك ئاکامی هەیە، لەوانە کە تایبەتە بە ژن، هەندێکی تری تایبەتە بە پیاو، هەندێکی تریشتایبەتە بە هەردووکیان واتە هاوبەشە لەنێوان هەردوو هاوسەرەکە.

لەخوارەوە لە سێ خاڵدا باسیان دەکەین:

أ- مافەکانی ژن

ژن هەندێك مافی لەسەر مێردەکەیـەتی، هەنـدێکیان مـافی دارایـین، وەك مـارەیی‌و بـژێو، هەنـدێکی تریشـیان نـادارایین وەك مامەڵـەکردن بـە شـێوەیەکی بـاش‌و دادپەروەرانە، لەخوارەوە لە سێ خاڵدا باس لەم مافانە دەکەین:

یەکەم: مارەیی

مـارەیی بـەپێی قورئـانی پـیرۆز [1] و فـەرموودەی پێغەمبـەر [1] و بـیروڕای یاسـازانان‌و بەپێی حوکمەکانی یاسای باری کەسیی عێراقی بەرکار مافێکی ڕەوای ژنە [2].

[1] - خوای گەورە لە سوورەتی النساء لـە ئایـەتی (٤) دا فەرموویـەتی: ((وَآتُـوا النِّسَـاءَ صَـدُقَاتِهِنَّ نِحْلَـةً فِـإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًـا مَّرِيئًـا)) واتـە بـەناوی پێشـکەش مـارەیی ژنـان بـدەن، جـا گـەر ژنەکان بە دڵ شتێکیان لەو مارەییە بە ئێوە بەخشی‌و حەڵاڵی بیخۆن. هـەروەها لـە ئایـەتی (٢٤) لـە هـەمان

بەو بڕە پارەیە یان بەها داراییە دەوترێ مارەیی کە ژن لە مێردی خۆی بەهۆی ڕێککەوتنی هاوسەری وەیان بە جووتبوون دەیکەوێ.

شایەنی وتنە، هەموو ژنێك لەڕێگای گرێبەستی هاوسەرگیریدا ئەو مارەییەی دەکەوێ، بەلاّم لە ئەنجامی دەست لێکبەردانی بەر لە گواستنەوەو جووتبوون نیوەی دەسووتێ.

مارەیی لەڕووی کاتی دانەکەی دەبێتە مارەیی پێشەکی(المعجل)و مارەیی دوایی (المؤجل) هەروەها لەڕووی دیارکردنو نەکردنی بڕی مارەییەکە دەبێتە مارەیی ناونراو (المهر المسمى) و مارەیی هاوچەشن(مهر المثل).

لەڕاستیدا، ئەگەر بڕی مارەییەکە لەناو گرێبەستی هاوسەرگیریدا دیارکرا، ئەوا هیچ گیروگرفتێك ڕونادات، بەلاّم ئەگەر ئەم بڕە دیارنەکرا ئەوا مارەیی هاوچەشنی بۆ دیار دەکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ مەسەلەی تەمەنو جوانیو لەش ساغیو ئاقڵیو باری داراییو پەردەی کچێنی لەبەرچاو بگیرێ.

هەرچەندە مارەیی مافێکی ڕەوای ژنەو لەڕێگای گرێبەستی هاوسەرگیریدا دەیکەوێ، بەلاّم دیارنەکردنی ئەم مارەییە لەناوگرێبەستەکەدا نابێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی گرێبەستەکە، بەڵکو سەرەڕای ئەمە گرێبەستەکە بە

سوورەتدا دەفەرموێ: ((فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ)) واتە جا ئەگەر دەستتان لەگەڵ تێکەڵکردن، ئەجرو هەقەکەیان بەناوی فەرزو واجب بدەنێ.

[1] -لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ): ((التمس ولو خاتما من حديد)) وەرگیراوە لە عن نظام الدين عبد الحميد: احكام الاسرة في الفقه الاسلامي، سەرچاوەی پێشوو ل١٥٦.

[2] - یاسای باری کەسیی عێراقی بەرکار لە بابی سێیەم لەژێر ناونیشانی (مافەکانی هاوسەرێتیو حوکمەکانی) لە فەسڵی یەکەم لە ماددە/ ١٩ تاکو ماددە/ ٢٢ ی بۆ مارەیی تەرخان کردووە.

گرێبەستێکی ڕاستو دروست لەقەڵـەم دەدریو بـۆ دیـارکردنی مارەییەکـەش پـەنا دەبرێتە بەر مارەیی هاوچەشن بەو شـێوەیەی سـەرەوە، چـونکە مـارەیی ڕایـەڵێك (رکن) نیە لە ڕایەڵەکانی گرێبەستی هاوسەرگیریدا.

هەروەها ئەکەر کاتی دانی مارەییەکـە دیارنـەکرابوو، ئـەوا هـەرکاتێك ژنەکـە داوای بکا موستەحەق دەبێ[1].

بەپێی مادده/١٩ ی یاسای باری کەسیی عێراقی بەرکار ژن مـافی مـارەیی نـاوبراو لە گرێبەستی هاوسـەرێتییەکەی هەیـە، وە ئەگـەر ناویشـی لێ نـەهێنرا ئـەوا مـافی مارەیی هاوچەشنی هەیە.

ئەمەی خوارەوە دەقی ماددەی ناوبراوە: ((١- ژن مافی ئەو مارەییـەی هەیـە کـە لە گرێبەسـتی هاوسـەرێتی دیـارکراوە، ئەگـەر دیـاری نـەکرابوو یـا لـە بنەڕەتـەوە نکۆڵی لێ کرا، ئەوا مارەیی هاوچەشنی دەدرێتێ.

٢- ئەگەر خوازبێن برێك دارایی پێش بەستنی گرێبەستەکە بەناوی مارەییـەوە بـە دەسـگیرانەکەی دا، دوایـی لایـەنێکی گرێبەسـتەکە لەسـەر بەسـتنی گرێبەسـتەکە پەشیمان بووەوە یان مرد، دەتوانرێ ئەم داراییە

وەرگیراوە بگەڕێندرێتەوەو ئەگەر لەناویش چووبێت لەجیاتیەکەی وەردەگیرێت.

٣- حوکمەکانی بەخشین لەسەر دیارییەکان پەیڕەو دەکرێت)).

لە دەقی ئەم ماددەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مارەیی لەسەر ئەستۆی پیاوە نـەك ژن، وە بە بوونی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست یان بە جووتبوون دێتە دی.

[1] -بڕیاری دادگای پیاچوونەوە (محكمة التمييز)ی عیراقی ژمارە (٤٢٨) کەسایەتی/١٩٨ لە ١٩٧٨/٣/٢ مجلة الاحكام العدلية ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٧٨ ل٧٢.

هەروەکو بەرلە ئێستا ئاماژەمان پێی کرد مارەیی دوو جۆری هەیە، یەکێکیان ناو نراوە ئەوەی تریشیان هاوچەشنە.

مارەیی ناونراو ئەو مارەییەیە کە لە کاتی بەستنی گرێبەستەکە بە ڕاشکاوەیی ناوی لێ نراوەو لەسەری ڕێك کەوتوون. بەڵام مارەیی هاوچەشن ئەو مارەییەیە کە لە کاتی فرامۆشکردنیدا لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا پەنای دەبردرێتە بەر. لە سێ حاڵەتدا ژن مافی مارەیی هاوچەشنی هەیە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

أ–ناونەهێنانی مارەیی لە گرێبەستێکی دروست دا، بۆنموونە پیاوێك بە ئافرەتێك بڵێ میردم پێ بکە، ئافرەتەکەش بڵێ مێردم پێ کردی، لەم حاڵەتەدا ژنەکە مافی مارەیی هاوچەشنی هەیە مادام لەسەر بڕی مارەییەکە ڕێك نەکەوتوون.

ب_ئەگەر هەردوو هاوسەر ڕێککەوتبن لەسەر دوورخستنەوەی مارەییەکە، بۆنموونە پیاوێك بە ئافرەتێك بڵێ تۆم هێنا بەو مەرجەی مافی مارەییت نەبێ، ئەویش بڵێ قبووڵم کرد. لەم حاڵەتەدا مەرجی دوورخستنەوەی مارەییەکە پووچەڵ دەبێت و گرێبەستەکەش دروست دەبێت، واتە ژنەکە مافی مارەیی هاوچەشنی دەبێت.

ج_ئەگەرهاتوو مارەییەکە جۆرەکەی یان ڕەگەزەکەی دیار نەبوو، بۆنموونە مارەییەکە خانوێك یان پارچە زەوییەك بێت بەبێ ئەوەی دیاربکرێ.

د–ئەگەرهاتوو ئافرەتێك مارەیی ئافرەتێکی تر بوو، بۆنموونە لە هاوسەرگیری ژن بە ژن دا ئەگەرهاتوو هەریەکێك لە ژنەکان مارەیی ژنەکەی تر بێت، لەم حاڵەتەدا سەرەڕای ئەم ناوهێنانە هەریەکێك لە ژنەکان (بنپشکەکان) مافی مارەیی هاوچەشنی هەیە.

هـ-ئەگەرهاتوو ژنەکە نەیتوانی مارەییە ناونراوەکە بسەلمێنێ دادگا بۆی هەیە پەنا بباتەبەر دیارکردنی مارەیی هاوچەشن[1].

حوکمی پێشخستنو دواخستنی مارەیی:

لە دەقی ماددە/٢٠ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((١-دەتوانرێت هەموو مارەیی یان هەندێکی پێشەکی وەربگیرێت یا دوابخرێت. ئەگەر دەقێك لەسەر ئەوانە نەبوو ئەوا پەیڕەوی دابو نەریت دەکرێت.

١-بە مردنو تەلاقدان ماوەی دیاریکراو لە گرێبەستەکە بۆ وەرگرتنی مارەیی نامێنێت)).

لە دەقی ئەم ماددەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە هاوسەرەکان بۆیان هەیە هەموو مارەییەکە یان هەندێکی دوابخەن بۆ نزیکترین کات لە تەلاق یان مردن وە بەشەکەی تریشی پێش بخەن.

بەلام ئەگەر دەقێك لەسەر ئەمانە نەبوو ئەوکاتە بەپێی دابو نەریت کار دەکرێ.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بەپێی ئەو دابو نەریتەی لە عێراقدا باوە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا هاوسەرەکان لەسەر پێشخستنی بەشێکی مارەییەکەو دواخستنی بەشەکەی تری ڕێك دەکەون.

هەروەها ئەگەرهاتوو ماوەیەك بۆ پێشکەشکردنی مارەییەکە دیاری کرابوو بە تەلاقدان یان مردن ئەو ماوەیە نامێنێو لەکاتی ڕوودانی یەکێك لەو ڕووداوانەدا ژنەکە مافی وەرگرتنی مارەیی دەبێت.

---

[1] - بڕیاری دادگای پیاچوونەوە (محكمة التمييز)ی عیراقی ژمارە (٤٣٦) کەسایەتی یەکەم/٩٧٢ لە ١٩٧٢/٤/٢٠ مجلة النشرة القضائية ساڵی ١٩٧٢ ل١٩٨. هەروەها بڕیاری دادگای پیاچوونەوە (محكمة التمييز)ی عیراقی ژمارە (١٧٨٤) کەسایەتی/١٩٧٥ لە ١٩٧٥/١٢/٢٢ مجلة الاحكام العدلية ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٧٥ ل٨٣.

مارەیی پاشەکی (دواخراو) جێگیرنابێت لە ئەستۆدا هەروەها ناکرێ داوا بکرێ مەگەر دوای جووتبوون[1].

وە ئەگەرهاتوو پیاوەکە مارەییە پێشەکیەکە نەداتە هاوسەرەکەی، بۆی هەیە گوێڕایەڵی مێردەکەی نەبێت[2].

هەروەها ئەگەرهاتوو لەکاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیریەکەدا پاشەکی مارەییەکەی دیار نەکرابوو، نابێ مارەیی هاوچەشنی بۆ ببڕێتەوە[3].

هەروەها نەدانی مارەییە پێشەکییەکە لەلایەن مێردەکەوە بۆ ژنەکەی نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە، بەڵکو بۆی هەیە گوێڕایەڵی نەبێت تاکو دەیداتێ[4].

لەچ کاتێك ژن مافی هەموو مارەییەکەی دەبێت:

دوای جووتبوون یان مردنی یەکێك لە هاوسەرەکان ژنەکە مافی وەرگرتنی هەموو مارەییە دیاریکراوەکەی هەیە.

لەچ کاتێك ژن مافی نیوەی مارەییەکەی دەبێت:

دوای تەڵاقدان بەر لە جووتبوون ژنەکە مافی وەرگرتنی نیوەی مارەییەکەی هەیە[1].

---

[1] -بڕیاری دادگای پیاچوونەوەی عێراقی ژمارە ١٧٨٤ /کەسایەتی/١٩٧٥ لە ١٩٧٥/١٢/٢٢ مجلة الاحكام العدلية العدلية ژمارە ٤ ساڵی ١٩٧٥ ل٨٣.

[2] - بڕیاری دادگای پیاچوونەوەی عێراقی ژمارە ٦٧٣ /دەستەی گشتی/١٩٧٩ لە ١٩٨٠/٥/١٠.

[3] - بڕیاری دادگای پیاچوونەوەی عێراقی ژمارە ٢٠٩ /کەسایەتی/١٩٨٠ لە ١٩٨٠/٧/٢٠ مجلة الاحكام العدلية ژمارە ٣١ ساڵی ١٩٨٠ ل٥٦٧.

[4] - بڕیاری دادگای پیاچوونەوەی عێراقی ژمارە٢٧٦ /دەستەی گشتی/١٩٨٠ لە ١٩٨٠/٥/١٢.

سەبارەت بە هەردوو حاڵەتی سەرەوە لە دەقی مادده/٢١ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((ژنەکە هەموو مارەییە دیاریکراوەکەی دەدرێتێ دوای جووتبوون یا مردنی یەکێك لە هاوسەرەکان، ئەگەر پێش جووتبوون تەلاّق بدرێت نیوەی مارەییە دیاریکراوەکەی پێ بدرێت)). هەروەها لە مادده/٢٢ی هەمان یاسادا هاتووە: ((ئەگەر لێك جیابوونەوە دوای جووتبوون لە گرێبەستێکی هاوسەرگیری نادروست ڕوویداو مارەییەکەشی دیاری کرابوو، ئەوا کەمترین مارەیی لە مارەییە دیاریکراوو مارەیی هاوچەشن وەردەگرێت، بەلاّم ئەگەر مارەییەکە دیاری نەکرابوو، ئەوکاتە مارەیی هاوچەشن وەردەگیرێت)).

دووەم: بژێو (النفقة)

بەو بەرامبەرە دەوترێ بژێو کە مرۆڤ دەیداتە ژنەکەی وەیان ئەو خزمو کەسەی کە بەخێوی دەکات.

هاوسەرگیری هۆکاری پێ بژاردنی بژێوی ژنە هەروەکو چۆن خزمایەتی‌و پەیوەندی خوێن هۆکاری پێ بژاردنی بژێوی دایك‌و باوك‌و منالاّنە.

بەم پێیە، ئەگەرهاتوو ژنەکە مەرجەکانی هاوسەرێتی تیابوو وەك مەرجی ڕاستی‌و دروستیی گرێبەستەکە، هەروەها دەستدانی ژنەکە بۆ هامووشۆی ژن‌و مێردایەتی (المعاشرة الزوجية) ئەوا مافی بژێوی دەکەوێتە سەر مێردەکەی.

بژێوەکە خواردن‌و جل‌و بەرگ‌وپێداویستیەکانی نیشتەنی‌و نیشتەجێبوون‌و داوو دەرمان‌و کرێی پزیشك دەگرێتەوە، گرینگیش نیە ژنەکە لە ماڵی باوکی بێ یان لە

---

[1] -خوای گەورە لە سوورەتی بەقەرە لە ئایەتی ٢٣٧دا دەفەرمووێ: ((وان تلقتموهن قبل ان تمسوهن وقد فرضتم لهن فريضة فنصف مافرضتم)).

ماڵی مێردەکەی، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم مافەی دەکەوێ، تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە لەماڵی کەسو کاری بێو سەرەڕای داوای مێردەکەی بۆ گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆی نەگەڕێتەوەو بە ناهەق فەرمانەکە جێ بەجێ نەکات.

ئەگەرهاتوو هۆی جێ بەجێ نەکردنەکە ئەوەبێ کە پیاوەکەی مارەیی پێشینەی نەدابیتێ وەیان لە بژێوەکەی کەمتەرخەمی کردبێ ئەوا جێ بەجێ کردنەکە بە هەق لەقەڵەم دەدرێو بژێوی ژنەکە دەبێتە قەرز لە ئەستۆی مێردەکەی لەو کاتەوە کە مێردەکەی سەرپێچی دەکا لە بژاردنی بژێوەکە تا ئەوکاتەی ژنەکە داوای دەکا.

یاسادانەری عێراقی بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی بژێوی ژن داوە، بۆیە لە ماددە/٣١ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا ڕێگای بە دادوەر داوە کە لە خۆیەوەو بەبێ داوای ژنەکە لەکاتی سەیرکردنی داوای بژێویدا بڕیاری تەرخانکردنی بژێوێکی کاتی بۆ ژنەکە بدا بە چەشنێك کە ئەم بڕیارە توانای جێبەجێکردنی هەبێ.

لەمەش گرینگتر، دانانی سندووقێکە بەناوی (سندووقی بژێوی کاتی)[1] کە لە ڕێگەی بوودجەی گشتی ولاتەوە پارەی بۆ تەرخان دەکرێ، ئەم سندووقە بە ئەرکی تەسلیفکردنی بژێوی کاتی بۆ ئەو کەسانە هەڵدەستێ کە بڕیاریان بۆ ئەم مەبەستە بۆ دەرچووە.

سەبارەت بە بژێوی ژن لەسەر مێردەکەی، لە ماددە/٢٣ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((١- بژێوی ژن لەسەر مێردەکەیەتی هەر لە کاتی بەستنی گرێبەستی دروستەوە، هەتا ئەگەر ژنەکە لەماڵی باوکیشی نیشتەجێ

[1] -بڕوانە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ٢٥٣ ی ١٩٨٠/٢/١٨ کە لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) ژمارە ٢٧٥٨ ڕۆژی ١٩٨٠/٢/٢٥ بلاوکراوەتەوە.

بووبێـت، تـەنیا ئەگـەر مێردەکـەی داوای گەڕانـەوەی بـۆ مـاڵی خـۆی لێ بکـاتو ژنەکەش بە ناڕەوایی نەگەڕێتەوە.

٢- نەگەڕانـەوەی ژنەکـە بـە ڕەوا دادەنرێـت مادامـەکێ مێردەکـەی مارەییـە پێشینەکەی نەداتەوە یان خەرجیی نەکێشێ)).

بژێو ئەرکێکە لەسەر شانی مێرد بۆ بەرژەوەندی ژنەکـەی بـەپێی قورئـانی پـیرۆز، هەروەها ڕەفتاری پێغەمبەر (السنة النبوية) (د.خ) و بیروڕای سەرجەم یاسـازانانی موسڵمان (الاجماع) و ئەقڵێ، هەروەها یاسا.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ((وَعَلَى المَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالمَعْرُوفِ لا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا))[1] واتە بۆکەسێ منالّی بۆ لەدایك بوو، پێویستە خۆراكو پۆشاکی دایك بە جۆرێکی شیاو بدا، وە هیچ کەسێ لە توانای خۆی بەدەر تەکلیفی لێ ناکرێ.

هەروەها دەفەرموێ: ((أَسْكِنُوهُنَّ مِن حَيْثُ سَكَنْتُم مِن وَجْدِكُم وَلا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِنْ كُنَّ أُولاَتِ حَمْلٍ فَأَنْفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ))[2] واتـە لـە هـەرکوێ خۆتان ئەژین بە ئەنـدازەی توانـایی خۆتـان جـێو ژیانیـان بـدەنێ، وە بـە زۆر بـۆ هێنان زیانیان پێ مەگەیەنن کە بکەونـە تەنگانـەو ئەگـەر دووگیـان بـوون بـژێویان بدەنێ تا گیانەکەیان دائەنێت.

هەروەها دەفەرموێ: ((لِيُنْفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ وَمَن قُدِرَ عَلِيْهِ رِزْقُهُ فَلَيُنْفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ))[3] واتە بـا دەوڵەمەنـد بەشـێوەی دەوڵەمەنـدی خـۆی بـژێو بـدا بـە کەسـێ کـە

[1] -سورەتی بەقەرە ئایەتی ٢٣٣.

[2] -سورەتی تەلاَق ئایەتی ٦.

[3] - سورەتی تەلاَق ئایەتی ٧.

دەست کورت بێ، لەوەی کە خوا پێی داوە، خوا تەکلیف لە کەسێ ناکا، مەگەر بە ئەندازەی ئەوەی خوا بۆی داوە.

هەروەها لە ڕەفتارەکانی پێغەمبەریشدا ئەم مافەی ژن سەلمێندراوە، لەوانە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) : ((ولهن عليكم رزقهن وكسوتهن بالمعروف))[1] واتە خۆراکو پۆشاکیان بە جۆرێکی شیاو دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئێوە. مەبەستی پێغەمبەر (د.خ) لەم فەرموودەیەدا ئەوەیە کە ژنان خۆراکو پۆشاکیان بەشێوەیەکی شیاو دەکەوێتە سەر ئەستۆی مێردەکانیان.

ئەمەو بە درێژایی چاخەکان یاسازانان لەسەر ئەوە کۆك بوونە کە بژێوی ژن لەسەر مێردەکەیەتی بێ ئەوەی کەسێك هەبێ بیروڕای لەمبارەیەوە جیابێ. هەروەها ئەمەش لەگەڵ حوکمی ئەقڵ دەگونجێ چونکە ئەرکی ژن بایەخ دانە بە کاروباریماڵەوەو سەرپەرشتیکردنو پەروەردەکردنی مناڵان بۆیە دەبێ بژێویەکەی لەسەر مێردەکەی بێت. لەچوار خاڵدا باس لە بژێوی ژن دەکەین لەگەڵ کاتی دەستپێکردنو مەرجەکانی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١_بنچینەی خەملاندنی بژێو.

٢_زیادکردنو کەمکردنەوەی بژێو.

٣_ ڕێگاپێدانی دادوەر بە ژن بۆئەوەی قەرز بکات.

٤– ڕێگاپێدانی دادوەر بە ژن بۆئەوەی قەرز بکات هەروەها حوکمی بۆ دەربکات بە بڕینەوەی بژێوێکی کاتی.

٥_ حوکمی قەرزی بژێو (حكم دين النفقة).

[1] - نظام الدين عبد الحميد: احكام الاسرة في الفقه الاسلامي، سەرچاوەی پێشوو ل١٧٦.

١- ئەوشتانەی بژێو دەیانگرێتەوە لەگەڵ کاتی دەستپێکردنو مەرجەکانی لە خوارەوە لەسێ خاڵدا باسیان دەکەین:

أ- ئەوشتانەی بژێو دەیانگرێتەوە:

بەپێی بڕگەی دوو لە مادده/٢٤ ی یاسای باری کەسیی عێراقی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراو بژێوو خواردن و جلو بەرگو پۆشاکو جێگای حەوانەوەو پێداویستیەکانیو کرێی چارەسەرکردن لە نەخۆشیو خزمەتکردنی ژنەکە بەقەدەر هاوچەشنەکەی دەگرێتەوە.

سەبارەت بەمە، لە بڕگەی ناوبراو لە ماددەی ناوبراودا هاتووە: ((بژێو ئەوانە دەگرێتەوە: خواردنو پۆشاکو جێگای حەوانەوەو پێداویستیەکانی ناوماڵو کرێی چارەسەرکردن لە نەخۆشی بەو پێوانەیەی کە ناسراوەو خزمەتی ژنەکە بەقەد هاوچەشنەکەی دیاریکراوە)).

هیچ گومانی تیا نیە، ئەم بژێوانەی سەرەوە کە مافی ژنن لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی ژن دەگونجێن.

لە دەقی ئەم ماددەیەدا بۆمان بەدیاردەکەوێ کە بژێوی ژن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١-خواردنو خواردنەوەو خۆراك

لەڕاستیدا، بڕی خواردنو خواردنەوەو خۆراك خۆی لە خۆیدا دیاری نەکراوە، بەڵکو دەبێ ئەو بڕە بێت کە ژیانی ژنەکە زامن بکات.

٢-پۆشاك (الكسوة)

بریتیە لەو جلو بەرگو پۆشاکەی کە ژنەکە پێویستی پێی هەیە بە مەرجێك لەگەڵ توانای دارایی هاوسەرەکەو شوێنی لەنێو کۆمەڵدا بگونجێ.

بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە داب‌و نەریتی کۆمەلآیەتی دەبەستریّ.

٣-شوێنی حەوانەوە (المسکن)

دەبێ شوێنێکی وەهابێت حەوانەوەی ژنەکەی تیا دابین بێت‌و لەگەڵ باری دارایی‌و کۆمەلآیەتی هاوسەرەکەی بگونجێت.

٤-کرێی نوشدارو داوو دەرمان

بڕی ئەم کرێیەش بەو گوێرەیە دەبێ کە باوە لەناو کۆمەڵدا.

٥-خزمەتکردنی ژنەکە ئەگەر ئەو کەسانەی هاوچەشنی ئەون خزمەتکاریان هەبێت. ئەم مافەی لەو حاڵەتەدا دەبێت، ئەگەرهاتوو، ژنەکە بەرلە ئەوکەسانەی وەکو ئەون خزمەتکاریان هەبێت.

ب-کاتی دەستپێکردنی بژێو

لە دەقی بڕگەی یەکی ماددە/٢٣ ی یاسای باری کەسیدا هاتووە: ((بژێوی ژن لەسەر مێردەکەیەتی هەر لەکاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری دروستەوە...)).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کاتی دەستپێکردنی بژێوەکە هاوشانە (متزامن) لەگەڵ کاتی بەستنی گرێبەستەکە ئەگەرهاتوو بەستنی گرێبەستەکە دروست بێت. جا لێرەدا گرینگ نیە ژنەکە لە ماڵی خۆی نیشتەجێ بووبێت یان لە ماڵی کەس‌وکاری، مەگەر مێردەکەی داوای لێ کردبێت کە بگەڕێتەوە ماڵی خۆی‌و ئەویش داواکەی ڕەتکردبێتەوە، لەو حاڵەتەدا مافی بژێوی نابێت.

ج- مەرجەکانی بژێو

ژن مافی بژێوی دەکەوێتەسەر مێردەکەی ئەگەرهاتوو ئـەم مەرجانـەی خـوارەوەی هەبێت.

أ-بوونی گرێبەستێکی دروست بەپێی یاساو شـەرع. کەواتـە بـەپێی گرێبەسـتێکی پووچەڵ یان پێچەوانەی یاساو شەرع مافی بژێوی نابێت.

ب-دەبـێ ژنەکـە دەسـت بـدات بـۆ جووتبـوونو بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی هاوسەرگیری، چونکە ئەم مافە بەرامبەر ئەم ئەرکەیە.

ج-نابێ ژنەکە ناچیزە بێت. ناچیزەبوون بـەو حاڵەتـە دەوتـرێ کـە ژن گوێڕایـەڵی مێردەکەی نەبێت لەو کاروبارانەی کە خوا بە ئەرکی سەرشانی ژنەکـەی دانـاوە بەرامبەر بـە مێردەکـەی. بۆنموونـە، ئەگـەرهاتوو دوای بەسـتنی گرێبەسـتێکی دروست نەچووە ماڵی مێردەکەی سەرەڕای بانگێشکردنی لەلایەن ئەوەوە، لـەم حاڵەتەدا ژنەکە بە ناچیزە دادەندرێتو مافی بژێوی نابێت.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بۆئەوەی ژنەکە لەم حاڵەتەی سـەرەوەدا بـە ناچـیزە دابندرێت، دەبێ مێردەکەی شوێنێکی حەوانەوەی شـەرعی بـۆ دابـین کردبێـت کـە گشت مەرجەکانی حەوانەوەی تیابێت[1].

٢- بنچینەی خەملاندنی بژێو

لـە دەقـی مـاددە/٢٧ ی یاسـای بـاری کەسـیدا هـاتووە: ((بـژێوی ژن لەسـەر مێردەکـەی بـەپێی بـاری دارایـی هـەردووکیان (بـە هـەبوونو بـە نـەبوون) دەخەملێندرێت)).

[1] -د.عبد الرحمن الصابوني: شرح قانون الاحوال الشخصية السوري -في الزواج واطلاق، ط٥، سنة ١٩٧٩ل٣٠٥.

بەپێی ئەم دەقە، باری دارایی هەردوو هاوسەرەکە لەبەرچاو دەگیرێت، ئەگەرهاتوو هەردوو هاوسەرەکە هەبوو بوون، ئەوا ئەو بژێوەی بۆ ژنەکە دیار دەکرێت دەبێ بژێوی هەبووان بێت، وە ئەگەر هاتوو لە نەبووان بوون ئەوا بژێوەکە بژێوی نەبووان دەبێت، وە ئەگەر هاتوو یەکێکیان هەبوو بوو، وە ئەوەی تریش نەبوو بوو، ئەوکاتە بژێوەکە مام ناوەندی دەبێت لە نێوان هەبوونو نەبووندا.

هەر لەمبارەیەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ((لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ مَا آتَاهَا))[1] واتە: ((خوا تەکلیف لە کەس ناکات، مەگەر بە ئەندازەی ئەوەی خوا بۆی داناوە)).

بەم پێیە، ئەگەرهاتوو خەملاندنی بژێوەکە مێردەکەی خستە تەنگژەوە، ئەگەرهاتوو نەبوو بوو و بڕی ئەم بژێوەی بۆ ژنەکەی بڕاوەتەوە لە توانای ئەو زیاتر بوو، ئەوکاتە بەپێی توانای دارایی خۆی بژێوەکەی بۆ خەرج دەکاتو بڕە زیادەکەی تریش دەبێتە قەرز لەسەری تا ئەو کاتەی هەبوو دەبێت.

٣- زیادکردنو کەمکردنەوەی بژێو

ئەگەرهاتوو باری دارایی مێردەکە گۆڕانی بەسەرداهات بە هەبوونیو بە نەبوونی یان گۆڕان بەسەر نرخەکان داهات، ئەوکاتە دادوەر بۆی هەیە لەسەر داوای یەکێك لە هاوسەرەکان بژێوەکە بگۆڕێ بە چەشنێك لەگەڵ بارودۆخە نوێ یەکە بگونجێت[2]. سەبارەت بەمە لە مادده/ ٢٨ی یاسای باری کەسیدا هاتووە: ((١-

[1] - سورەتی تەلاق ئایەتی (٧).

[2] -د.احمد علي والاخرون: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل١١٩.

زیادکردنـەوەو کەمکردنـەوەی بـژێوی ژنەکـە، بـە گـۆڕانی بـاری دارایـی هـەردوو هاوسەرەکەو نرخەکانی ولآت دەگۆڕێت.

٣- لەکاتی سەرهەڵدانی ڕووداوی ناکاودا، پێویستی بەوە کرد کە گۆڕانکاری لـە بژێوی سەپاو بکرێت، دەکرێ داواکاری کەمکردنـەوە یـا زیـادکردنی بژێوەکـە بەرزبکرێتەوەو دادگاش وەریدەگرێت)).

٤-ڕێگاپێدانی دادوەر بە ژن بۆئەوەی قەرز بکات هەروەها حوکمی بۆ دەربکات بە بڕینەوەی بژێوێکی کاتی.

أ- ڕێگاپێدانی دادوەر بە ژن بۆئەوەی قەرز بکات:

لە دەقـی مـاددە/٢٩ی یاسـای بـاری کەسـیی عێراقیـدا هـاتووە: ((ئەگـەر مێردێك ژنەکەی خۆی بەبێ خەرجی جێهێشتو بزربوو یا ون بوو یـا بـێ سەروشـوێن بـوو، دادوەر بڕیاری بژێوی ژنەکە لە ڕێکەوتی بەرزکردنەوەی داواکاریەکـەوە دەردەکـات دوای سەلماندنی ژنو مێردایەتیانو سوێنددانی ژنەکە، کەوا مێردەکەی خەرجی بۆ بەجێ نەهێشتووەو ژنەکە ناچیزە نیەو تەلآق نەدراوەو عیددەشی بەسەرچـووبێت. ئەوکات دادوەر ڕەزامەندی لەسەر قەرزوەرگرتنی پـارە لەلایـەن ژنەکـەوەو بـەناوی مێردەکەی لە حاڵەتی پێویستی دەدات)).

لەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەگەر مێردێك ژنەکەی خۆی بـەبێ خـەرجی بـەجێ بهێڵێ، دادوەر بڕیاری بژێو بڕینەوەی بـۆ دەردەکـات لـە ڕێکـەوتی بەرزکردنـەوەی داواکاریەکەی، هەروەها دادوەر ڕێگای پێ دەدات کە بـە نـاوی مێردەکـەی قـەرزی بکات لەکاتی پێویستیدا.

هـەروەها لـە مـاددە/٣٠ دا هـاتووە: ((ئەگـەر ژنەکـە دەسـتکورت بـوو و ڕێگـای قەرزکردنی پێ درابێت، بـەپێی مـاددەی پێشـوو، ئەگـەر کەسـێك هـەبوو خـەرجی بداتێ (بەدەر لە مێردەکەی) پێویستە لـەکاتی داوای ژنەکـە پـارەو پـووڵی بەقـەرز بداتێ، ئەگەر لە توانایدا بێتو مافی گەڕانەوەی تەنیا لەسەر مێردەکە هەیە. بەڵام ئەگەر لە کەسێکی بیـانی قـەرزکرد، خـاوەن قـەرز سەرپشـکە لـە داواکردنـەوە لـە ژنەکە یا مێردەکەی. ئەگەر کەس نـەبوو بـە قـەرزی بـداتێو نەشـیدەتوانی کارێـك بکات، پێویستە دەوڵەت خەرجی بکێشێت)).

حوکمی ئەم دەقە ئەوەیە، ئەگەر ژنەکە کەسێکی شـك بـرد لەوانـەی مـافی بـژێوی لەسەریانە بێ لە مێردەکەی وەك باوكو برای کە میراتگـری ئـەون، چـونکە ئەمانـە میراتی لێ دەگرن، بۆیە ناچارن بژێوی بکێشن ئەگەر توانای داراییان باش بێت.

لەو حاڵەتەدا بۆیان هەیە لەکاتی گەڕانەوەو بەدەرکەوتنەوەی مێردەکە بگەڕێنـەوە سەریو داوای قەرزەکەی لێ بکەنەوە، بەڵام بۆیان نیە داوا لە ژنەکەی بکەن.

بـەڵام ئەگـەرهاتوو ژنەکـە پـارەی لـە کەسـانێکی بێگانـە قـەرزکرد، ئەوکاتـە ئـەو بێگانەیە بۆی هەیە بگەڕێتەوەسـەر مێـردی ژنەکـە یـان ژنەکـە، بـۆ وەرگرتنـەوەی قەرزەکەی، چونکە میراتگری ژنەکە نینو ئەرکی بژێوی ئەویان لە ئەستۆ نیە.

وە ئەگەر ژنەکە کەسێکی دەست نەکەوت پارەی لێ قەرز بکات، چ لـە خـزمو چ لـە بێگانەو توانای کارکردنیشی نەبوو، ئەوکاتە دەوڵەت ئـەرکی بژێویەکـەی دەخاتـە ئەستۆی خۆیو لە سندووقی بژێوی کاتی پارەی بۆ خەرج دەکات.

ب–بڕیاری دادگا بە بڕینەوەی بژێوی کاتی:

لە دەقی مادده/ ٣١ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((١- دادوەر بۆی هەیە، لەکاتی سەیرکردنی داوای بژێوی، بڕیاری تەرخانکردنی بژێوێکی کاتی بۆ ژنەکە بدات، لەسەر حسابی مێردەکەی و ئەم بڕیارەش شیاو دەبێت بۆ جێبەجێ کردن.

٣- ئەم بڕیارە پاشکۆی ئاکامی حوکمی بنەڕەتی داواکەیە، لە ڕوانگەی حسابکردنی بژێوەکە یا ڕەتکردنەوەی داواکە)).

مەبەستی یاسادانەری عێراقی لەم دەقەدا ئەوەیە، ژیانی ژن دابین بکات لە حاڵەتێکدا، ئەگەرهاتوو دادبینییەکە زۆری خایاندو کێشە بنەڕەتیەکە بەزوویی یەکلا نەبۆوە. بۆیە ڕێگای بە دادوەر داوە بە بڕیارێك بژێوی کاتی بۆ ببڕێتەوە لەسەر حیسابی مێردەکەی وە ئەم بڕیارەش شیاوی جێبەجێکردن دەبێت. هەروەها دەبێتە پاشکۆی ئاکامی حوکمی بنەڕەتی داوایەکە.

٤- حوکمی قەرزی بژێو (حكم دين النفقة)

بژێوی ژن قەرزە لەسەر مێردەکەی لەو کاتەوەی کە خۆی پێی هەڵناستێ سەرەڕای دەرنەچوونی بڕیار لەلایەن دادوەرەوە، یان ڕیك نەکەوتنی هاوسەرەکان لەسەر بڕەکەی.

ئەم قەرزە زۆر بەهێزە، تەنها بە جێبەجێکردن یان گەردەن ئازاکردن نامێنێ. بۆیە ئەو بژێوەی لەسەر ئەستۆی مێردەکە کۆبۆتەوە لە حاڵەتی تەلاق و مردنیشدا هەر دەمێنێ و ناسووتێ.

٥- ژەم پێدان و دایەنخانە

ژەمپێدان (الرضاع) بە کرداری مژینی شیری دایك یان هەر ژنێك لە ڕێگای مەمکەکانیەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەگوترێ. بەپێی شەرعو یاسا دەبێ دایك شیری خۆی بداتە منداڵەکەی تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێ کە لەبەر نەخۆشی ئەوەی پێ ئەنجام نەدرێ هەروەکو لە ماددەی (٥٥)ی یاسای باری کەسی عیراقی کارپێکراودا هاتووەو دەڵێ: ((دەبێ دایك شیری منداڵەکەی بدات تەنها لە حاڵەتی نەخۆشیدا نەبێت کە ڕێگای ئەم کارەی لێ دەگرێت))، بەپێی شەرع ماوەی شیرپێدانی تەواو دوو ساڵە بە بەڵگەی ئایەتی (٢٣٣) لە سوورەتی بەقەرە لە قورئانی پیرۆز کە تیایدا هاتووە: ((وَالوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ)). واتە دەبێ هەموو دایکێك دوو ساڵی تەواو شیری منداڵەکەی بدات، ئەو کەسەی بیەوێ شیرپێدانەکەی بێ کەموکوڕی بێت.

کرێی شیرپێدان دەکەوێتە ئەستۆی باوك چونکە بژێوی منداڵ ئەرکی سەرشانی باوك یان ئەو کەسەیە کە بژێوی منداڵەکەی لە ئەستۆیە لەبەرئەوەی کرێی شیرپێدانیش بەشێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی منداڵ بۆیە کرێی ئەم شیرپێدانە دەکەوێتە ئەستۆی باوك یان ئەو کەسەی بژێوی منداڵەکەی لە ئەستۆدایە هەروەکو لە ماددەی (٥٦) ی یاسای ناوبراودا هاتووەو دەڵێ : ((کرێی ژەمپێدانی منداڵ لە ئەستۆی ئەو کەسەیە کە ئەرکی بژێوی منداڵەکەی پێ ڕاسپێردراوە، ئەم کرێیەش لە بڕی خۆراکەکەیەتی)).

دایك لە هەموو کەسێك بۆ دایەنێتی منداڵەکەی باشترە بۆیە لە کاتی پەیوەندیی هاوسەریداو دوای ئەم پەیوەندییەش لەکاتی دەستلێکبەرداندا مافی پەروەردەکردنو شیرپێدانی منداڵەکەی هەیە، ئەم مافەش لەبڕی ئەو خۆراکە دێت کە دایکەکە لە ڕێگای مەمکەکانیەوە دەیداتە منداڵەکەی.

پێویستە ئەو ژنەی دایەنی منداڵە ساواکەی دەکەوێتە ئەستۆ لێهاتوو (بالغ) بێت واتە تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت بەپێی یاسای عیراقی، هەروەها ئاقڵ‌و دەست پاك‌و بە توانا بێت لە پەروەردەکردن‌و ئاگالێبوونی بە دایەن دراوەکە وە نابێت مێردی بە بێگانە کردبێتەوە.

واتە ئەگەر مێردی بە خزمێکی منداڵەکە کردەوە، ئەم مێردکردنەوەیە ڕێگا لەبەردەم مافی دایەنێتیەکەی ناگرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو مێردە بەگوێرەی بەدایەندراوەکە بێگانە بوو ئەوا دەبێتە کۆسپێك لەبەردەم ئەم مافەداو ڕێگای سوودوەرگرتنی لەم مافە لێ دەگیرێت، هەروەکو لە ماددەی (٥٧)ی یاسای ناوبراودا هاتووەو دەڵێ: ((١-دایك لە هەموو کەسێك زیاتر مافی پەروەردەکردن‌و دایەنێتیی منداڵەکەی هەیە لەکاتی هاوسەریداو دوای لێکجیابوونەوە ئەگەرهاتوو بە دایەندراوەکە زیانی پێ نەگات.

٢-دەبێ دایەنەکە لێهاتوو وئاقڵ‌و دەستپاك‌و بە توانا بێت لە پەروەردەکردن‌و پاراستنی بە دایەندراوەکەو نابێت مێردی بە بێگانەیەك بەگوێرەی بە دایەندراوەکە کردبێتەوە)).

سەبارەت بە حوکمی قەرزی بژێو، یاسادانەری عێراقی لە بڕگەی یەکەمی ماددە/٢٤ ی یاسای باری کەسیدا دەڵێ: ((بژێوی ژنی ناچیزە، قەرزە لە ئەستۆی مێردەکەی هەر لە کاتی نەدانی خەرجیەکەوە)).

هەروەها لەماددە/٣٢ی یاسای ناوبراودا هاتووە: ((بڕی بژێوە نەدراوەکە، بە تەڵاقدان یا بە مردنی یەك لە هاوسەرەکان، ناسووتێ)).

سێیەم: مامەڵەکردن بەشێوەیەکی باش‌و دادپەروەرانە

یەکێکی تر لە مافەکانی ژن، مافی مامەڵەکردنە بەشێوەیەکی باش و دادپەروەرانە. هەرچەندە یاسای باری کەسی ئاماژەی بەم مافە نەکردووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم مافەی نەبێت، چونکە شەریعەتی ئیسلام بڕیاری لەسەر داوە، وە لەبەرئەوەی بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکیە لە سەرچاوەکانی یاسای باری کەسیی عێراقی هەروەکو لە دەقی بڕگە دووی مادده/١ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((ئەگەر دەقێکی دانراو بۆ پیادەکردن نەبوو، پێویستە پشت بە گونجاوترین بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلام کە زیاتر لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایەدا دەگونجێت ببەسترێت)). بۆیە بۆ حوکمی ئەم حاڵەتە دەگەڕێینەوە سەر بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلام.

شایەنی ئاماژەیە، خوای گەورە لە سوورەتی (النساء) ئایەتی (١٩) دا سەبارەت بە مامەڵەکردنی ژن بەشێوەیەکی باش و دادپەروەرانە دەفەرموێ: ((وَعَاشِرُوهُنَّ بِالمَعْرُوفِ)) واتە بەچاکی و شیاوی مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە، دەبێ پیاو قسە و گوفتار و کردار و هەڵس و کەوتی چاك بێت لەگەڵ ژنەکەی.

ب- مافەکانی پیاو

لەبەرامبەر ئەو مافانەی کە ژن لەسەر مێردەکەی هەیەتی، پیاویش هەندێك مافی لەسەر ژنەکەیەتی کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: گوێڕایەڵی

دەبێ ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت، چونکە ئەو سەرۆکی خێزانە و ئەرکی بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خێزانی لە ئەستۆدایە.

سەبارەت بە گوێڕایەڵی ژن بۆ مێردەکەی، خوای گەورە لە سورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٢٨) دەفەرموێ: ((وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ)) واتە ژنان مافیان لەسەر پیاوان هەیە، هەروەها کە پیاوان لەسەر ژنانیان هەیە، بەڵام بۆ پیاوان پلەیەك مافی زیاتر هەیە.

دووەم: مانەوە لە ماڵەوە

دەبێ ژن لەگەڵ مێردەکەی لە ماڵەوە بمێنێتەوە، ئەگەرهاتوو مێردەکەی ماڵی بۆ داناو مارەییە پێشینەکەشی دایە.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا، لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیانی هاوسەرێتی دەگونجێ، کە یەکێك لە ئامانجەکانی هاوسەرێتی لەدایکبوونو پەروەردەکردنی مناڵە.

بۆیە مێرد بۆی هەیە لێنەگەڕێت ژنەکەی بەبێ ڕەزامەندی ئەو بچێتە دەرەوە تەنها لە حاڵەتی پێویستیدا نەبێت.

سەبارەت بە مانەوەی ژن لە ماڵی مێردەکەی، خوای گەورە لە سورەتی (الاحزاب) ئایەتی (٣٣)دا دەفەرموێ: ((وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلا تَبَرَّجْنَ تَبُرُّجَ الجَاهِلِيَّةِ الأُولى)) واتە لە ماڵی خۆتاندا بمێننەوەو هەروەکو پێشاندانی جاهیلییەی یەکەم لەنێو خەڵکدا جوانی خۆتان دەرمەخەن.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ئەگەر ژنەکە ویستی کاربکات، مێردەکەی نابێت لە چوونە دەرەوە قەدەغەی بکات، ئەگەرهاتوو نەبێتە مایەی زیانگەیاندن پێی. چونکە هەروەکو دەزانین هەموو کەسێك چ نێرینە یان مێیینە مافی کارکردنیان هەیە، بۆیە

نابێ ئـەم مافـەی بەشـێوەیەکی نـاڕەوا لێ زەوت بکرێـت کـە یاسـا پێـی بەخشـیوەو کەفالەتیشی دەکات، مەگەر مێردەکە پاساوی بەجێی بەدەستەوە بێت.
هەروەها سەبارەت بە مافەکانی تر وەك مافی خوێنـدن چـونکە پرۆسـەکردنی ئـەم مافانـە، خـۆی لەخۆیـدا چـونەدەرەوە لـە ماڵـەوە دەخوازێـتو قەدەغەکردنیشـی دەبێتە مایەی پرۆسەنەکردنی، وە ئەمەش پێچەوانەی حوکمی یاسایە.

سێیەم: تەمبێ کردن (التأديب)

هەروەکو پێش ئێستا باسمان کرد، دەبێ ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت، جا ئەگەر هاتوو، گوێڕایەڵی نەبوو، مێردەکە بۆی هەیە تەمبێی بکات.
لە هەقیقەتدا، ئەم مافەی پیاو دەگەڕێتەوە بۆ حـوکمی قورئـانی پـیرۆز کـە خـوای گەورە لە سورەتی (النساء) لە ئایەتی (٣٤)دا دەفـەرموێ: ((الرِّجَـالُ قَوَّامُـونَ عَلَـى النِّسَاءِ)) واتە پیاوان کارسازو سەرپەرشتی ژنانن.
هـەروەها تیایـدا هـاتووە: ((وَاللاَّتِـي تَخَـافُونَ نُشُـوزَهُنَّ فَعِظُـوهُنَّ وَاهْجُـرُوهُنَّ فِـي المَضَـاجِعِ وَاضْـرِبُوهُنَّ فَـإِنْ أَطَعْـنَكُمْ فَـلا تَبْغُـوا عَلَـيْهِنَّ سَـبِيلاً)) واتــە ژنانــێ کــە بەرزەفڕنو ئەترسن کەنافەرمانیتان بکـەن، لەبـەرا ئامۆژگارییـان بکـەن، لـە پلـەی دووەمدا جێیان لێ جیابکەنەوە، جا لەپلەی سێیەمدا لێیان بدەنو تەمبێیان بکەن، بەڵام ئەگەر بە قسەیان نەکردن، ئێـوەش بیانویـان پـێ مـەگرنو ڕێـی سـتەمکردن لەوان مەگرنەبەر.
بەپێی حوکمی ئەم ئایەتە، پیاو بۆی هەیە بە شێوازێك لەم شـێوازانەی خـوارەوە، ژنەکەی تەمبێ بکات، ئەگەرهاتوو گوێڕایەڵی نەبوو و لاسار بوو:

أ‌-ئامۆژگاری

ئەگەرهاتوو ژن گوێڕایەڵیی مێردەکەی نەکرد، مێردەکەی بۆی هەیە ئامۆژگاری بکات. ئەمەش بە لێك حاڵیبوونو لەیەك گەیشتن دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە مێردەکە ئەرکەکان دەخاتەوە بیری ژنەکەیو ڕاستیەکانی تێدەگەیەنێتو ڕێگای ڕاستی نیشان دەداتو تێی دەگەیەنێ کە سووربوونی ژنەکەی لەسەر ئەو ڕەفتارانەی ئاکامی باش نابێت.

ب‌-جیاکردنەوەی جێگای خەوتن

ئەگەرهاتوو، ئامۆژگاری ئاکامی باشی نەبوو، ئەوکاتە مێردەکە پەنا دەباتە بەر شێوازی دووەم، کە بریتییە لە جیاکردنەوەی جێگای خەوتن.

بەم پێیە، مێردەکە جێگای خەوتن لە ژنەکەی جیا دەکاتەوە بۆ ماوەیەك کە نابێت لە چوار مانگ زیاتر بێت[1].

ج‌-لێدانو تەمبێکردن

ئەگەرهاتوو، بەکارهێنانی شێوازی پێشوو، ئاکامی باشی نەبوو، ئەوکاتە، مێردەکە بۆی هەیە ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر. ئەویش لێدانو تەمبێکردنی ژنەکەیە، بەلاَم نابێ پەنا ببردرێتەبەر ئەم شێوازە تەنها لە حاڵەتی پێویستیدا نەبێتن هەروەها نابێتئێشو ئازار بە ژنەکە بگەیەنێت.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠١ لەماددەی یەکەمیدا ئەم مافەی لە مێرد وەرگرتۆتەوەو ژنی لە حوکمەکانی بڕگە/١

[1] -د.احمد والاخرون: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل٩٨-٩٩.

ی ماددە/٤١ ی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو[1] ڕیزپەڕ کردووە کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((ماددەی یەکەم: ژن (الزوجة) لە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٦٩) هەڵدەبوێردرێ (تستثني)))[2].

ج- مافە هاوبەشەکانی هەردوو هاوسەر

هەردوو هاوسەر لە هەندێ مافدا هاوبەشن وەکو یەك کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بەیەکەوەژیان

هەردوو هاوسەر دەبێ ژیانێکی ئاسوودەو شادی‌و دوور لە ڕق‌و کینەو دوو بەرەکی لەگەڵ یەکتر بەرنەسەر، چونکە ژیانی هاوسەرێتی لەسەر بنەمای سۆزو خۆشەویستی‌و بەزەیی هاتنەوە بەیەك دامەزراوە، بۆیە دەبێ هەریەکێك لە هاوسەرەکان کارێکی وا نەکات جێگای ناڕەزایی هاوسەرەکەی یان پێچەوانەی یاساو ڕێساو داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی بێت. وە دەبێ هەمیشە گیانی لێبووردنیان بەرامبەر یەك هەبێت.

دووەم: جووتبوون لەگەڵ یەکتری

خوای گەورەغەریزەی سێکسی بەخشیوە بە هەموو توخمێکی نێرینەو مێیینە، لەوانەش پیاوو ژن. هەر بۆیە، هەردوو هاوسەر، بەپێی گرێبەستی هاوسەرگیری مافی

---

[1] - ئەمەش دەقی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراوە: ((لاجريمة اذا وقع الفعل استعمالا لحق مقرر بمقتضى القانون ويعتبر استعمالا للحق: ١- تأديب زوجته وتأديب الاباء والمعلمين ومن في حكمهم الاولاد القصر في حدود ماهو مقرر شرعا او قانونا او عرفا....الخ)).

[2] - بۆ دەقی ئەم یاسایە بڕوانە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٠١/٨/١.

تێرکردنی غەریزەی سێکسییان لەسەر یەکتر هەیەو دەبێ هەریەکێك لە هاوسەرەکان غەریزەی سێکسیی ئەوەی تر تێربکات تەنها لە حاڵەتی بوونی بەربەستێکی شەرعی‌و یاسایی یان پاساوی ڕەوادا نەبێت وەك حاڵەتی نەخۆشی‌و بێنوێژی.

سێیەم: ڕەچەڵەکی منداڵەکان

بەپێی گرێبەستی هاوسەرگیری ڕەچەڵەکی منداڵەکان بۆ هەردوو هاوسەر وەکویەك دەسەلمێندرێت‌و ژنەکە دەبێتە دایکیان‌و مێردەکەش دەبێتە باوکیان[1].

چوارەم: میرات گرتن

بەپێی گرێبەستی هاوسەرگیری دروست، هەردوو هاوسەر مافی میرات گرتنیان لە یەکتری دەبێت.

سەبارەت بەم مافە لە دەقی برگەی /ب ماددە/٨٦ ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((هۆیەکانی میرات دوانن ئەوانیش خزمایەتی‌و هاوسەرێتی دروستە)).

[1] -نظام الدين عبد المجيد: احكام الاسرة في الفقه الاسلامي، سەرچاوەی پێشوو ل١٩٨.

بژێوی دایكو باوك

ئەگـــەر چـــاوێك بـــە فایلـــەكانی دادگـــا یـــان دۆســـیەكانی بەڕێوەبەرایـــەتی جێبەجێكردن بخشێنین چـەندین كێشـەی تایبـەت بـە بـژێوی دایـكو بـاوك بەرچـاو دەكەوێ.

لـە ڕاسـتیدا، ئـەم جـۆرە كێشـانە لـە ئاكـامی خراپـی بـاری گـوزەرانو كـەم دەرامەتی دایكانو باوكان لە لایەكـەوەو دەوڵەمەنـدیو هـەبوویی منداڵـەكانی ئـەو دایكو باوكانە لەلایەكی ترەوە دێنە ئاراوە.

بۆیە ئەگەر ئەو كەسانە بە خۆشیو ڕەزامەندی خۆیان ئاوڕێك لە دایكو باوكیـان بدەنەوەو وەكـو پێویسـت دەسـتی یارمـەتیان بـۆ درێـژ نەكـەن ڕەنگـە ببێتـە هـۆی ئەوەی هەندێك لەو دایكو باوكانە ڕوو لە دادگا بكەن بـۆ بەرزكردنـەوەی داوا لـە دژی منداڵـــەكانیان بەمەبەســـتی بڕینـــەوەی بـــژێوێكی مانگانـــە، ئەوكاتـــە دادگـــا دوای لێكۆڵینەوەو سەلماندنی داواكە بڕیارێك بۆ ئەم مەبەستە دەردەكـاتو بەڕێوەبـەرێتی جێبەجێكردنیش (مديرية التنفيذ) ئەم بڕیارەی دادگا جێبەجێ دەكات.

شـایەنی ئاماژەبۆكردنـە، دادگـا لـە بڕیارەكەیـدا توانـای دارایـی منداڵـە داوا لەسەر تۆماركراوەكەو پێویستیەكانی دایكو باوكە داواكارەكە لەبەرچـاو دەگرێـت، واتە هەرچەندی منداڵ داوالەسەر تۆماركراوەكە باری دارایی باش بێت هێندە بـڕی ئەو پارەیە زیاد دەبێت كە دادگا بۆ دایكو باوكە داواكارەكە دەیبڕێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بـە مـاددە (٦١) ی یاسـای بـاری کەسـی عیراقی کارپێکراو بکەین کە تایبەتە بە ڕێکخستنی حوکمەکانی بژێوی دایـكو بـاوك مەبەستمان لەمەدا ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە باری ئابووریان باشەو باری گوزەرانی دایكو باوکیشـیان لەوپـەڕی خراپـی دایـە تـاوەکو ئاوڕیـان لێ بدەنـەوەو دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەن وە بە پێـی توانـا پێویسـتییەکانیان دابـین بکـەن چونکە بەپێی ئەم ماددەیە گشت دایكو باوکێـك مـافی دابینکردنـی بـژێوی لەسـەر منداڵەکانی هەیەبۆیە لەجیاتی ئەوەی لـە ڕێگـای دادگـاوە ئـەم کێشـەیە چارەسـەر بکرێ باشتروایە ئارەزوومەندانە جێبەجێ بکرێت بەمـەش پەیوەندییـە پیرۆزەکـەی خێـزانو کۆمـەڵ دەپارێزرێـتو سـەربەرزیو شـکۆمەندیش بـۆ ئـەو کەسـانە دەمێنێتەوە.ئەمەش دەقی ماددەی ناوبراوە: ((ئەو منداڵەی هەبووە (الموسر) جـا چ گەورە بێت یان بچووك بژێوی دایكو باوکە کەمدەرامەتەکـەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ هەرچەندە توانای وەدەستهێنانیشـیان هـەبێت بـە مـەرجێك باوکەکـە پێـی لەسـەر بێکاری دانەگرتبێ)).

بەشی دووەم

هەڵوەشانەوەی هاوسەرێتی‌و عیددە

بە پێی حوکمەکانی یاسای باری کەسیی عێراقی گرێبەستی هاوسەرگیری بە دوو ڕێگا کۆتایی پێ دێت، ئەویشیان تەلاًقدانو لێکجیابوونەوەو مخالەعەیە.

وە لەبەرئەوەی عیددەش پەیوەندیدارە بەو دوو مەسەلەیە، بۆیە لە چوار خالّدا باسی هەریەکێك لە تەلاًقو لێکجیابوونەوەو مخالەعەو عیددە دەکەین:

یەکەم: تەلاًق (جیابوونەوە)

بەپێی یاسای باری کەسیی عێراقیو شەریعەتی ئیسلام تەلاًق مانای هەلّگرتنی کۆتی ژنو مێردایەتییە، دەموودەست یان دوای تێپەڕبوونی ماوەی عیددە[1]، بە لەفزێکی تایبەتی یان هەر شتێك جێگای ئەو لەفزە بگرێتەوە[2].

لەبنەڕەتدا، پیاو مافی تەلاًقدانی بەدەستەوەیە هەرکاتێك لێهاتوویی یاساییو شەرعی تەواو کردبێتو ئاقلّ بێت. چونکە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر هەروەها یاسا وەك بنەمایەك ئەم مافەیان داوە بەپیاو، هەروەها وەکو ڕیزپەڕیش ئافرەت ئەم مافەی دەبێت ئەگەرهاتوو بەمەرجی ئەوە هاوسەرگیری بەستبێ کە تەلاًق بەدەستی ئەو بێت.

خوای گەورە لە سورەتی تەلاًق لە ئایەتی/١ دەفەرموێ: ((يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ)) واتە: ((ئەی پێغەمبەر هەرکاتێ ویستتان ژنان تەلاًق بدەن لەکاتی عیددە تەلاًقیان بدەن ئەو کاتەی لە حەیز پاك بوونەتەوەو لەگەلّ مێردەکانیان جووت نەبوونە)).هەروەها لە سورەتی (بەقەرە) ئایەتی/ ٢٣٦ دەفەرموێ: ((ولاجناح عليكم ان طلقتم النساء مالم تمسوهن أو تفرضوا لهن

---

[1] -عیددە(عدة) بەو ماوەیە دەوترێ کە نابێت ژن تیایدا مێرد بکاتەوە تا بەسەر نەچێت. وە بەپێی بڕگەی دوو لە ماددە/٤٧ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا عیددەی تەلاًق تێپەڕبوونی سێ بێنوێژییە بەسەر ژندا.

[2] -محمد مصطفى شلبي: احكام الاسرة في الاسلام، ط/١، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٧ ل٤٧١.

فريضة)) واتە: ((ئەگەر ژنەكانتان تەڵاق بدەن تاوانێكتان لەسەر نیە، مادام نێزیكیتان لەگەڵ نەكردبن یا مارەییێكتان بۆ دیاری نەكردبێتن)). هەروەها لە سورەتی (الاحزاب) ئایەتی/ ٤٩ دەفەرموێ: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ)) واتە: ((ئەی ئەو كەسانەی كە بڕواتان هێناوە، كاتێ كە ژنانی بڕوادارتان لەخۆتان مارەكردو لەپاشان تەڵاقتان دان)) وە لە سورەتی (النساء) ئایەتی/٢٠ دەفەرموێ: ((وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا)) واتە: ((ئەگەر ویستتان لەجیاتی ژنێك كە ئێستا هەتانە ژنێكی تر بهێنن، وە بە یەكێ لەو ژنانەماڵێكی زۆرتان بە ناوی مارەیی داوە، هیچ شتێك لەوماڵو دراوە لەو ژنە مەستێننەوە)). ئەمەو پێغەمبەریش (د.خ) دەفەرموێ : ((یا عبد الله بن عمر طلق زوجتك)) هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا هاتووە: ((مابال احدكم یزوج عبده امته ثم یرید ان یفرق بینهما انما الطلاق لمن اخذ بالساق))[١].

بەپێی ئەم دەقانە كە زۆر بە ڕاشكاوەیی مافی تەڵاقدان دراوە بە پیاو، ئەمەش مانای ئەوە نیە كە مافی ژن خورابێت، بەڵكو بۆ پاراستنیو پیرۆزڕاگرتنی پەیوەندیی هاوسەرگیرییەكە. ئەمەو لە هەمان كاتیشدا هیچ ڕێگرییێك نیە لەبەردەم ئافرەت بۆ ئەوەی لەكاتی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری بەو مەرجە مێرد بكات كە تەڵاق بە دەستی خۆی بێت.

شایەنی ئاماژە بۆكردنە، هەربۆیەش مافی تەڵاقدان نەدراوە بە ژنو مێرد بەیەكەوە، ئەگینا لەوانەیە زۆرجاران هەردووكیان ڕێك نەكەوتنایە لەسەر تەڵاقدان، چونكە یەكێكیان تەڵاقی دەویستو ئەوەی تریان نەیدەویستو بەم شێوەیە

[١] -بڕوانە محمد مصطفى شلبي: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٣.

ژیانیان دەبوو بە دۆزەخ‌و نەیاندەتوانی کۆتایی بە پەیوەندیی هاوسەرگیری نێوانیان بهێنن.

یاسای باری کەسیی عێراقی لە بڕگە/١ی مادده/٣٤ دا مافی تەڵاقدانی داوە بە پیاو وەبەژنیش ئەگەر بریکاربێ یا ڕێگاپێدراو بێ هەروەها دادوەر، کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((تەڵاق لابردنی کۆتی هاوسەرگیرییە بە خستنی لەلایەن مێردەوە یا لەلایەن ژنەوە ئەگەر بریکاربێ یا ڕێگاپێدراو بێ یان بەهۆی دادوەرەوە......)).

لەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێ کە یاسادانەر بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان پیاوو ژن مافی تەڵاق خستنی داوە بە دادوەر، بۆئەوەی لەو حاڵەتانەی کە ژن تیایدا بریکار نەبێ یان ڕێگاپێدراو نەبی بەخستنی تەڵاقەکەی لە مێردەکەی،لەڕێگای دادگاوە خراپ بەکارنەهێنانی تەڵاقەکەی لەلایەن مێردەکەیەوە بۆی زامن کراوە.

جا بەپێی قورئانی پیرۆز، پیاو تەنها سێ تەڵاقی بۆ لابردنی پەیوەندی هاوسەرگیری بەدەستەوەیە، هەروەکو لە سورەتی (البقرة) ئایەتی/ ٢٢٩ دەفەرموێ ((الطَّلاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ.....)) واتە: ((تەڵاقدانی ژن دوو جارە، جا دوایی دەبێ بەچاکی مامەڵە لەگەڵ ژن بکرێ یا بەچاکی لێکجیاببنەوە)). هەروەها لە سورەتی (بەقەرە) ئایەتی/٢٣٠ دەفەرموێ: ((فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ)) واتە: ((جا ئەگەر دوای دوو تەڵاقەکەو گەڕانەوەی بۆ جاری سێیەم ژنەکەی تەڵاقدا، لەوە بە دواوە دوای تەڵاقی سێیەم ئەوژنەی بۆ حەڵاڵ نیە، مەگەر مێردێکی تر بکاتەوە)).

بەهەمان شێوە، یاسادانەری عێراقی لە مادده/٣٨ی یاسای باری کەسیدا هەمان حوکمی داوە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((تەڵاقدان دوو بەشە: ١- تەڵاقی

گەڕاوە(الطلاق الرجعي): لەم جۆرە تەلاّقەدا مێردەکە بۆی هەیە، لەماوەی عیددەدا بەبێ گرێبەست ژنەکەی بگەڕێنێتەوە، پێویستە گەڕاندنەوەکە بسەلمێندرێت وەکو سەلماندنی تەلاّق)).

لەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێ تەلاّق دوو جۆری هەیە، تەلاّقی بەرگەڕانەوەو تەلاّقی جوداکەر(الطلاق البائن)، لە خوارەوە لە دوو خاڵدا بە درێژی باسیان دەکەین:

١- تەلاّقی بەرگەڕانەوە (الطلاق الرجعي)

لەم جۆرە تەلاّقەدا، مێرد بۆی هەیە لەماوەی عیددەدا بەبێ گرێبەستی نوی ژنەکەی بۆلای خۆی بگەڕێنێتەوە. واتە پێویست بە گرێبەستی نوێو مارەیی نوێ ناکات مادام ژنەکەی ماوەی عیددەی بەسەرنەچووە.

لە دەقی بڕگە/١ لە مادده/٣٨ی یاسای باری کەسیی عێراقیدا هاتووە: ((١- تەلاّقی بەرگەڕانەوە: لەم جۆرە تەلاّقەدا مێردەکەی بۆی هەیە، لە ماوەی عیددەدا بەبێ گرێبەست ژنەکەی بگەڕێنێتەوەن پێویستە گەڕاندنەوەکە بسەلمێندرێت وەکو سەلماندنی تەلاّق)).

لەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێ، بەمجۆرە تەلاّقە دەوترێ، تەلاّقی بەرگەڕاوە، کە پیاو لە ژنەکەی دەیخات کە بەهەقیقەت لەگەڵی جووت بووە، خستنێك کە بەبی بەرامبەری دارایی بێت، هەروەها پێشتر هیچ تەلاّقی تری نەدابێت یان پێشتر تەنها یەك تەلاّقی دابێت.

بۆچی جووتبوون مەرجە بۆ تەلاّقی بەرگەڕاوە؟ چونکە لە تەلاّقی بەرگەڕاوەدا پیاو بۆی هەیە لەماوەی عیددەدا ژنەکەی بۆخۆی بگەڕێنێتەوە. وە لەبەرئەوەی

تەلأقدانی ژن بەر لە جووتبوون عیددەی لەگەڵ نیە، کەواتە پیاوەکە بۆی نیە بیگەڕێنێتەوە. هەروەکو خوای گەورە لە سورەتی ((الاحزاب)) ئایەتی/٤٩ دەفەرموێ: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذْا نَكَحْتُمُ المُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلاً)) واتە: ((ئەی ئەوکەسانەی کە بڕواتان هێناوە، کاتێك کە ژنانی بڕوادارتان لەخۆتان مارەکردو لەپاشان بەرلەوەی دەستیان لەگەڵ تێکەلأو بکەن تەلأقتان دان، جا عیددەیان بۆ ئێوە لەسەر نیە کە بیژمێرن، جا بە دیاری دڵخۆشیان بکەنو بە جوانیو پیاوانە دەستیان لێ بەربدەن)) . جا کەواتە ئەگەر پیاوێك ژنی هێنابێت بەلأم بەرلەوەی بیگوازێتەوەو لەگەڵی جووتبێت، تەلأقی بدات، لەم حاڵەتەدا ژنەکە عیددەی لەسەر نیە، بۆیە تەلأقەکە جوداکەرەوە (بينونة) دەبێو پیاوەکە بۆی نیە ژنەکەی بۆلای خۆی بیگەڕێنێتەوە تا مێردێکی تر نەکاتو لەگەڵیشیدا جووت نەبێ بەپێی فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (بەقەرە) ئایەتی (٢٣٠): ((فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ)).هەروەکو دواتر لە باسکردنی تەلأقی جوداکەرەوەدا بە درێژی باسی لێوە دەکەین[١].

وە تەلأقدانیش بەرامبەر وەرگرتنی بڕێك پارە بریتیە لە ڕێکەوتنی پیاوو ژن لەسەر کۆتایی هێنان بە گرێبەستی هاوسەرگیری بەرامبەر بڕێك پارە، ژنەکە دەیداتە مێردەکەی، پێی دەوترێ تەلأقی بەرامبەر پارە[٢].

---

[١] -فريد فتيان: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل١٢٠–١٢١.

[٢] - د.مصطفى السباعي: شرح قانون الاحوال الشخصية، ج/١، الزواج وانحلاله، دار الوراق للنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠١ ل٢٢٥.

ئەم جۆرە تەلاقە جوداکەرەوەیە چونکە تەلاقێکی ئارەزوو مەندانەیەو بۆ ئازادکردنی ژن لە مێردەکەی بەرامبەر بەخشینی برێك پارە ئەنجام دەدرێ، جیاوازە لە تەلاقی بەرگەڕانەوە کە مافی پیاو بەسەر ژنەکەی لەماوەی عیددەدا هەر دەمێنێو دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە[1].

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بەپێی ماددە/ ١٠٠ی یاسای باری کەسیی سووری ئەگەر کۆتایی هێنانی هاوسەرگیری بەبێ بەرامبەربێت، ئەوا لە حوکمی تەلاقی بەرگەڕانەوە دەبێ نەك جوداکەرەوە، ئەمەش لە حاڵەتێکدا دەبێ، ئەگەرهاتوو، هەردوو هاوسەر بەرامبەرەکەیان ڕەتکردەوە[2].

کەواتە، لە تەلاقی بەرگەڕانەوەدا، پەیوەندی هاوسەرگیری هەردەمێنێ تا ماوەی عیددەی ژن بمێنێ. وە ئەگەر لەو ماوەیەدا، یەکێك لە هاوسەرەکان گیانی لەدەست دا ئەوەی تر میراتی لێ دەگرێت، چونکە هاوسەرگیرییەکە هێشتان کۆتایی پێ نەهاتووە، بەلاّم بە تەواوبوونی عیددە، پیاو مافی گەڕانەوەی هاوسەرەکەیو جوتبوونی لەگەڵیدا نامێنێو دەبێ مارەییەکەی بداتێو هۆکاری میرات لێکگرتنیشیان نامێنێ، بەلاّم پیاو بۆی هەیە دوای بەسەرچوونی ماوەی عیددەش هەرکاتێك بیەوێ تەلاقدراوەکەی بە گرێبەستێکی هاوسەرگیری نوێ بگەڕێنێتەوە بۆ خۆی بەمەرجێك مێردی نەکردبێتەوە[3].

خوای گەورە مافی گەڕانەوەی تەنها بە پیاو داوە لەماوەی عیددەدا، جا گرینگ نیە ژن ڕازی بێت یان نا بەپێی ئەم فەرموودەیە لە سورەتی (بەقەرە)

---

[1] - فريد فتيان: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل١٢١.

[2] -بڕوانە د.مصطفى السباعي: شرح قانون الاحوال الشخصية، سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٦.

[3] -محمد مصطفى شلبي: احكام الاسرة في الاسلام، ط/٢، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٧ ل٥٠٣.

ئایــەتی (٢٢٨): ((وَبُعُـولَتُهُنَّ أَحَـقُّ بِـرَدِّهِنَّ فِـي ذَلِـكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْـلاحًا)) واتــە: ((مێردەکانیان لە پیاوانی تر لەپێشترن کە لە ماوەی عیددەدا بیانگێڕنـەوە ئەگـەر مەبەستیان خۆچاککردنەوە بێت)).

گەڕانەوەی ژن بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێ، بەقسەو بـە هـەموو ئـەو شـتانەی جێگەی دەگرنەوە لە نوسینو ئاماژەبۆکردنو بە کردەوە.

گەڕاندنەوەی بەقسە، دەبێ بە ووتەی ڕاشـکاو بێـت کـە لـە مانـای گەڕاندنـەوە بـەولاوە هـیچ مانایـەکی تـر نەگەیـەنێت. بۆنموونـە پیاوەکـە بڵـێ ژنەکـەی خـۆم گەڕاندەوە یان ڕووی تێ بکاتو پێی بڵێ تۆم گەڕاندەوە یان تۆم گرتەوە......هتد. وە ئەم ووتانە پێویستی بە نیـازی ڕاشـکاو نیـەو گەڕانـەوەی پـێ ئـەنجام ئـەدرێ. هەروەها نووسین و ئاماژەبۆکردن جێگای ووتن دەگرێتەوە بۆ گەڕاندنەوە.

ئەمـەو گەڕانـەوە بـە کـردەوە دەبێـت ئەگـەرهاتوو لەگـەڵی جـووت بێـت یـان بـە زەوقەوە لە ئامێزی بگرێتو ماچی بکات.

جا دوای ئەمە، پیاو تەنها دوو تەلاقی لەدەست دەمێنێ لە کۆی سێ تەلاق کـە پێشتر هـەیبوو، هـەروەها مـاوەی هاوسـەرگیرییەکەش سـنووردار دەبـێ بـەماوەی عیددە پاش ئەوەی پێشتر ماوەکەی سنووردار نەبوو، وە بە کۆتایی هاتنی عیددە بەتەواوەتی کۆتایی دێت بە ماوەی هاوسەرگیرییەکەو پیاوەکە هـیچ مـافی بەسـەر ژنەکەیەوە نامێنێ.

٢–تەلاقی جوداکەر (الطلاق البائن)

تـەلاقی جوداکـەر، بـەوجۆرە تەلاقـە دەوتـرێ کـە پەیوەنـدی هاوسـەرگیری دەمودەسـت نـاهێڵێو ژیـانی هاوسـەرگیریش دوای ئـەوە درێـژەی نابێـت بـەبێ

ڕێکەوتنێکی نوێو مارەییەکی نوێ. واتە مێردەکە بۆی نیە ژنەکەی بۆلای خۆی بگەڕێنێتەوە چ لە ماوەی عیددەدا یان لە دوای عیددەدا تا جارێکی تر لەگەڵی ڕێك نەکەوێتەوەو گرێبەستێکی هاوسەرگیری سەر لە نوێ بە مارەییێکی نوێ لەگەڵ نەبەستێت.

تەلاقی جوداکەریش بەپێی ژمارەی تەلاقەکان دەبێتە دوو جۆر:

أ–جوداکەرەوەی بچووك (بینونة صغری)

ئەوجۆرە تەلاقەیە کە تیایدا ڕێگا بە مێرد دراوە کە بە ڕێکەوتنێکی نوێو مارەییێکی نوێ وە ژنەکەی بۆ لای خۆی بگەڕێنێتەوە. واتە مێردەکە بۆی نیە لە ماوەی عیددەدا بیگەڕێنێتەوە لای خۆی یان لەگەڵی جووت بێت تا سەرلەنوێ گرێبەستێکی هاوسەرگیری لەگەڵ نەبەستێت کە دەبێ گشت مەرجەکانی دروستیو سەپاویو جێبەجێکردنیشی تیابێت، ئەمەش بە پێچەوانەی تەلاقی بەرگەڕاوەیە کە مێرد بۆی هەیە لەو ماوەیەدا ژنەکەی بۆ لای خۆی بگەڕێنێتەوە بە بێ گرێبەستی هاوسەرگیری نوێو مارەیی نوێ[1].

تەلاقی جوداکەری بچووك ئەم حاڵەتانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

١–تەلاقی پێش جووتبوونی ڕاستەقینە هەرچەندە ژنەکە گواسترابێتەوە:

لەم ڕووەوە خوای گەورە لە سورەتی الاحزاب ئایەتی (٤٩) دەفەرموێ: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا)).

---

[1] - (د.محمد كمال الدين أمام: احكام الاسره، منشورات دار الجامعه الجديده، القاهره، ٢٠٠٧،ص٦٠

کەواتــە ئــەوپیاوەی ژنەکــەی خــۆی بــەر لــە جووتبــوون تــەلأق دەدات هەرچــەندە گواستبێتیەوەش، ئــەوە دەگەیــەنێ کــە زۆر بــە پــەرۆش نــەبووە بــۆ ڕێزگــرتن لــەو پەیوەندییــە هاوســەرگیرییە، جــا لەبەرئــەوەی هــیچ وەچــەیەکو نهێنیــەکیش لــە نێوانیانــدا نیــە، بۆیــە هــیچ هۆکارێــك نیــە بــۆ ئــەوەی بــەبێ ڕەزامەنــدی خــۆی بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی.

وە هەروەها لەبەرئەوەی هـیچ عیـددەی لەسـەر نیـە بۆیـە ڕاسـتەوخۆ لـەکاتی فرێـدانی تەلأقەکـە لەلایـەن مێـردەوە دەکـەوێ. بـەلأم واچـاکە بـەر لـە دووبـارە مێردکردنەوە ژنەکە چاوەڕێی بەسەرچوونی مـاوەی عیـددە بکـات ئەمـەش مانـای ئەوە ناگەیەنێ کـە پیاوەکـەی مـافی بردنـەوەی هـەبێت لـەو ماوەیـەدا، بـەڵکو بـۆ نەهێشتنی گومانە چونکە گواستراوەتەوە.

٢–تەلأقدان لەسەر بڕێك پارە

ئەگـەرهاتوو ژنەکـە بڕێـك پـارەی دایـە مێردەکـەی بۆئـەوەی تـەلأقی بـداتو کۆتایی بەو پەیوەندییە هاوسەرگیرییە بێنێت کە ئـارەزووی لەسـەر نیـە بـەردەوام بێت. لەو حاڵەتەشدا تەلأقەکە دەکەوێتو جۆرەکەشی جوداکەری بچووك دەبێـت، واتە مێردەکەی بۆی نیە بەبێ ڕەزامەندی خۆی بیباتەوە لای خـۆی. لەمبارەیـەوە خوای گەورە لە سورەتی البقرة ئایەتی(٢٢٩) دەفـەرموێ: ((.... فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ......)) واتە ((جا ئەگەر ترسان کە سنووری خوایان بۆ ڕانـاگیرێ، گوناحیـان لەسـەر نیـە کـە ژنەکـە فیدیـە بـداتو دەسـت لـە مارەییەکەی هەڵبگرێو خۆی ڕزگار بکات)).

٣-تـەلاَقی بەرگەڕانـەوە دوای تێپـەڕبوونی مـاوەی عیـددەو بـەبێ گەڕاندنـەوەی لەوماوەیەدا:

ئەگەرهاتوو مێرد ژنەكەی بۆ جاری یەكەم تەلاَق بـداتو لـە مـاوەی عیـددەش نەیباتەوە لای خۆی لەم حاڵەتەدا بە تێپەڕبوونی ماوەی عیددە جۆری تەلاَقەكە لە تـەلاَقی بەرگەڕانـەوە (رجعـي) دەگـۆڕێ بـۆ تـەلاَقی جوداكـەری بچـووك (بینونـة صغری).

٤-هەر تەلاَقێك بە حوكمی دادگا كەوتبێت:

بەم شێوەیە بەپێی بڕگەی دوو لە ماددەی ٣٨ ی یاسای باری كەسـی عێراقـی هەمواركراو ئەگەرهاتوو تەلاَقەكە كەوتو لە جۆری تەلاَقی جوداكـەری بچـووك بـوو وەكو ئەم حاڵەتانەی كە لە سـەرەوە ئاماژەمـان پێـی دا ئـەوا حوكمەكـەی بریتـی دەبێ لە كۆتایی هێنانی پەیوەندی هاوسەرگیری دەمودەست. دەشـكرێ جـارێكی تر ئەم پەیوەندیە دروست بكرێتەوە بە گرێبەستێكی نوێو مارەییێكی نـوێ وە كـە ئەمـەش دەقەكەیـەتی: ((...تـەلاَقی جوداكـەرەوەی بچـووك: لـەم جـۆرە تەلاَقـەدا مێردەكە بۆی هەیە، ژنە تەلاَقدراوەكەی خۆی بە گرێبەستێكی نوێ بهێنێتەوە)).

ب-جوداكەرەوەی گەوری (بینونة كبری):

بەپێی بڕگەی دوو لە ماددەی ٣٨ ی یاسای باری كەسی عێراقی هـەمواركراو بـەو جۆرە تەلاَقە دەووترێ جوداكـەری گـەورە كەتیایـدا نـەهی لـەوە كـراوە كـە مێـرد ژنـە تەلاَقدراوەكەی كە سێ بە سێ لە سێ كـاتو شـوێنی جیاجیـادا تـەلاَقی داوەو مـاوەی عیددەشی لە هەرهەموویان بەسەرچووە دووبـارە بیهێنێتـەوە. ئەمـەش دەقەكەیـەتی: ((..ب- تەلاَقی جوداكەرەوەی گەورە: لـەم جـۆرە تەلاَقـەدا مێردەكـە بـەهیچ جۆرێك

بۆی نیە، ژنـە تەلأقدراوەکـەی خـۆی کـە سـیٚ جـاری جیـا جیـا تـەلأقی داوەو مـاوەی عیددەکەشی بەسەرچووە بیهێنێتەوە)).

واتە ئەم جۆرە تەلأقەیە، کە سیٚ بەسیٚ لەسیٚ کاتو شوێنی جیادا کەوتووە، یان تەواوکەری دوو تەلأقی بەرگەڕاوەی پێشترە، بۆیە مێردەکە بـۆی نیـە ژنەکـەی بۆ لای خۆی بگەڕێنێتەوە بە هەندێك مەرج نەبێت کە ئەمانەن:

١-پێویسـتە ژنـە تەلأقدراوەکـەی مێردێکـی تـر بکاتـەوەو بشـگوێزرێتەوە. واتـە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تردا بکاتو لەگەلیشی جووت بێتو بەردەوام بێت لە ژیانی هاوسەرگیری، نەك وەك فێڵێکی شەرعیو یاسایی بۆ ماوەیەکی کاتی بێت.

٢-کۆتـایی بـەو پەیوەندییـە هاوسـەرگیرییە نوێیـەی هاتبێـت، بـە مردنـی مێـردی دووەمـی یـان لەبـەر هـەر هۆیـەك لـە هۆیـەکانی دەسـتلێکبەردان لەلایـەن مێـردی دووەمیەوە دەستی لیٚ هەڵگیرابێت.

٣-ماوەی عیددەی بەسەرچووبێت

جا ئەگەر ئەو مەرجانەی سەرەوە هاتنەدی، هەروەها ماوەی عیـددەی بەسەرچـوو کە بریتییە لە سیٚ مانگ واتە سیٚ جاران لە بێنوێژییەکەی خـۆی خـاوێن بکاتـەوە، ئەوکاتە مێردە کۆنەکە بۆی هەیە جارێکی تر بە ڕێکەوتنێکی نویٚو مارەییێکی نویٚ دووبارە ژنە کۆنەکەی بێنێتەوە.

یاسادانەری عێراقی لە ماددەی ٣٥ دا ئاماژەی بە هەندێ کەس کردووە کە تەلاقیان لێ ناکەوێ کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-سەرخۆشو شێتو گێلو زۆرلێکراوو بێهۆش (فاقد التمیین) کە بەهۆی توڕەی یان کارەساتێکی کتو پڕ یان گەورەیی تەمەنی یان لەبەر نەخۆشی ئەقڵو هۆشی لە دەست دابێت.

٢-نەخۆشێك کە نەخۆشییەکەی هی مردن بێت، یان لە حاڵەتێکدا بێت کە لەو چەشنە حاڵەتانەدا بەردەوام بوونی ژیانی مەحاڵ بێتو ئەو نەخۆشە لە ئاکامی ئەو نەخۆشییە یان ئەو حاڵەتەدا گیانی لەدەست دابێت. ئەوکاتە ژنەکەی وێڕای ئەوەی تەلاقدراوە، میراتی لێ دەگرێت.

٣-ئەو تەلاقە ناکەوێت کە بە سوێندخواردن یان بە هەندێك مەرجەوە بەسترابێتەوە، لە ماددە ٣٦ ی یاسای باری کەسی عێراقیدا هاتووە: ((ئەو تەلاقە ناکەوێ کە پابەندی هەندێك مەرج بێت یان بەشێوەی سوێند بەکارهاتبێت)).

٤- تەلاقی تەواوکەری سێیەمو تەلاقی سێ بەسێو مارەبەجاش

یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو لە ماددە/٣٧ دا مافی پیاوی لە خستنی تەلاق دا دیاری کردووەو دەڵێ: ((١- مێرد سێ تەلاقی دەرهەق بە ژنەکەی بە دەستەوەیە.

٢- تەلاقدانی گوتراو بە ژمارە چ بە قسە یان بە ئاماژەبۆکردن تەنیا یەك تەلاق دەخات.

٣- ئـەو ژنـەی سـێ جـاری جیاجیـا تـەلاَق بـدرێت، دەبێتـە تـەلاَقی جوداکـەری گەورە)).

بەم پێیە، ئەگەرهاتوو پیاوێك ژنەکـەی خـۆی بـۆ سـێیەم جـار تـەلاَق دا، نـاتوانێ بیگەڕێنێتـەوە لای خـۆی مەگـەر مێردێکـی تـر بکاتـەوەو دواتـر دوای مردنـی ئـەو مێردەی یان دەستلێکبەردانیان ئەوجا بـۆی هەیـە بـە گرێبەسـتێکی هاوسـەرگیری نوێو مارەییەکی نوێوە بگەڕێتەوە لای مێردی یەکەمین جاری، مەبەستیشـمان لـە تەلاَقی سێیەم ئەو تەلاَقەیە کە دوای دوو تەلاَقو دووجار گەڕانەوە دێت، هـەروەکو خودای گەورە لـە سـورەتی بەقـەرە ئایـەتی(٢٢٩) دەفـەرموێ: ((الطَّـلاقُ مَرَّتَـانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ)). واتە: تەلاَق دانی ژن (تـەلاَقی ڕەجعـی) دوو جـارە، جـا دوایـی ئـەبێ بـە چـاکی ژن ڕابگـیرێ یـا بـە چـاکی لێـك جیـا ببنـەوە. سـەبارەت بـە تـەق دان بـۆ جـاری سـێیەم لـە سـورەتی بەقـەرە ئایـەتی(٢٣٠) دەفەرموێ: ((فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَـنْكِحَ زَوْجًـا غَيْـرَهُ)). واتـە: جـا ئەگەر (دوای دوو تەلاَقەکەو گەڕانەوەی بۆ جاری سێهەم) ژنەکەی تـەلاَق دا، ئـەوە دوای تەلاَقی سێیەم ئەوژنەی بۆ جەلاَڵ نیە، مەگەر مێردێکـی تـر بکاتەوە.ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێ ئەو ژنە ماوەیەك لەگـەڵ مێـردە تازەکـەی بـژی، ئینجـا ئەگەر ئەو مێردە نوێیەی مرد یان لێك جیا بوونەوە، ئەوسا دەتوانێ مێرد بکاتەوە بە هاوسەرە کۆنەکەی.

جا بەم شێوەیە، ئەگەر پیاوێك ژنەکەی خۆی بۆ جاری سـێیەم تـەلاَق بـدات، واتـە دوای ئەوەی پێشتر دووجاران تەلاَقی دابێتو گەڕاندبێتیەوە لای خـۆی، ئـەوا هـیچ گومانمان نیە لەوەی کە تەلاَقەکە سێ بە سێ یەو ناتوانێ بیگەڕێنێتەوە لای خۆی

مەگەر هاوسەرەکەی مێردێکی تر بکاتەوەو کۆتایی بەو هاوسەرگیرییەی بێت جا چ بە مردنی مێردەکەی یان دەستلێکبەردانیان.

بەلاّم ئەگەرهاتوو پیاوێك ژنەکەی خۆی لە یەك کاتداو لە یەك دانیشتندا بە کۆ سێ بە سێ تەلاّق بدات، بۆ نموونە بلّێ تۆ تەلاّق دراوی، تەلاّق دراوی، تەلاّق دراوی، یان بلّێ من تۆم سێ بە سێ تەلاّق داوە. لێرەدا چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز بۆ جۆری کەوتنی تەلاّقەکە لێك دراوەتەوەو چەند ئاکامێکی جیاوازی لێ کەوتۆتەوە.

لەم بارەیەوە، یاسازانان بوونەتە دوو بەش، بەشێکیان پێیان وایە هەموو تەلاّقێکی سێ بە سێ جا چ بە قسە بێت یان بە ئاماژەبۆکردن، لە یەك دانیشتندا بێت یان زیاتر لە کاتێکی دیاریکراو دا بێت یان چەند کاتێکی جیا جیا، سێ بە سێ دەکەوێتو جۆرەکەی تەلاّقی جیاکەرەوەی گەورە یە (بینونە کبری)، لەوانە شافعیو حەنەفیو مالکیو کەسانی تر.

هەروەها هەندێکی تر پێیان وایە تەلاّقی سێ بە سێ بە کۆ پێچەوانەی فەرمانی قورئانی پیرۆزو ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (السنة النبوية) بۆیە ناکەوێت، لەوانە الروضة البهية وابن التميمة وابن القيم والشيخ على الخفيف[1].

ئەو یاسازانانە بەلّگەیان بۆ نەکەوتنی تەلاّقی سێ بە سێ بە جارێك قورئانی پیرۆزە کە دەلّێ: ((الطَّلاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ)) جا پێیان وایە لەبەر ئەوەی تەلاّقی سێ بە سێ بە جارێك پێچەوانەی ئەم دەقەیە بۆیە

---

[1] - لە د. مستەفا زەلّمی وەرگیراوە بڕوانە الدكتور مصطفى الزلمي: الطلاق المقترن بالعدد لايقع به الا طلقة واحدة، بلا جهة النشر وسنة النشر، ص٨ ومابعدها

بدعەیە، بدعەش ڕەتکراوەتەوە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کە دەفەرمویٚ ((من عمل عملا ليس عليه امرنا فهو رد)) صحيح مسلم ٣٢٤٣[1].

هەروەکو لە صحيح مسلم لەسەر زاری ابن عباس دا هاتووە کە دەڵێ: ((تەڵاق لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (د.خ)و خەلیفە ئەبوو بەکرو تا دوای دوو ساڵیش لە خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب تەڵاقی سێ بە سێ بە یەك تەڵاق هەژمار کراوە.

کەواتە، سەرچاوەی ڕای ئەو دوو یاسازانانەی کە تەڵاقی سێ بە سێ بە ژمارە بە سێ تەڵاق دادەنێن دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لەم بارەیەوە کە پشتی بە سیاسەتی شەرعی بەستووە کە خۆی لە سنووردار کردنی ڕێگەپێدراو یان گۆڕینی حوکم دێت بەپێی پێویست لەسەر بنەمای ئامانجی شەرعیو بەرژەوەندی گشتی. بەم پێیە کار بەم سیاسەتە شەرعییە دەکرێت ئەگەر هاتوو ئامانجو مەبەستی خۆی پێکا، بەڵام لەسەر موسڵمانان پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی لە قورئانی پیرۆزو سوننەی نەبەوی لەسەر ئەم بنەما شەرعییە کە دەڵێ: ((ان الجكم يدور مع علته وجودا وعدما)) واتە حوکم بە دەوری هۆکارەکەی دەخولێتەوە بە بوونو بە نەبوون، جا ئەگەرهاتوو ئەوئامانجەی حوکمەکەی بۆ دەرچووە هاتەدی ئەوا حوکمەکە جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام ئەگەرهاتوو ئەو ئامانجە نەهاتە دی ئەوا کار بەو حوکمە لێکدانەوییە نائاساییە ناکرێت[2].

مامۆستا مستەفا زەڵمی لەبارەی مەبەستی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (ڕ.خ) دەڵێ: ((مەبەستی پابەندکردنی خەڵك بووە بە ووتەکانیانو ئەوپابەندیانەی کە

---

[1] - لە د. مستەفا زەڵمی وەرگیراوە بڕوانە الدكتور مصطفى الزلمي: الطلاق المقترن بالعدد لايقع به الا طلقة واحدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٨-٩

[2] - البروفيسور الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي: الطلاق مرتان في تفاسير القرآن، ط/٣، ٢٠١١،ص٢٤.

خۆیانیان پێوە بەستۆتەوە، وەك سزایەكی تەعزیری، بۆیە خەڵكی پابەند كردووە بە تەلاقی سێ بە سێ بە جارێك وەك سزایەكی تەعزیری، بۆئەوەی خۆیان بە دوور بگرن لە تەلاقدانی سێ بە سێ بە جارێك‌و بگەڕێنەوە بۆ یەك تەلاق[1].

جا بەم شێوەیە دوای ئەوەی عومەری كوڕی خەتاب تەلاقی سێ بە سێی بە سێ تەلاق هەژمار كرد، هەر لەو كاتەوە تاكو ئێستا زۆربەی زانایانی ئەهلی سوننە لەسەری ڕۆیشتوون.

بەهەرحاڵ، ئەگەرهاتوو تەلاقەكە تەواوكەری دووجار تەلاقدانی پێشوو بێت، ئەوا بە تەلاقی سێیەم جار هەژمار دەكرێت‌و دەبێتە تەلاقی جوداكەری گەورەو لەم حاڵەتەشدا پیاوەكە بۆی نیە ژنە تەلاقدراوەكەی بگەڕێنێتەوە لای خۆی تا مێردێكی تر نەكاتەوەو كۆتایی بە هاوسەرگیرییەكەی نەیەت بە مردنی مێردی دووەمی یان لێك جیابوونەوەیان‌و بەسەرچوونی ماوەی عیددە.

بەڵام هەر لە كۆنەوەو تاكو ئێستاش هەندێك زانای ئایینی پەنا دەبەنە بەر فێڵێكی شەرعی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ژنەی بۆ جاری سێیەم تەلاق دراوە یان سێ بە سێ بەجارێك تەلاق دراوە بە زووترین كات‌و بێ گوێ دانە ئەو ڕێ‌و شوێنانەی كە قورئانی پیرۆزو سوننەی نەبەوی بۆ ئەم مەبەستە دایان ناون هەروەكو لەسەرەوە ئاماژەمان پێ كردن. فێڵەكەش ئەوەیە كە ژنە تەلاقدراوەكە بۆ جاری سێیەم یان سێ بە سێ هەركاتێك عیددەی تەواو بوو بە دزی لە پیاوێك مارەیان دەكرد بۆ ماوەیەكی كورت كە چەند كاتژمێرێكی تێپەڕنەدەكرد، ئینجا ئەو پیاوە دەچووە لای ژنەكە، لەپاش

---

[1] - البروفيسور الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي: الطلاق مرتان في تفاسير القرآن، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤

جووت بوون تەلاقی دەدایەوەو لەپاش تەواوبوونی عیددە مارەیان دەکردەوە لە مێردی پێشووی.

مامۆستا مستەفا زەڵمی لەم بارەیەوە لە میانی گێڕانەوەی یاداشتنامەی ژیانیدا بیرەوەرییێکی تاڵی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((لە ماوەی ژیانمدا هەڵەی زۆرم کردووە، هەندێکی لەبەر ئەوە بووە دوای یەکێکی تر کەوتووم وام زانیوە قەت هەڵەناکات، بەم جۆرە دوو جار مارە بە جاشم کردووە لەسەر مەزهەبی ئیمام شافعی خوا لێی ڕازی بێت، یەکەمیان ساڵی ١٩٤٦ لە دێی زەڵم، دووەمیان ١٩٤٧ لەسەر سیان. ئەوەی یەکەم جار لەدێی زەڵم، ژنی شوانی مەڕەکان بوو مارەم کرد لە فەقێیەکی خۆم، ئینجا کە خەڵکەکە زانیان بە فەقێکەیان دەووت (جاش) ئیتر ئەویش دێیەکەی بەجێهێشت، ڕۆژێکیان زۆر بێ تاقەت بووم، باوکم خوا لێی خۆشبێت، وتی: خەفەت دەخۆیت؟ بۆ مەمنوونی خودا نابیت، ئەگەر ژنەکە بیوتایە مامۆستا خۆی بووە بە جاشم چیت دەکرد؟))[1].

شایەنی ئامارەبۆکردنە، لە ئاکامی ئەم لێکدانەوەیە هەڵەیەدا، دەیان خێزان لێکترازاون‌و پەیوەندی هاوسەرگیری نێوان دەیان ژن‌و مێرد کۆتایی پێ هاتووە، چونکە هەموو پیاوێك ئەو ئامادەییەی تیا نەبووە کە مارەبەجاشی قبوڵ بکات، لە کاتێکدا ئەگەر تەلاقەکەی سێ بە سێ بە ژمارە بە جارێك بووبێت، یان لە ئاکامی فێڵێکی شەرعی بووبێت بە فڕەدانی تەلاق لە سێ دانیشتنی جیا جیا لە ماوەیەکی زۆر کورتداو بە دوای یەکەوە.

[1] - دکتۆر موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: کاروانی ژیانم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، ل١٤٧–١٤٨

ساڵی ١٩٨٧ کاتێك قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین بووم لە شاری هەولێر، لە میانی سەردانێکی زانستیمان بۆ دادگای باری کەسی هەولێر بۆ بینینی دادگایی کردنەکانی ئەو دادگایە، یەکێك لەو کەیسانەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام‌و ئێستاش لە بیری ناکەم، تایبەت بوو بە پەسندکردنی تەلاقێکی سێ بەسێ.

دادوەری کەیسەکە دادوەر تحسین ئەرسەلان ڕووی کردە مێردی ژنە تەلاقدراوەکەو ووتی: (چۆن ئەو ژنەت تەلاق داوە؟ ووتی: گەورەم سێ بەسێ.ووتی: شایەتت هەیە؟ ووتی بەڵێ. ئەوەبوو شایەتەکە مەلایەك بوو، کە بانگیان کردە ژوورەوە بۆ شایەتی دان، لەبەردەم دادگا ووتی: سێ شوێنی جیا جیامان لە سێ کاتی جیا جیا بەو ژن‌و مێردە کردووەو لە هەر سێ جاریش مێردەکەی تەلاقی فڕێ داوە.

دادوەر بەم ووتەیە زۆر تووڕە بوو ووتی: مەلا خوا بتگرێ لە جیاتی ئەوەی ڕۆڵێکی باش ببینیت بۆ ئەم تەلاقەت سێ بە سێ خست کە بە کەس چاك نەبێتەوە!!

جا ئەوبوو بڕیاریدا مەلایەکە بۆ ماوەی یەك مانگ زیندانی بکرێت‌و ڕەوانەی بەندیخانەی محەتەی کرد.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، ئەم تەلاقە وێڕای ئەوەی لە سێ دانیشتن‌و سێ کاتی جیاجیادا فڕێ دراوە، بەلاَم بە تەلاقی سێ بە سێ یان تەواوکەری تەلاقی سێ بەسێ هەژمار ناکرێت، چونکە تەواوکەری تەلاقی سێ بەسێ بەو حاڵەتە دەووترێ کە پیاو ژنەکەی جارێك تەلاق بداتو دواتر بە تێپەڕبوونی ماوەی عیددە بیگەڕێنێتەوە، دواتر جارێکی تر تەلاقی بداتەوەو دیسان بە تێپەڕبوونی ماوەی عیددە بیگەڕێنێتەوە، دواتر بۆ جاری سێیەم تەلاقی بدات.

کەواتە لە کاتی تەڵاق دانەکە، نابێت ژنەکە لەناو عیددەی تەڵاقی پێشوو دابێت یان لە ناو بێ نوێژی دابێت یان پاك بووبێتەوە بەڵام مێردەکەی چووبێتە لای[1] ، لەوحاڵەتەشدا، تەڵاقەکەی جوداکەری گەورە دەبێتو ژنە تەڵاقدراوەکەی تا مێردێکی تر نەکاتەوەو کۆتایی بە هاوسەرگیرییەکەی نەیەت بە مردنی مێردی دووەمی یان جیابوونەوەیانو بەسەرچوونی ماوەی عیددە، بۆی نیە بچێتەوە لای مێردی یەکەمی هەروەکو خوا دەفەرموێ: ((فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ)).

٤-ژنی تەڵاق دراو مافی بژێویو نیشتەنی هەیە ئەگەر زێدەڕۆیی کرا لە خستنی تەڵاقدا

هەر لە دێرزەمانەوە ئافرەت بە بوونەوەرێکی لاوازو ناسك لە قەڵەم دراوە بۆیە گشت یاسا کۆنەکان لە ڕێکخستنی حوکمەکانی باری کەسیو کۆمەڵایەتیدا ڕەچاوی ئەمەیان کردووەو هەوڵی پاراستنو پشتگیری کردنی ئافرەتیان داوە. یاسای حامورابی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٦٩٤ پ.ز) دیارترین نموونەی ئەو یاسایانەیە.

شایەنی باسە، یاسادانەری زۆربەی وڵاتانی دونیا لەم سەردەمەی ئێستاماندا ئەم تێڕوانینەی کۆنیان هەیە بەڵام لەگەڵ هەندێك جیاوازی کە ڕەنگ بێت لەگەڵ بیروباوەڕەکانی شۆڕشی فەڕەنسیو جاڕی گەردوون بۆ مافی مرۆڤ نەگونجێ، کە لە سەرووی هەموویانەوە مافی یەکسانی دێ.

بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی بەپێی شەریعەتی ئیسلام تەڵاق خستن لە دەستی پیاوە بۆیە یاسادانەری عیراقی بەمەبەستی پاراستنو پشتگیری کردنی ئافرەت لە

[1] - البروفيسور الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي: الطلاق مرتان في تفاسير القرآن، المصدر السابق، ص٢٨

زێدەڕۆیی پیاو لە خستنی تەڵاق بە ناهەق هەندێك حوکمی لە یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ ڕێکخستووە.

لە ڕاستیدا ئەم حوکمانەی بۆ دابینکردنی بژێوو نیشتەنی بۆ ژنی تەڵاق دراو لە ئەنجامی تەڵاقدانێکی بە ناهەق تەرخان کردووە.

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ڕێك دەکەوێ زۆربەی ژنە تەڵاقدراوەکان بەبێ بژێوو شوێنی حەوانەوە دەمێننەوە، بۆیە دادی کۆمەڵایەتی وا دەخوازێ کە ئەم چینە ئافرەتە لەم مافە بێ بەش نەکرێن ئەگەر تەڵاق دان یان دەست لێ بەردانەکە لە ئەنجامی زێدەڕۆیی مێردەکەوە دابێ.

بۆیە لەم حاڵەتەدا، ژنە تەڵاقدراوەکە بۆی هەیە داوای دابینکردنی بژێوی سێ ساڵ لە مێردە تەڵاقکەوتووەکەی بکات لەگەڵ بەردەوام بوونی لە نیشتەجێ بوونیدا لەناو خانووی ئەودا.

بۆ ئەم مەبەستە، ژنە تەڵاقدراوەکە دەتوانێ لە هەمان دانیشتنی دادگا بۆ سەیرکردنی کێشەی تەڵاق دانەکە داوای ئەم مافانە بکات، وەیان بە داوایەکی سەربەخۆ ئەمە داوا بکات. بەڵام پێش ئەوەی دادگا ئەم بڕیارە بدات پێویستە لەوە بکۆڵێتەوە ئایا کەمتەرخەمیەکە لە مێردەکەیە یان ژنەکە وەیان لە هەردووکیان.

ئەگەر کەمتەرخەمیەکە (تقصير) لە مێردەکە بوو ئەوا ژنەکە ئەم مافەی دەکەوێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لەو دوو حاڵەتەی دواییدا نایکەوێ. وە بۆ ئەم مەبەستەش دادگا پشت بە ڕاپۆرتی لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی (باحثة اجتماعية) دەبەستێ.

ئەمەی خوارەوە دەقی ماددەی (٣٩) بڕگەی سێیەمە لە یاسای ناوبراو: ((ئەگەر پیاو ژنی خۆی تەڵاق داو دادگا بۆی بەدەرکەوت کە پیاوەکە لە تەڵاق

خستنەکەیدا زێدەڕۆیی کردووەو ژنەکە لە ئەنجامی ئەمەدا زیانی پێ گەیشتووە، لەسەر داوای ژنەکە دادگا بڕیار دەدا کە پیاوە تەڵاق کەوتووەکەی قەرەبووی ئەو زیانانەی بۆ بکاتەوە بە شێوەیەك لەگەڵ باری داراییو ڕادەی زێدەڕۆییەکەی بگونجێ. یەکەم جار ئەم قەرەبووە دەخەمڵێندرێ بە چەشنێ کە نابێ بڕێوەکەی لە ماوەی دوو ساڵ ڕەت بکات سەرەڕای مافە چەسپاوەکانی تری.

هەروەها یاسای ژمارە (٧٧)ی ساڵی ١٩٨٣ لەژێر ناونیشانی مافی ژنی تەڵاقدراو لە نیشتەنیدا چارەسەری مەسەلەی دابینکردنی نیشتەنی بۆ ژنی تەڵاقدراو کردووە.

ئەمەی خوارەوە دەقی ماددەی (١)ی ئەم یاسایەیە: ((ئەو دادگایەی سەیری داوای تەڵاق یان جیابوونەوەی ژن دەکات، لەسەر داوای ژنەکە بڕیار دەدات کە ژنە تەڵاقدراوەکە یان جیابووەکە بەبێ مێردەکەی لەناو ئەم خانووە یان شقەیە بمێنێتەوە کە هی مێردەکەیەتی، وە ئەم بڕیارەش لەگەڵ حوکمی تەڵاقەکە یان جیابوونەوەکە دەردەچێت)).

هەڵوێستی یاسادانەری کوردستانی:

پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠١ لە ماددەی یەکەمدا مافی قەرەبووکردنەوەی بەخشیوە بە ژن ئەگەرهاتوو مێردەکەی بە زوڵم تەڵاقی بداتو لە ئاکامیشدا زەرەرمەند بووبێت، کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((ئەگەر مێردێ ژنەکەی تەڵاق داو، دادگا بۆی دەرکەوت کە مێردەکە بە زوڵم تەڵاقی داوەو بەو تەڵاقدانەش ژنەکەی زەرەرمەند کردووە، ئەوە، لەو بارەدا، دادگا لەسەر داوای ژنەکە حوکمێکی ئەوتۆ بەسەر مێردەکەدا دەدات کە لەگەڵ باری داراییو

گوزەران‌و پلـەی زوڵمەکەیدا بگـونجیّ‌و زەرەرەکـان سـەرجەم خـەملّ دەکـریّن بـە مەرجیّ سەرەڕای مافە چەسپاوەکانی دیکـەی ژنەکـە نەفەقەکەشـی لـەماوەی دوو ساڵ کەمتر نەبیّ‌و لە (٣) ساڵیش تیّنەپەڕیّ)) [١].

دووەم: جیابوونەوە (التفریق)

١- جیابوونەوەی ڕەزامەندیانە

پەیوەندی ژن‌و میّردایەتیش وەکو گشت پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکانی تر بیّ کیّشـە نییـە. هەڵبەتـە هەنـدیّك جـار ئـەو کیّشـانە دەبنـە مایـەی تیّکچـوونی ئـەو ئـەو پەیوەندییە، ئەویش بە سیّ ڕیّگا دەبیّ.

لە ڕیّگای تەڵاقدانەوە لەلایەن پیاوەکە یان ژنەکە ئەگەر مافی تەڵاقخستنی لـە دەسـت دابیّ یان لە ڕیّگای جیابوونەوەی دادگەیی یان جیابوونەوەی ڕەزامەندیانە دەبیّ.

ئیّمە بەلامانەوە پەیوەندی ژن‌و میّردایەتی زۆر پیرۆزەو داکـۆکی لیّدەکـەین، بـەڵام ئەگـەر هۆیـەکی ڕەوا بـۆ لابردنـی ئـەم پەیوەندییـە بیّتـە ئـاراوە ئەوکاتـە لاریمـان لەبارەیەوە نابیّ، بەڵام بۆ بەرژەوەندی هەردوو لایەنەکە (ژن‌و میّـرد) هـەروەها بـۆ بەرژەوەندی کۆمەڵیش واچاکە تاکو ڕیّگەی باش‌و ئاسان هەبیّ، ڕیّگای دوورو دریّژ نەگیریّتەبەر، لەبەر ئەوە ڕیّگەی سیّیەم واتە کجیابوونەوەی ڕەزامەندییانە باشترین ڕیّگەیـە بـۆ ئـەم کجیابوونەوەیە.بۆیـە ئیّمـەش بـە پیّویسـتمان زانـی بـاس لـە

[١] - بڕوانە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠١/٨/١.

جیابوونەوەی ڕەزامەندییان بەپێی یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ بکەین.

یاسای ناوبراو ماددە (٤٦) ی بۆ ڕێکخستنی حوکمەکانی ئەم جیابوونەوەیە تەرخان کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: ((١– لێکجیابوونەوەی ڕەزامەندیانە بریتیە لە هەڵگرتنی کۆتی ژنو مێردایەتی بە لەفزی کجیابوونەوەی بە خوایشت یان هەر لەفزێك ئەم مانایە بدا بە دەستەوە، وە ئەمەش بە کۆکبوونی ئارەزووی هەردوو لایەنەکە لەبەردەم دادگا ئەنجام دەدرێ، بەلاّم دەبێ حوکمەکانی ماددەی (٣٩) ی ئەم یاسایە ڕەچاو بکەن.

٢–بۆئەوەی کجیابوونەوە ڕەزامەندیانەکە ڕاستو دروست بێ، دەبێ مێردەکە لێهاتووی (أهلية) تەلاّقخستنی هەبێت، هەروەها ژنەکە دەبێت ناوەڕۆکی (محل) ئەوەبێ، لەو حاڵەتەشدا تەلاّقی جوداکەر (بائن) لە ژنو مێردەکە دەکەوێ.

٣–مێرد بۆی هەیە لە ژنەکەی جودا بێتەوە لە بڕی بەرامبەرێکی زۆر یان کەمتر لە مارەییەکەی)).

ئەوەی شایەنی باسە، لێکجیابوونەوەی ڕەزامەندیانە بە مانای ڕامالّینو لابردن دێ، واتە لابردنو ڕامالّینی پەیوەندی ژنو مێردایەتی لە بڕی بەرامبەرێك کە ژنەکە دەیگرێتە ئەستۆی خۆی.

بۆ نموونە، مێردێك بە ژنەکەی دەڵێ: بە خوایشت لێت جیادەبمەوە بەرامبەر یەك ملیۆن دینار، ژنەکەش دەڵێ قەبووڵمە.

لەم دەقەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بۆ کجیابوونەوەی ڕەزامەندیانە سێ مەرج پێویستە هەبێ کە ئەمانەن:

١-بەکارهێنانی لەفزی جیابوونەوەی ڕەزامەندیانە (التفریق الاختیاري) یان هەر لەفزێکی تر کە ئەو مانایە بدات بە دەستەوە وەکو لەفزی گەردەن ئازادکردن (الابراء).

٢-نواندنی ڕەزامەندی لەلایەن هەردوو لاوە.

٣-دەبێ کجیابوونەوە ڕەزامەندییەکە لەسەر بڕێك دارایی بێت، ژنەکە دەیداتە مێردەکە. بەبێ بژاردنی ئەم بەرامبەرە لە لایەن ژنەوە جیابوونەوەکە بە جیابوونەوەی ڕەزامەندیانە لە قەڵەم نادرێ، هەرچەندە لەفزی ڕەزامەندیانەش بەکارهاتبێ.

ئەگەر ڕوداوی جیابوونەوەکە ئەم سێ مەرجانەی سەرەوەی تیا بوو، ئەوا لێکجیابوونەوەکە بە جۆری جیابوونەوەی ڕەزامەندیانە دادەنرێت‌و دەرئەنجامە یاساییەکەشی ئەمەی خوارەوە دەبێ.

أ-کەوتنی تەلاق.

ب-جۆری تەلاکە جوداکەر (بائن) دەبێ.

ج-ئەو بەرامبەرەی کە ژن‌و مێردەکە لەسەری ڕێککەوتوون دەکەوێتە ئەستۆی ژنەکەو دەبێ بیداتە مێردەکە.

جیابوونەوەی دادەوەری (التفریق القضائي)

یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ ماددە(٤٠) ی بۆ جیابوونەوەی دادەوەری تەرخانکردووەو مافی داوە بە هەریەکێك لە هاوسەرەکان (ژن‌و مێرد) داوای جیابوونەوە بکەن لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

أ- جیابوونەوە بەهۆی زیان پێگەیشتن

بەپێی بڕگەی یەکی ماددە(٤٠) ی یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ هەردوو هاوسەر (ژنو مێرد) بۆیان هەیە لە ڕێگای دادگاوە دەست لە یەکتری بەربدەن، ئەگەرهاتوو یەکێك لەو مەرجانەی بڕگەی (١،٢،٣،٤،٥)ی ماددەی ناوبراو لەئارادابوو.

بەپێی بڕگەی یەك لە ماددەی ناوبراو ئەگەر یەکێك لە دوو هاوسەرەکان زیانی بە ئەوی تر گەیاند بە مەرجێك ئەو زیان پێگەیاندنە ببێتە بەربەستێك لە بەردەم ژیانی ژنو مێردایەتیەکە، ئەوا هاوسەرە زیان پێگەیشتووەکە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بەهۆی ئەم زیان پێگەیشتنە بۆ دادگا بەرزبکاتەوەو بڕیاری دادگاش لەم بارەیەوە کۆتاییە.

بۆ نموونە، ئەگەرهاتوو پیاوێك تۆمەتی داوێن پیسی بخاتە پاڵ هاوسەرەکەی وەیان پێی بڵێ تۆ دۆستت هەیە وەیان پێی بڵێ تۆ کچ نیتو پەردەی کچێنیت نەماوە، ئەمەو هەر تۆمەتێکی تر لەو بابەتانە ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەو هاوسەرە بۆی هەیە دوای سەلماندنی پاکی خۆی لەو تۆمەتانەی کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بۆی هەڵبەسترابوو ڕوو لە دادگا بکاتو داوای جودابوونەوە بەهۆی ئەو زیانە لە هاوسەرەکەی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دادگا دوای گوێگرتن لە ناوبژیوانان کە لەلایەن ئەوەوە بۆ لەیەك نزیك بوونەوەی هەردوو هاوسەر لە یەکتریو ڕوونکردنەوەیو دیارکردنی کەمتەرخەمی هەرلایەك لە لایەنە ناکۆکەکان دادەندرێ ئەوا بڕیار لەسەر جیابوونەوەکە دەدات، بۆ نموونە لە حاڵەتەکەی پێشوو ئەگەرهاتوو ئافرەتەکە بۆ دادگای سەلماند لە ڕێگای لیژنەی پزیشکی داد (طب عدلي) و ڕاپۆرتی پزیشکی کە پەردەی کچێنی ماوەو خۆی نەدۆڕاندووە ئەوا دەبێتە خاوەن مافو داواکەی پەسند دەکرێت، وە بە پێچەوانەشەوە ئەوا داواکەی ڕەت دەبێتەوە.

لەڕاستیدا، ئەگەرهاتوو پیاوەکە لەلایەن دادوەری سزادان بەردراو هیچ تۆمەتێکی سزایی نەخرایە پاڵ بەهۆی نیازپاکی نزمی ئاستی خوێندنو پلەی ڕۆشنبیری هاوسەرەکە ئەوە نابێتە هۆیەك بۆ ڕەتکردنەوەی داوای ئافرەتەکە بۆ جیابوونەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە ژنەکە سەرەڕای بەرەڵلاّ بوونو ئازادبوونی مێردەکەی لەو تۆمەتە بۆی هەیە سووربێت لەسەر داوای جیابوونەوە، چونکە ئەو تۆمەتەی مێردەکەی خستوویەتە پاڵی، بێگومان زیانێکی زۆری بە شەرەفو نامووسی ئەو ژنە گەیاندووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ پێدانی ئەم مافە پێی.

بەهەرحاڵ، جیابوونەوەی دادگەیی بەهۆی زیان پێگەیشتن بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی ناوبراو جیابوونەوەی جوداکەرە (بائن)و جۆرەکەشی جووداکەری بچووکە(بینونة صغری) واتە هەردوو هاوسەر بۆیان نیە بەبێ ڕێککەوتنێکی نوێ بچنەوە لای یەك.

ئەمەی خوارەوە دەقی بڕگەی یەك لە مادده (٤٠)ی یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ یە سەبارەت بە جیابوونەوە بەهۆی زیان پێگەیشتن: ((هەریەکێك لە هاوسەرەکان بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات ئەگەرهاتوو یەکێك لەو هۆیانەی خوارەوە لە ئارادا بوو:

١-ئەگەرهاتوو یەکێك لە هاوسەرەکان زیانی بەوەی تر گەیاند، زیانێك بەردەوام بوونی ژیانی ژنو مێردایەتی لەگەڵدا زەحمەت بێت)).

هەروەها لە مادده (٤٥)ی هەمان یاسادا هاتووە: ((جیابوونەوە لەو حاڵەتانەی کە لە مادده(٤١،٤٢،٤٣) دا هاتووە جیابوونەوەی جووداکەری بچووك دەبێ)).

ئەوەی شایەنی باسە، لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (٢٨)ی یاسای ناوبراودا پێناسەی جیابوونەوەی جووداکەری بچووك کراوەو تیایدا هاتووە: ((جووداکەری بچووك ئەو

حاڵەتەیە کە تیایدا ڕێگا بە مێردەکە دراوە ژنە تەڵاق دراوەکەی بە ڕێکەوتنێکی تری نویٚ بهێنێتەوە)).

ب- جیابوونەوە بەهۆی خیانەتی هاوسەرێتی

خیانەتی هاوسەرێتی (الخيانة الزوجية) بەو حاڵەتە دەوترێ کە تیایدا یەکێك لە هاوسەرەکان داوێن پیس بێتو لەگەڵ کەسانی تر جووت بێت.

ئەوەی شایەنی باسە، زاراوەی خیانەتی هاوسەرێتی لە ساڵی ١٩٨١ لە ئاکامی حەوتەمین گۆڕانکاری لە یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەمین جار خرایە سەر ماددەی (٤٠) لە یاسای ناوبراو وەك هۆیەك لە هۆیەکانی جیابوونەوەی دادگەیی.

پێش ئەم گۆڕانە زاراوەی داوێن پیسی (زنا) بەکاردەهات لەکاتێکدا ئەگەر ژنەکە لەماڵەوە وەیان لە دەرەوە ئەم داوێن پیسییەی بکردبایە دەبووە هۆیەك لە هۆیەکانی جیابوونەوەی دادگەیی کەچی ئەگەر پیاوەکە لە دەرەوەی ماڵی خۆی ئەم کارەی ئەنجام بدابا بە داوێن پیس لە قەڵەم نەدەدراو ژنەکەشی بۆی نەبوو بەم بیانووە داوای جیابوونەوە لە دادگا بکات.

لەبەر ئەم هۆیەو بۆ نەهێشتنی ئەم کەموکوڕییە لە یاسای ناوبراودا یاسادانەر لە حەوتەمین هەمواریدا زاراوەی خیانەتی هاوسەرێتی لەجیاتی زینا بەکارهێناو بەم پێیە ژن وەیان پیاو ئەگەر داوێن پیسی بکات واتە سێکسکردن لەگەڵ کەسانی تر لە ماڵەوە وەیان لە دەرەوەی ماڵی خۆیان ئەوا بۆ هاوسەرە زیانپێگەیشتووەکە هەیە داوای جیابوونەوە لە هاوسەرە داوێن پیسەکەی بکات لەبەر ئەم هۆیە.

لە ڕاستیدا ئامادەبوونی ژن لەگەڵ پیاوی بێگانە لە ژووری خەوتن بەسە بۆ خستنە پاڵەوەی تاوانی داوێن پیسی بۆی، بۆیە سەرەڕای ئازادکردنی ژنەکە لە

لایەن دادوەری لێکۆڵینەوە لەبەر ئیکتیفا نەبوونی بەڵگەکان بۆ حوکمدانی ژنەکە بە تاوانی زینا بەپێی ماددەی (٣٧٧) ی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٨ پیاوەکە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بۆ دادگا بەرزبکاتەوەو بەهۆی خیانەتی هاوسەرێتی دەستی لێ بکاتەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی ماددەی (٤٠)ی یاسای باری کەسی عیراقی ناوبراوە سەبارەت بە جیابوونەوەی دادگەیی بەهۆی خیانەتی هاوسەرێتییەوە.:

((١-ئەگەرهاتوو یەکێك لە هاوسەرەکان زیانی بە هاوسەرەکەی تر گەیاند، زیانێك کە بەردەوام بوونی ژیانی ژنو مێردایەتی لەگەڵیدا زەحمەت بێت.

٢-ئەگەر هاوسەرەکەی تر خیانەتی هاوسەرێتی کرد وە بە خیانەتی هاوسەرێتی دادەندرێ ئەنجامدانی کرداری لوواتە (اللواط) لەلایەن مێردەکەوە بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان. مەبەستمان ئەوەیە چ مێردەکە منالبازی بکات یان ئەوکردارە لەگەڵ ژنەکەی خۆی بکات بەبێ ڕەزامەندی ئەو.

هەڵوێستی یاسادانەری کوردستانی:

پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠١ لە ماددەی دووەمیدا حوکمی بڕگە/٢ ی ماددەی/٣٧٧ ی یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراوی لەکارخستووەو[1]

---

[1] - ئەمەش دەقی ماددە/٣٧٧ی یاسای سزاکانی عیراقی یە: ((١- ژنی داوێن پیس هەروەها ئەو کەسەش کە داوێنپیسی لەگەڵدا کردووە بە حەپسکردن سزا دەدرێنو ئەگەری ئەوە دەکرێ کە تاوانبار زانیویەتی کە ژنەکە

سزای مێردی داوێنپیس‌و ئەو ئافرەتەی كەداوێنپیسییەكەی لەگەڵ كردووە هاوتا كردووە لەگەڵ سزای ژنی داوێنپیس‌و ئەو پیاوەی داوێنپیسییەكەی لەگەڵ كردووە، كە ئەمەش دەقەكەیەتی: ((مێردی داوێن پیس (الزاني)و ئەو ئافرەتەش كە داوێن پیسییەكەی لەگەڵ كردووە. هەر بەو سزایە حوكم دەدرێن كە لە بڕگە (١)ی ماددەی (٣٧٧)ی یاسای سزاكانی ژمارە (١١١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٦٩)دا هاتووە))[١].

ج- جیابوونەوە بەهۆی بەجێهێشتن

بەپێی بڕگەی یەكەم -دوو- لە ماددەی (٤٣) ی یاسای باری كەسیی عێراقی كارپێكراو ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە مێردەكەی بكات ئەگەهاتوو هاوسەرەكەی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بەبێ عوزری شەرعی بەجێی هێشتبێت كە ئەمەش دەقەكەیەتی: ((یەكەم: ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بكات ئەگەرهاتوو یەكێك لەم هۆیانەی خوارەوە لەئارادا بوو:

١-ئەگەر مێردەكە سزایەكی ئازی ستێن درا بۆ ماوەی سێ ساڵ‌و زیاتر هەتا ئەگەر دەرامەتێكی واشی هەبێت ژنەكەی بتوانێت لێی خەرج بكات.

٢-ئەگەر مێردەكە ژنەكەی بۆ ماوەی دوو ساڵ‌و پتر بەبێ هۆیەكی شەرعی بەجێ هێشت، هەتا ئەگەر شوێنی نیشتەجێ بوونی مێردەكە دیاربوو دەرامەتێكی واشی هەبێت كە ژنەكە بتوانێت لێی خەرج بكات....)).

هاوسەرگیرە مەگەر ئەوە بسەلمێنێ كە بەعیچ شێوەیەك لەتوانایدا نەبووە ئەوە بزانێ. ٢- مێرد هەمان سزای بەسەردا دەسەپێندرێت ئەگەرهاتوو لە شوێنی حەوانەوەی هاوسەرەكەی داوێنپیسی بكات)).

[١] - بڕوانە ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠١/٨/١.

لەم دەقەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەجێهێشتنی ژن لەلایەن مێردەکەیەوە دەبێتە هۆی جیابوونەوە.

بەم پێیە ئەو ژنەی کە مێردەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بەبێ عوزری شەرعی بەجێی هێشتبێت بۆی هەیە ڕوو لە دادگا بکاتو داوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی لە دادگا بکات. ئەمەو دیاربوونی جێگاو ڕێگای مێردەکە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێتو نابێتە بەربەستێك لەبەردەم مافی ژنەکە بۆ ئەم جیابوونەوەیە.

زیاتر لەمەش بوونی پارەو پووڵو سوود وەرگرتنی ژنەکە لە پارەو پووڵی مێردەکەی لەو ماوەیەدا دیسان هیچ گرفتێك بۆ مافی ژنەکە دروست ناکات.

کەواتە ئەگەرهاتوو پیاوێك ژنی خۆی بەجێ بهێڵێ هەرچەندە شوێنی دانیشتنەکەی دیاربێتو لە هەمان شاری دانیشتنی ژنەکەی بێت بە تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ئەم بەجێ هێشتنە مافی داوای جیابوونەوە بە ژنەکەی دەبەخشرێتو ژنەکەی بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە دادگا بکات هەروەها داوای بژێوی ژیانی بکات بۆ ماوەی ڕابردوو .

شایەنی باسە، ئەگەرهاتوو مێردەکە لە ماوەی بەجێهێشتنەکەدا جاروبار سەردانی ژنەکەی کردبێت بەڵام ئەم سەردانەی لەلایەن ژنەکەیەوە پەسند نەکرابێتو لە ماڵەوە دەرکرابێت بەهۆی ئامادەنەکردنی ماڵی شەرعی لەلایەن مێردەکەوە نابێتە هۆی بە درۆخستنەوەی بەجێهێشتنەکە چونکە پێویستە لەسەر پیاوەکە ماڵی شەرعی بۆ ژنەکەی ئامادە بکات ئەوجا داوای گەڕانەوە لە ژنەکەی بکات وە بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ مێردەکە بڕیاری دادگای بۆ گوێ ڕایەڵی (مطاوعة)

بەدەستەوە بێ ئەوجا دەتوانێ داوای پچڕاندنی ماوەی بەجێهێشتنەکە (قطع الهجر) بکات.

بەهەر حاڵ، جیابوونەوە بەهۆی بەجێهێشتن بەپێی بڕگەی یەك لە ماددەی ناوبراو بە پاڵ پشتی ماددەی چلو پێنج لە هەمان یاسادا دەردەچێ.

وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جیابوونەوەکە جووداکەرەوەی بچووکە (بینونە صغری) واتە مێردەکە تەنها تەلاقێکی دەکەوێتو بۆی هەیە بەپێی ڕێککەوتنێکی نوێ ژنەکەی بۆ لای خۆی بگەڕێنێتەوە.

د- جیابوونەوە بەهۆی ژن بەسەرهێنان

ژن بەسەرهێنان بەپێی یاسای باری کەسیی عیراقی کارپێکراو پێش هەموارکردنی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٧٨ شتێکی ئاساییو ڕەوا بوو بۆ پیاو، بەلاّم دوای ئەم گۆڕانکارییەی لە ١٩٧٨/٢/٢٠ کە بە سەریداهات بووە هۆیەك لە هۆیەکانی لێکجیابوونەوەو مافی داوای جیابوونەوەی بە ژن بەخشی.

بۆیە بەپێی بڕگەی/٥ لە ماددەی (٤٠) لە یاسای ناوبراو ژن بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات ئەگەرهاتوو بەبێ ڕەزامەندی ئەو وەیان دادگا ژنی بەسەرهێنا. ئەمەش دەقەکەیەتی:((هەریەکێك لە هاوسەرەکان بۆیان هەیە داوای جیابوونەوەو دەستلێکبەردان بکەن ئەگەر هۆیەك لەم هۆیانەی خوارەوە لە ئارادا بوو:

٥-ئەگەر مێردەکە ژنی دووەمی بەبێ ڕەزامەندی دادگا هێنابێت، لەو حاڵەتەشدا ژنەکە مافی بەرزکردنەوەی داوای سزایی نییە بەپیی بڕگەی (١)ی بەندی (أ) لە

ماددەی سێیەم لە یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ پشت بەستوو بە بڕگەی (٦) ی ماددە (٣) ی ئەم یاسایە)).

ئەوەی شایەنی باسە، ئەگەر جیابوونەوەکە بەپێی ئەو ماددەیەی سەرەوە ئەنجام درا ئەوا بە جیابوونەوەی جووداکەرەوەی بچووك هەژمار دەکرێت‌و بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٤٥) لە هەمان یاسادا، واتە دەبێ ژنەکە سێ خاوێنی لە دوای بێنوێژییەکانی ببینێ ئەوجا بۆی هەیە بە ڕێکەوتن‌و مارەییێکی نوێ بچێتەوە لای مێردەکەی. ئەمەش دەقەکەیەتی: ((جیابوونەوە لەو حاڵەتانەدا کە لە ماددەکانی (٤٣،٤٢،٤١،٤٠) هاتووە بە جیابوونەوەی جوداکەرەوەی بچووك دادەندرێ)).

لە ڕاستیدا، یاسادانەری عێراقی هەر بەمەندە نەوەستاوە بەڵکوسزاشی بۆ ئەو هاوسەرە داناوە کە بەبێ ڕەزامەندی ژنەکەی وەیان ڕەزامەندی دادگا ژن بەسەر هاوسەرەکەی دابێنێ. بۆیە بەپێی ب بۆگەی شەش لە ماددەی (٣) ی یاسای ناوبراو ئەو پیاوەی پێچەوانەی بڕگەی (٤،٥) لە ماددەی ناوبراو ژنی دووەم بهێنێ ئەوا بە بەندی نشین بۆ ماوەیەك سزا دەدرێ کە لە ساڵێك زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەك کە لە سەد دینار زیاتر نەبێت وەیان بە هەردووکیان سزا دەدرێت.

هەرچەندە بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٣) بڕگەی (٦) ئەو هاوسەرەی ژنی دووەم بەبێ ڕەزامەندی دادگا بهێنێ سزای لەسەر دەبێ بەڵام ئەم حوکمە ڕەها نیە، بەڵکو پابەندی شتێکی ترە ئەویش ئەوەیە کە ئایا ژنەکە داوای سزادانی مێردەکەی کردووە یان داوای جیابوونەوەی کردووە؟ یان داوای هەردووکیانی کردووە؟

لە ڕاستیدا، ژنەکە بۆی نیە سوود لە هەردوو مافە لە یەك کاتدا ببینێ، بەڵکو دەبێ تەنها یەکێکیان بۆخۆی هەڵبژێرێ، بۆیە ئەگەرهاتوو ژنەکە داوای

جیابوونەوەی بۆ دادگا بەرز کردبۆوە، بەهۆی ژن بەسەرهێنان، ئەوا بۆی نیە داوای سزادان بۆ دادگا لەبەر هەمان هۆ بەرزبکاتەوە.

هەروەها ئەگەرهاتوو داوای سزادانی بۆ دادگا بەرزکردبێتەوەو دوایش داوای جیابوونەوەی کردبێت ئەوا لەوحاڵەتەدا دەبێ دادگا داوا سزاییەکەی ڕەت بکاتەوە.

بەرزکردنەوەی داوای سزایی بەپێی ماددەی (٣) بڕگەی (أ) لە یاسای دادبینی سزایی ژمارە (١٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ تایبەتە بە ژنەکەوە یان ئەو کەسەی بەپێی یاسا جێگای دەگرێتەوە.

واتە تەنها ژنەکە بۆی هەیە ئەم داوایە بۆ دادگا دژی مێردەکەی بەرزبکاتەوەو کەسی تر ئەو مافەی نیە مەگەر بەپێی یاسا نەبێ.

شایەنی ووتنە، بەپێی بڕگەی (٧) لە ماددەی (٣) لە یاسای باری کەسی عیراقی ناوبراو پیاو دەتوانێ لە ژنێك زیاتر بهێنێت ئەگەرهاتوو مەبەست لە ژن هێنانەکەی هێنانی بێوەژنێك بێت. هەروەها ئەگەرهاتوو پیاوەکە دەستی لە ژنی دووەم بەردا ئەوا ژنی یەکەم بۆی نیە داوای لێکجیابوونەوە لە مێردەکەی بکات.

هەڵوێستی یاسادانەری کوردستانی:

پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠١حوکمێکی پێچەوانەی یاسادانەری عیراقی داوە لەبارەی ژن بەسەرهێنانەوەو سزای سێ تا پێنج ساڵی بۆ پیاوی سەرپێچیکار بڕیوەتەوە بەپێی ماددەی یەکەم کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((هەروەها لەجیاتی سەرپشککردنی ژن بۆ هەڵبژاردنی بژاردەیەك لەو دوو بژاردەیە (جیابوونەوە بەهۆی ژن بەسەرهێنان یان سزادانی مێردەکەی)،

مافی ئەوەی پێ داوە كە داوای هەردوو بڕاردە لە دادگا بكات، واتە داوای جیابوونەوە لە مێردەكەی بكاتو لە هەمان كاتیشدا داوای سزادانیشی بكات بەو هۆیەوە))[1]. ئەمەو بە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای ژمارە ١٨٩ی ساڵی ١٩٨٠ ی عیراقی لەكار خستووە كەتایبەتە بە ڕێگادان بە مێرد كە ژنی دووەم بەبێ ئیزنی دادگا بهێنێ ئەگەر بێوەژن بێت))[2].

هـ- وەرگرتنی حوكمی دادگا بۆ خستنی تەڵاق یان تۆماركردنی

یاسادانەری عێراقی لە بڕگەی یەكەم لە ماددەی ٣٩ی یاسای باری كەسیدا جەختی كردۆتەوە لەسەر دەسەڵاتی دادگا لە سەر خستنی تەڵاقو تۆماركردنیدا كە ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی:

((١- هەركەسێك بیەوێت ژنەكەی تەڵاق بدات پێویستە داوایەك لە دادگای باری كەسێتی بەرزبكاتەوەو تیایدا داوای كەوتنی تەڵاقەكە بكاتو بڕیاری دادگای لەسەر وەربگرێت. ئەگەر نەتوانێت سەر لە دادگا بدات، پێویستە تەڵاقدانەكەی لەماوەی عیددەدا لە دادگا تۆمار بكات)).

گومانی تیانیە، مەبەستی یاسادانەر لێرەدا ئاراستەكردنی هاوڵاتیانە بۆ خۆبەدوورخستن لە خستنی تەڵاق لە دەرەوەی دادگا، چونكە لەوانەیە لە ئەنجامی پاڵپەستۆیەكی نائاسایی یان تووڕەبوون یان بەبێ مەبەست ئەم كارە ئەنجام بداتو لە ئاكامیشدا پەشیمان دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە ڕوو لە

---

[1] - بڕوانە ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠١/٨/١
[2] - بڕوانە ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠١/٨/١

دادگا بکات ڕەنگە ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەر بووە لەگەڵ تووڕەبوونەکەشی کەم بێتەوە یان نەمێنێ‌و لە بڕیاری تەلاقەکەی پەشیمان بێتەوە، بە پێچەوانەشەوە سوربون لەسەر تەلاقدان نیشانەی ئەوەیە کە مەبەستییەتی کۆتایی بەو پەیوەندییە هاوسەرگیرییە بهێنێن جا لەبەر هەر هۆیەك بێت.

هەرچەندە لێرەشدا تا ڕادەیەك دادگا ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی خۆی دەبینێت لە پەشیمانکردنەوەی مێردەکەو درێژکردنەوەی ئەو پەیوەندییە هاوسەرگیرییە بە درێژەپێدانی دانیشتنەکانی دادگاو هێنانە ناوەوەی ناوبژیوانان‌و توێژەری کۆمەلاتی بۆ نێوانیان.

سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆز
٢- د . احمد على و الآخرون : شرح قانون الاحوال الشخصية ، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى ، ط/١، سنة ١٩٨٠.
٣- د . عبد الرحمن الصابونى : شرح قانون الاحوال الشخصية الورى ، مديرية الكتب الجامعية ، بلا سنة الطبع.
٤- فريد فتيان: شرح قانون الاحوال الشخصية، ط / ٢، دارواسط ، لندن ١٩٨٦.
٥- نظام الدين عبدالمجيد، احكام الاسرة في فقه الاسلامي، احكام النكاح، ط/١، مطبعة جامعة يغداد، ١٩٨٦.
٦- د . عبدالرزاق النسنهوري : الوسيط، ج/١
٧- د.عبدالمجيد الحكيم واخرون: الوجيزفي نظرية الالتزام في القانون المدني العراقي، ج/١، منشورات جامعة بغداد، ١٩٨٦.
٨- المستشار حاتم صبحي الأرناؤوطي: موسوعة الأذونين الشرعيين والموثقين المنتدبين، منشورات دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠١٠.
٩- محمد مصطفى شلبي: احكام الاسرة في الاسلام، ط/١، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٧
١٠- د.مصطفى السباعي: شرح قانون الاحوال الشخصية، ج/١، الزواج وانحلاله، دار الوراق للنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠١
١١- البروفيسور الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي: الطلاق مرتان في تفاسير القرآن، ط/٣، ٢٠١١
١٢- الدكتور مصطفى الزلمي: الطلاق المقترن بالعدد لايقع به الا طلقة واحدة، بلا جهة النشر وسنة النشر

١٣- دکتۆر موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: کاروانی ژیانم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.
١٤- یاسای باری کەسی عیراقی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو.
١٥- یاسای شارستانی عیراقی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١.
١٦- یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراوە
١٧- مجلة الاحكام العدلية ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٧٨
١٨- مجلة الاحكام العدلية ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٧٥
١٩- مجلة النشرة القضائية ساڵی ١٩٧٢
٢٠-(الوقائع العراقية) ژمارە ٢٧٥٨ ڕۆژی ١٩٨٠/٢/٢٥
٢١- ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠١/٨/١



ژیاننامەی
پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا

پۆستی ئەلیکترۆنی: dr.kamal_56@yahoo.com

ژمارەی تەلەفۆن: 1658 449 770 964 +

ناونیشانی ماڵ: گەڕەکی ڕاستی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، کۆماری عێراقی فیدراڵ.

ساڵو شوێنی لە دایك بوون: ١٩٥٦/٧/١ هەولێر

شوێنی وەزیفە: زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر/ کۆلێژی یاساو ڕامیاری

مەرکەزی وەزیفی: مامۆستا

نازناوی زانستی: مامۆستا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٩/١٠ بەپێی فەرمانی زانکۆیی کە دەرچووە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر ژمارە ٢٥٢٣/١/١ لە ٢٠٠٣/٥/٣.

نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٩/١٠ بەپێی فەرمانی زانکۆیی کە دەرچووە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر ژمارە ١٧٢١٤/١/١ لە ٢٠٠٧/٩/٢٢.

نازناوی زانستی ئێستای: پرۆفیسۆر لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٧/٢٠ بەپێی فەرمانی زانکۆیی کە دەرچووە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر ژمارە ٩٧٨٠/١/١ لە ٢٠١٤/٧/٢٣.

دوا بڕوانامە: دکتۆرا .

ناونیشانی تێزی دکتۆرا: (چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا).

ولآتو زانکۆ کە بڕوانامەی پێ بەخشیوە: زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر/ کوردستان/ عێراق لە ٢٠٠٣/٧/٧

پسپۆری گشتی: یاسای گشتی

پسپۆری ورد: یاسای نێودەوڵەتیو دەستووری.

مێژووی دامەزران: بۆ یەکەم جار لە ١٩٧٦/٦/١٣ تا ساڵی ١٩٩٠ دواتر خانەنشین بووە. دواتر جارێکی ترگەڕاوەتەوە وەزیفەو لە کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە ١٩٩٦/٤/٢٥ بە ناونیشانی مامۆستای یاریدەدەر دامەزراوەتەوە.

شوێنو مێژووی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس: زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر/ کوردستان/ عێراق لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٩/١٩٨٨ .

ناونیشانی ماستەرنامە: حق الملكية الادبية والفنية في القانون العراقي والمقارن.

شوێنو مێژووی وەرگرتنی: زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر/ کوردستان/ عێراق لە ١٩٩٦/٥/٢١.

ئەو پۆستانەی وەریگرتوون:

- بڕیاردەری بەشی یاسا
- بەرپرسی یەکەی توێژینەوە لە ٢٠٠٣/٨/١٧.
- سەرۆکی بەشی یاسا (بەیانیانو ئێواران) لە ٢٠٠٥/٥/٤ تاکو ٢٠٠٧/٥/٢٥.
- ڕاگری کۆلێژی یاسا لە ٢٠٠٦٩/٢/١٢ تاکو ٢٠٠٦/٧/٢٨.
- ڕاگری کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە ٢٠٠٦/٧/٢٨ تاکو ٢٠٠٨/٥/١٥.

- ڕاگـری کۆلێـژی پــەروەردە بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان لـە ٢٠٠٨/٢/١٥ تـا ٢٠١٠/٨/١٠.

ئەو لیژنانە زانستیانەی بەشداری تیا کردووە:

- لیژنەی خوێندنی بالاَ .
- لیژنەی ئەزموونەکان.
- لیژنەی بەخشینی پلەی زانستی.

ئەو کۆنفرانسە زانستیانەی بەشداری تیا کردووە:

- یەکەم کۆنفرانسی خوێندنی باڵای زانکۆکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن‌و سیستمی خوێندن.
- دووەم کۆنفرانسی خوێندنی باڵای زانکۆکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن‌و سیستمی خوێندن.
- کۆنگرەی ئاو (هەولێر ١٤-١٤ مایس ٢٠٠١) سەنتەری برایەتی بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی فاو.
- کۆنگرەی یەکەمی ڕاگرەکانی کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆکانی عێراق بۆ دیراسەکردنی خوێندنی یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی (بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی خاچە سووری نێودەوڵەتی لە ئوردن- عەمان بەسترا) .
- کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری ئازاد لە پێناوی عێراقی نوێدا لە هۆتێلی تاوەری هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٧-٢٩/٤/٢٠٠٥ بەسترا.
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان لە شاری هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٧-٢٨/١١/٢٠٠٤ بەسترا.

- کۆنگرەی مافپەروەرانی کۆماری عێراق لە شاری هەولێر لە سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین لە ساڵی ٢٠٠٤ بەسترا.
- کۆنگرەی دەستوورو ریفراندۆم لە شاری هەولێر لە رێکەوتی ٢٠٠٥/٩/٢٧ بەسترا.
- کۆنگرەی زانستی لە پێناو گەشەپێدانو سەقامگیرکردنی زمانی کوردی لە هەولێر لە رێکەوتی ٢٠٠٥/٧/١٥ بەسترا.
- یەکەم کۆنگرەی وەزارەتی کشتوکتڵی هەرێمی کوردستانی غێراق بۆ دانانی پلانی ستراتیژی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەولێر لە رێکەوتی ٣٠حوزەیران تا ١ تەموزی ساڵی ٢٠٠٧ بەسترا.
- کۆنفرانسی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان لە هۆڵی هوتێتی خانزاد لە تەموزی ساڵی ٢٠٠٧.
- کۆنفرانسی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی غێراق بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان هەولێر هوتێلی هەولێر پلازا – ١٧–١٨ تشرینی یەکەمی ٢٠١٢.

- **Human Rights Protection Training Agenda (May – 2001) Erbil**
- **Iraq –First Higher Education Conference In Kurdistan Region Erbil 21-23 APRIL 2001**
- **Conflict Resolution Curriculum Development Workshop University of Duhok 10-14 august 2003**

ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری یاسابە زمانی کوردی:

- لێکدانەوەی یاسای بەکرێدان.
- چەمکی ماف – چاپی یەکەم + چاپی دووەم.
- چەمکی یاسا.
- حقوق المؤلف.
- یاساو ماف.
- مافی دانەر – وەرگێڕان، هاوبەش.
- دەسەڵاتی چوارەم.
- یاسای ڕۆژنامەگەری.
- چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا.
- یاسای ڕۆژنامەگەری
- ئازادیی ڕۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە.
- ئازادیی ڕۆژنامەگەری، ڕای گشتیو دیموکراسییەت.
- تاوانەکانی ڕۆژنامەگەری.
- فەلسەفەو یاسا لە چەند وتارێکدا.

ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری یاسابە زمانی عەرەبی:

- الملكية الادبية والفنية.
- حقوق الانسان في المذاهب الفكرية.
- حقوق الانسان ومعاييرها الدولية.
- حقوق الانسان بين المواثيق الدولية و المذاهب الفكرية.

- حقوق الانسان.
- السلطة الرابعة.

ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری ئەدەبو ڕۆشنبیریدا:

- شەش کورتەچیرۆکی کوردی – هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشید.
- ون بوون – کۆمەڵە چیرۆك.
- دەرگا – کۆمەڵە چیرۆك.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان – رۆمان.
- ترحێو – کۆمەڵە چیرۆك.
- فەنتازیا– کۆمەڵە چیرۆك
- هونەر نیگار کێشانی منالآن.
- چەند وێستگەیەك.....ژیانو بیرەوەری

توێژینەوە زانستییە بلاْوکراوەکانی:

- ئازادیی ڕۆژنامەگەری، ڕای گشتیو دیموکراسییەت– گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە ٢٥ پاییزی ٢٠٠٢.
- ئازادیی ڕۆژنامەگەریو ئەخلاقی پیشە– گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە ٢٧ لە بەهاری ٢٠٠٣.
- حقوق الانسان ومعاییرها الدولیة – گۆڤاری یاساو ڕامیاری ساڵی دووەم کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤.
- حقوق الانسان في المذاهب الفکریة– گۆڤاری تەرازوو ساڵی ٢٠٠٥.

- دراسة شرعية وقانونية للقوانين الحديثة الصادرة عن برلمان كوردستان العراق بصدد المرأة وتنظيم الاسرة الكوردستانية– بحث مشترك، گۆڤاری تەرازوو ساڵی ٢٠٠٥.
- سلطة الصحافة– گۆڤاری تەرازوو ژمارە ٣٦–٣٧ ساڵی ٢٠١٠.
- دور النفقات العامة في تنمية اقليم كوردستان– بحث مشترك
- حق الرد وحق التصحيح في المطبوعات الدورية، گۆڤاری (الحقوق) زانكۆی (البحرين) دەریدەكات، جلدی ١١ ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٤.
- مجلس الامن الدولي ودوره في تسوية النزاعات، گۆڤاری (زانكو) زانكۆی (جامعة صلاح الدين – اربيل) دەریدەكات، ژمارە ٥٨ ساڵی ٢٠١٤ .

ئەندامی ئەم كۆمەڵەو ڕێكخراوانەیە:

–یەكێتی مافپەروەرانی كوردستان.

–یەكێتی نووسەرانی كورد لقی هەولێر.


–سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان.

–الجمعية العراقية لحقوق الانسان.

–سەندیكای هونەرمەندانی عیراقی.

تێبینی: سەرپەرشتی لەسەر حەوت ماستەرنامەو سێ ئەتروحەی دكتۆرا كردووە لە بواری یاسادا، هەروەها بەشداری كردووە لە لیژنەی تاوتوێكردنی زیاتر لە سی ماستەرنامەو تێزی دكتۆرا لە بواری یاسادا وەك سەرۆكی لیژنە یان ئەندام لیژنە.

درەختی خانەوادەی دانەر[1]:



[1] تێبینی: ئەم درەختە بە دەسکاریەوە لە کتابی (هۆزی نانەکەلی) دانانی لوقمان فاروق حسن نانەکەلیو ئاری فاروق حسن نانەکەلی، چاپخانەی مێگا– ئەستەنبۆل– تورکیا، ٢٠١٤ وەرگیراوە.

پێرســـــت